تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری

چەند لایەنێکی ونبوو لە مێژووی کورد

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى . عربي . فارسي)

چەند لایەنێکی ونبوو لەمێژووی کورد

نووسینی
عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری-خۆشناو

چاپی یەکەم
٢٠٠٢

ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك

ناوی کتێب: چەند لایەنێکی ونبوو لەمێژووی کورد

نووسینی: عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری-خۆشناو

تایپ و مۆنتاژ: هەردی وەهبی

نەخشەسازی بەرگ: بازیان جەلال

چاپ: کاروان ئەحمەد-عەتا مەحمود

چاپی یەکەم: چاپخانەی خاك/ سلێمانی-٢٠٠٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردنی (٥١٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

ناونیشان: کوردستان-سلێمانی

ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك

گەڕەکی شۆڕش-خوار پارکی ئازادی

تەلەفۆن: ٣١٢٤١٣٤-٣١٣٠١٠٠

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

پێشکەشە بە

گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی لەپێناوی گەل و نیشتماندا گیانیان بەخشیە کورد و خاکی کوردستان.

ناوەڕۆك

لاپەڕە

پێشەکی ٧

-ڕوونکردنەوەیەك ١١

-وشەی ئاری ١٤

-هۆز و نەوەکانی ئاری ١٤

-هۆزەکانی ماد ١٩

-سەرهەڵدانی کورد یان سەرهەڵدانەوەی کورد ٢٠

-سنووری وڵاتی کورد ٢٢

زمانی کوردی ٢٤

-نووسینی کوردی-ماد ٢٦

-ڕابردووی کورد ٢٧

-دروستبوونی دەوڵەتی ماد ٣٢

-دامەزراندنی دەوڵەتی خورشیدی خاوەر ٤٧

-شوێنەواری قەڵاتی خورشیدی خاوەر لەگوندی بێتواتە ٧١

-کوشتنی خورشیدی میدی ٧٤

-شوێنەواری گوندەکانی خۆشناوەتی ٧٩

-شوێنەواری گوندی هەرتەل ٧٩

-شوێنەواری گوندی نێوە ٨١

-شوێنەواری گوندی هەرمك ٨٢

-شوێنەواری گوندی بالیسان ٨٣

-شوێنەواری گوندی ئەندێك ٨٣

-ئەو پاشماوانەی لەگوندی بێتواتە دۆزراونەتەوە ٨٤

لەدایکبوون و ڕەگەزی ئیبراهیم پێغەمبەر ٨٦

-شێوەی ئاهەنگی جەژن لەسەردەمی نەمرووددا ٩٤

-شوێنی لەدایکبوون و دانیشتنی ئیبراهیم ٩٥

-بەراوردێك لەنێوان ئیبراهیم و کاوەی ئاسنگەر ١٠٤

-پاشماوەی شوێنەواری نەمرود لەدەوروبەری

دەشتی بیتوێن و بێتواتەدا ١٠٥

زەردەشت ١١٠
-ئایا زەردەشت پێغەمبەر بوو؟ ١١٦
-ژن مارەکردن بەپێی ئاینی زەردەشت ١٢٠
-چۆنیەتی سوتاندنی مردوو لەئاینی زەردەشت ١٢١
-پیرەشالیاری زەردەشتی ١٢٣
-ئایا کورد ئاگرپەرست بوون؟ ١٢٦
-گۆڕینی ئاینی زەردەشت ١٣٢

ئاڤێستا ١٣٥
-هەندێ ئامۆژگاری بەسوودی ئاڤێستا ١٤٤
-ئاڤێستا و کاریگەری بۆ سەر ئێرانیەکان و داگیرکردنی
زانست و ڕۆشنبیری ئاینی زەردەشت ١٤٦
-کۆکردنەوەی کتێبی ئاڤێستا ١٥٠
-ئاڤێستا و مژدەی هاتنی چەند پێغەمبەرێك ١٥٢
-ئاڤێستا و مژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) ١٥٥

نەورۆز و کاوە ١٥٦
-دەوڵەتی پێشدادی یەکەم ١٦٠
-دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشی ئەژدیهاك ١٦٧
-مێشکی لاوانی کورد دەرمانی دەردی ئەژدیهاکە ١٦٩
-داڕشتنی پیلانەکە ١٧٢
-کاوەی ئاسنگەر ١٧٥
-خەوبینینی ئەژدیهاك ١٧٦
-فەرەیدون و باخەوانی دۆستی باوکی ١٧٧
-جەژنی نەورۆز لەدوای حوکمڕانی شافەرەیدون ١٨٨
-سەردەمی ئیسلام و نەورۆز ١٨٩

فەرهەنگی ئاڤێستا ١٩١

سەرچاوەکان ٢٠٥

پێشەکی

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە تا ئێستا ئێمەی گەلی کورد بەتەواوی نەمانتوانیوە مێژووی خۆمان بناسین و بەتەواوی پێی ئاشنابین. دیارە ئەمەش هۆکاری زۆر بوون، ئنجا هۆکارەکانی خۆیی بن یان بەهۆی دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمان و گەلەکەمانەوە بن، ئەگەر هاتبا و ئێمەی گەلی کورد بەتەواوی ئاشنای مێژووی خۆمان باین بەتایبەتی مێژووی کۆنی کورد، ئەوکاتە خۆمان دەناسی و تا ئێستا لەمێژبوو ئێمەش وەکو گەلانی تری سەر زەوی بەئازادی و سەربەخۆیی دەگەیشتین و دەمانتوانی دەستنیشانی داهاتووی خۆمان بکەین.

ئێمەی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لەشانازی و دەوڵەمەندین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش زۆر لایەنی مێژوومان بەشاراوەیی ماوەتەوە یاخود لەلایەن گەلانی داگیرکەری دراوسێوە دزراوە و کراون بەسەروەری و شانازی گەلەکەیان یاخود مێژووی گەلەکەمانیان شێواندووە، بەشێکیش شێواندنی مێژووی کورد لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە بووە.

داگیرکەران و بەتایبەتی گەلانی دراوسێی کورد ئەگەر مێژووی کوردیان نووسیبێ بەکەموکوڕی نوسراوە و لایەنەکانی شکۆمەندی و جوامێریان نەنووسیوە، بەڵکو لایەنی دوور لەڕاستی و هەڵبەستراویان بەدوورودرێژی نووسیوەتەوە، تەنها بەوەش نەوەستاون و کوردیان بەدڕندە و نەزان و کێوی داناوە،

که ئەمەش دووره لەهەموو هەستێکی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و ئاینی. سەرەڕای ئەو بێویژدانیەی بەرامبەر مێژووی گەلەکەمان کراوه کەچی تا ئەمڕۆش سوودمان لەو هەڵە و ئەزموونە زۆرانە وەرنەگرتووه و ڕۆژ بەڕۆژ و سەردەم بەسەردەم ئەم هەڵانە دووباره دەبنەوه، یەکێك لەهۆکاره سەرەکیەکانی ڕووخان و لەناوچوون و بەئامانج نەگەیشتنی شۆڕش و ڕاپەڕین و میرنشین و دەوڵەتی کورد، بیرنەکردنەوه و ئاگادار نەبوونیان بووه لەمێژووی گەلەکەمان بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی ئەو سەردەمە لەجیاتی ئەوەی مێژووی گەلەکەیان لەقاڵبێکی ڕاست و چەسپاو دابڕێژن، لەدەوری ئاگردان و دیوەخانەکان بەکەموکورتی باسکراوه بۆ کات بەڕێکردن و شەوڕاکشان یاخود بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتداران بووه.

بۆیه حەقی خۆیەتی دڵسۆزانه هەوڵبدەین لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی گەلەکەمان و گەلانی دراوسێ بپشکنین بۆئەوەی ئەو شتانەی لەمێژوومان ونکراوه یاخود دزراوه بیاندۆزینەوه و مێژووی گەلەکەمان لەدزین و شاراوەیی ڕزگاربکەین.

لێرەدا چەند نمونەیەك باسدەکەم که ڕاستی ئەمه دەسەلمێنێ:

مامۆستایەکی ئەڵمانی لەدانیشگای (جاکارتا) لەئەندەنوسیا کتێبێکی بەزمانی ئەڵمانی نووسیوه دەربارەی کورد، لەم کتێبەدا باسی دوو گەلی کوردی کردووه، گوایا دوو گەلی کورد هەن، سەیره ئێمەی کورد سەدان مێژوونوسمان هەیه که دکتۆرا و بڕوانامەی

بەرزیان لەم بوارەدا وەرگرتووە، هیچیان باسی دوو گەلی کوردیان نەکردووە.

ڕۆژهەلاّتناسێك لەگەشتێکیدا بۆ کوردستان تووشی پیاوێك بووە و پرسیاری شتێکی لێدەکات کابرا دەڵێ: (نازانم)، ڕۆژهەلاّتناسەکە لەیاداشتەکەیدا نووسیویەتی (تووشی پیاوێك بووم کە ناوی نازانم بوو). مێژوونوسانی ئیسلامیش کە زۆر بەدەگمەن باسی کوردیان کردووە و ناوی کوردیان هێناوە، یاخود ئەگەر ڕووداوێك یان ناوێك تایبەت بێ بەکورد ناوێکی دوور لەکوردایەتیان داوەتێ، بۆ نمونە (سەلمانی پاك) کە کوردە و خەڵکی (تیلەکۆیی) ئێرانە و تا ئێستاش خزم و کەسوکاری لەناو هۆزی (زەرزای)ی کوردی ئێران زۆرە کە موسڵمان بوو ناویان نا (سەلمانی فارسی).

هەروەها (جەزیرەی ئیبن عومەر) کە خاکی کوردستانە و ناوی (بۆتان)ە لەهەموو نوسراوانی ئیسلامی بە(جەزیرەی ئیبن عومەر) نوسراوە. دەوڵەتی (خورشیدی خاوەر) و دەوڵەتی (گەنجە)ی کورد تا ئێستاش لەلایەن کەم کەسەوە بیستراوە یان هەر نەبیستراوە.

خوێنەری بەڕێز: هۆی دانان و نووسینی ئەم کتێبەش بەشێکی بۆ ئەمانەی سەرەوە دەگەڕێتەوە و بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەتەمەنی چوارده ساڵیمەوە لەشارۆچکەی بێتواتە، باوکی ڕەحمەتیم (مەلا محەمەدی حەیدەری) کە زۆر شارەزای مێژووی کورد و گەلان بوو، لەم ڕووەوە زۆر سوودی پێگەیاندم و

هیوایەکی لا دروستکردم کە ڕۆژێك لەڕۆژان بتوانم لەم ڕوانگەیەوە خزمەتێکی ئەگەر کەمیش بێت بەگەلەکەم بکەم.

بۆ ئەمەش کەوتمە گەڕانێکی زۆر بەمەبەستی سەرچاوە پەیداکردن لەکۆنە کتێبخانەکانی مامۆستایانی ئاینی و گەڕان بەزۆر ناوچەی کوردستانی گەورە و پرسیارکردن و زانیاری وەرگرتن لەخەڵکە بەتەمەنەکان و شارەزایانی مێژوو و شوێنەوارەکان. تا توانیم ئەوەی لەبەردەستتدایە کۆیبکەمەوە و پێشکەشی خوێنەران ی گەلی کوردی بکەم و تا توانیومە و ویستوومە خۆ م لەشتی ئەفسانە و خەیاڵی بپارێزم، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەشت ساڵ خەریکی دانانی ئەم کتێبە بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆکردنەوە و نووسینەوەی مێژووی کۆنی کورد شتێکی هەروا ئاسان نیە، چونکە مێژووی گەلەکەمان مێژوویەکی ئاڵۆز و کەم سەرچاوەیە، بۆیە ئەگەر کەموکورتیەکیشی هەبێت داوای لێبووردن لەخوێنەران ئەکەم و حەزدەکەم لەم ڕووەوە ڕاستەوخۆ یان بەبلاوکردنەوە لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان ئاگادارم بکەنەوە.

عبدالسلام محمد حەیدەری-خۆشناو/ بێتنواتە

ئەیلولی ١٩٩٩ز-٢٦٩٩ی کوردی

ڕوونكردنەوەیەك

بەگوێرەی لێكۆڵینەوەی مێژوونوسان (ئادەم و حەوا) كە لە(بەهەشت)ەوە فڕێدرانە سەر زەوی لەسەر كێوی (ڕاهون) لەهیندستان گیرسانەوە، بەلآم (عەبدوڵلاّ كوڕی عەباس) دەڵێت لەسەر لوتكەی كێوی (سەرندیب) لەهیندستان دابەزین، لەبەرئەوە (هیندستان) بەیەكەم مەڵبەندی ئادەمیزاد ئەژمێردرێت و لەوێوە مرۆڤایەتی بلاّوبۆتەوە. لەدوای ئادەم بە (٢٦٥٦) ساڵ نوح پێغەمبەر هاتە ولاّتی ڕۆم، زۆر خەریكی هاندانی مەردوم بوو بۆ خواپەرستی، بەلاّم كەم كەس بەدەنگیەوە هات و گاڵتەیان پێدەكرد، (نوح) كەشتیەكی گەورەی دروستكرد لەترسی ڕوودانی لافاوێكی گەورە و لەهەر زیندەوەرێكی سەر زەوی نێرومێیەكی خستە ناو كەشتیەكە، ئەوە بوو كردی بەتۆفان و لافاوێكی گەورە هەموو سەرزەمینی داپۆشی، ئەوەی لەناو كەشتیەكە نەبوو لەمرۆڤ و گیانلەبەران هەمووی لەناوچوو. تەنها ئەوانەی ناو كەشتیەكە مانەوە.

ئەو پاشماوە ئێسقانەی كە لەسەر شاخە بەرزەكان دۆزراونەتەوە پێشانی دەدات ئەم لافاوە هەموو زەوی گرتۆتەوە. چونكە ئەو ئێسقانانەی دۆزراونەتەوە هی ئەو گیانلەبەرانەن كە تەنها لەناو ئاودا دەژین. (نوح) هەستیكرد كەشتیەكە وردە وردە نزم دەبێتەوە و لافاوەكە نامێنێ، ڕوویكردە خوا و وتی (خوایە لەجێگایەكی بەفەڕ و پیرۆز دامبەزێنە)، ئەوەبوو كەشتی نوح

لەسەر کێوی (جودی) لەسەر خاکی کوردستان نیشتەوە، تا ئێستاش شێوەی کەشتیەکە لەسەر شاخی (جودی) ماوە و وەکو بەشێك لەشاخەکەی لێهاتووە. بەم هۆیەوە کوردستان بوو بەلانکی دووەمی نەتەوەی (ئادەم) و هەموو مرۆڤایەتی و ئەو گەلانەی سەرزەوی لەکوردستان سەریانهەڵداوە و لەوێوە بڵاوبونەتەوە و هەر کۆمەڵە و شوێنێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و ناوێکی لەخۆی ناوە.

تەورات دەڵێت: کەشتی نوح لەسەر کێوی (ئارارات) دابەزیوە. مێژووی بابلیەکان دەڵێت: کەشتی نوح لەسەر کێوی (نینسیر) نیشتۆتەوە. مێژووی ڕۆمانی دەڵێت: لەسەر کێوی (جودی) نیشتۆتەوە. بەرغوسافی بابلی دەڵێت: کەشتی نوح لەوڵاتی (کوردوئین) نیشتۆتەوە لەسەر کێوی (جودی=گۆتی)، (گوتی) نەتەوەی میدیانە واتە (کوردن). هەندێ لەمێژوونوسانی ڕۆژئاوا دەڵێن: کورد لەدەوروبەری کێوی (جودی=گوتی) بڵاوبونەتەوە بەشوێنانی تردا.

نوح سێ کوڕی لەگەڵدا بوو لەکەشتیەکەدا (سام، یافث، حام)، (عەرەب و جولەکە و فارس) لەنەوەی (سام کوڕی نوح)ن، (تورك و سەقالیبە و یەئجوج و مەئجوج) لەنەوەی (یافث کوڕی نوح)ن، (بەربەر و سودان و قیبطی) لەنەوەی (حام کوڕی نوح)ن. زۆر دێهات و جێگە لەکوردستان بەناوی (نوح)ەوە دەوترێت وەکو (شارنوخ=شارناخ) کە لەڕەگەزدا (شاری نوح)ە. وشەی (زاخۆ)

لەوشەی (ژێر نوخ) دروستبووە، واتە (ئەو هەرێمەی دەکەوێتە خوارووی ناوچەی نوح).

لەناو کەشتی نوحدا (٤٠) پیاو و (٤٠) ژنی تێدا بوو. لەبناری چیاکە گوندێکیان دروستکرد بەناوی (هەشتایانە) واتە (سوق الثمانین). تەورات لەسفری تەکوین دەڵێت: نوح حەوسەد ساڵ لەهیندستان ژیاوە، سەدوپەنجا ساڵ لەکوردستان ژیاوە. هەندێ مێژوونوس دەڵێن: لەو ماوەیەی کە نوح لەکوردستان بووە سێ کەس بەناوی (زەردەشت) ئامۆژگاری خەڵکیان کردووە بۆ خواپەرستی.

لەو نوسراوانەی لەکۆنەوە لەسەر قوڕ و بەردەکان نوسراون بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایان و مێژوونوسان ئەوە دەسەلمێنن کە کەشتی نوح لەکوردستان، واتە لەوڵاتی میدیا لەسەر کێوی (جودی=گوتی) نیشتۆتەوە و هەر لەوێ و لەدەوروبەری. دێهات و شارۆچکەیان دروستکردووە ئەنجا بەرەبەرە لەدنیادا بڵاوبونەتەوە. محەمەد قاسم محەمەد لەکتێبەکەیدا دەڵێت: نێوانی ئادەم و نوح (٢٦٥٦)ساڵە و نێوانی تۆفان و ئیبراهیم (٢٣٩٠) ساڵە، واتە نێوانی ئادەم و ئیبراهیم (٤٣٤٦) ساڵە. چونکە (٧٠٠) ساڵی تەمەنی (نوح) لەهیندستان واتە پێش تۆفان کەمدەکرێتەوە.

وشەی ئاری

وشەی (ئاری) بەواتای (ئاگر) پیتی (ی) ئامرازی پاڵدانە، واتە (ئاگر+ی=ئاگری)، هەروەها وشەی (ئاتەر، ئاور، ئاهر، ئاهیر) بەمانای (ئاگر) هاتووە لەزمانی (ماد)دا. بەزمانی فارسی بەئاگر وتراوە (ئازەر، ئاتەر، ئاگر، هیر)، لەبەرئەوەی کورد لەکۆندا ئاگری لا پیرۆز بووە پێیان وتراوە (ئاگری) وشەی (ئاگری) وردە وردە لەدەربڕیندا سوکتر کراوە، تاکو بۆتە (ئاری) بۆ کۆی (ئاری) وتراوە (ئاریا).

هۆز و نەوەکانی ئاری

نەتەوەی ئاری (٣٤٠٠) ساڵ بەر لەزایین لەشوێنی خۆیان بڵاوبونەتەوە، هەندێکیان بەرەو (هیندستان) ڕۆیشتوون، (هیندییەکان) نەوەی ئەوانەن، هەندێکیشیان ڕوویانکردۆتە (ڕۆما و یۆنان و ماکدۆنیا) و لەوێ نیشتەجێبوون، ڕەگەزی (تورك و لاتین و ئەرنائوت) لەوانەن. کۆمەڵێکیش ڕووەو وڵاتی ئێران ڕۆیشتون، ئەوانەش بوونەتە دوو بەش بەشێکیان ڕوویان لە (خوراسان و مازەندەران و کەناری دەریای خەزەر و لوڕستان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و کوردستان و شامات و کەناری دەریای سپی) کردووە. هۆزەکانی (خەزەر و کورد و لوڕ و دەیلەم و چەرکەس و ئەرمەن و ئەبازە و ئەلبان) لەم کۆمەڵەیەن، بەشێکیان هەر لەجێگای خۆیان ماونەتەوە کە پێیان دەوترێ

(سەقالیبی و سەکر و وسکا) ئەم کۆمەڵەیە بەدرنگەوە بەرەو وڵاتی ئێران کشاون، بەلآم شەڕێکی سەخت لەنێوانیاندا ڕوویدا و ئێرانیەکان بەسەریاندا زاڵبوون و دەریانکردن.

هەندێ مێژوونوس دەڵێن: کورد و ئەرمەن لەکەناری دەریای باڵتیکەوە هاتونەتە دەوروبەری قەفقاس و کێوەکانی ئارارات لەوێوە هاتونەتە خوارەوە و لەڕۆژهەڵات تاکو کەنداوی عەرەب و لەڕۆژئاوا تا کەناری دەریای سپی هاتوون. هیرۆدۆت لای وایە (ئەفغانیەکان و بلوج و کەرمان و پارس) کە لەکۆمەڵێك پێکهاتوون و ڕوویانکردۆتە ئەفغان، بەم کۆمەڵەیە دەوترێ (سفن) تاکو کەناری دەریای عومان بڵاوبونەتەوە. هەروەها نەتەوەکانی (ماد، پارس، تاجانی، ئەزنادیان، ئابادیان، چەغزی، بلاج، سەڵت، های، ئۆسلاو، جەرمەن، لاتین، ئەنەردان) لەنەوەی ئارین و نەتەوەکانی بەم شێوەیە بەسەریاندا دابەشبوون:

١-ئەنەردان: بریتین لە (هیز و سیك و کشمیر و بەنجاب).

٢-لاتین: بریتین لە (فەرەنسی و ڕۆمانی و پرتوغالی و ئیسپانی و ئیتاڵی).

٣-جەرمەن: بریتین لە (ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئەسکەندیناوی و سایکسی و کورك).

٤-ئوسلاو: بریتین لە (ڕوسی و چیك و لەهستان و سرب و پۆڵندە).

٥- سەڵت: بۆمبەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا پێکدێنن.

٦-های: بریتین له (ئەرمەنیەکانی ئارارات)، وشەی (ئەرمەن) مانای (دلێر).

٧-بلاج: بریتین له (بەلجیکی و بولغاری).

٨-چەغزی: بریتین له (ڕوس و سەمەرقەندی) و (سەگلاو و سوغدی)یشیان پێدەوترێ، (سەقالیبە) بەمانای (مووزەرد) دێ، وشەی (سەمەرقەند) مانای (قەلاتی گڵین) وەکو (داشکەند) بەمانای (قەلاتی بەردین). هەندێ مێژوونوسی عەرەب دەڵێن: وشەی (سەمەرقەند) لەڕاستیدا (شەمەرکەندە)، لەوکاتەی سوپای ئیسلام گەیشتە ئەوێ، (شەمەر) کە سەرکردەی سوپای ئیسلام بوو فەرمانیدا بۆ هەڵکەندنی جێگەی خێوەت و حەوانەوە، خەڵکی ئەوێ بەو جێگەیەیان وت (شەمەرکەند) واتە شەمەر هەڵیکەندووە و بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆتە (سەمەرقەند).

٩-ئابادیان یان ئابادینان: ئەوانە بوون کە لەدەوروبەری (سابلاغ=مهاباد) ژیاون. وشەی (مهاباد) ناوی یەکەم پێغەمبەرە کە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نێردراوە، کتێبی (دەساتیری) خوای گەورە بۆی ناردووە، (ئاریای گەورە) بەدەستووری ئەم کتێبە ڕەفتاریان کردووە، ئێستاش لە (قەفقازیا) کۆمەڵێك بەناوی (چەرکس) لەسەر ئەم ئاینە ماون، دوا پاشای ئەم کۆمەڵەیە ناوی (ئاباد) بووە، هەروەها (ئابتین) باوکی فەرەیدون لەوشەی (ئابادیان) وەرگیراوە.

هەندێ دەڵێن: نەمرود کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح، پاشای ئەم کۆمەڵە بووە. تەورات بەندی نۆیەم، ڕستەی هەشتەم

دەڵێت: نەمرود کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح، لەهەرێمی ژەنگار (لەکوردستانی باشوور) ژیاوە، نەتەوەی ئەو تاکو ئەفەریقا بڵاوبونەتەوە، نەمرودیەکان بەدکردار و پیاوکوژ و وێرانکەر بوون، کردەوەیان دڕندانە بووە، لەجیاتی کڵاوی سەر کەللەی گایان لەسەرناوە و پێستی پڵنگیان کردۆتەبەر، بۆیە پێیان وتراوە (دێو) وە بەپاشاکە وتراوە (خدێو) واتە (خوای دێو)، تاکو ئەم ساڵانەی ڕابردوو بەپاشا و سەرکردەکانی میسر دەوترا (خدێو). هەروەها ئەم کۆمەڵەیە (جبار)یشیان پێوتون لەبەرئەوەی (بەهێز و بێبەزەیی) بوون.

١٠-ئاجامی: بریتین لەنەوەکانی (یاسان جامی) کە ئەچنەوە سەر ڕەگەزی (شای مەجول) لەشاکانی یاسانیەکان. لەزمانی عەرەبیدا وشەی (ئاجام) کراوە بە(عجم) کە لەوکاتەدا بۆ دوو هۆز وتراوە (هۆزی گوڵشایی و هۆزی کانشییان). وشەی (شا) لەزمانی ماد و پارسی کۆندا بەم مانایانە هاتووە (دروستکەری بونەوەر، سەروەر، خاوەن هێز). ڕەچەڵەکی (پێشدادیەکان) کە لە(کەیومەرث) دەستپێدەکات لەنەوەی (شایاسانی) ئەجەمن.

هەندێ لەمێژوونوسان زنجیرەی پادشایانی ئێران بەم جۆرە دادەنێن:

١-پاشایانی ئابادی: لە (ئابادشا)ەوە دەستپێدەکات.

٢-جیشەکان: لە (شاجن ئەفرام)ەوە دەستپێدەکات.

٣-گوڵشایەکان: لە (ئیلۆشا)ەوە دەستپێدەکات.

٤-یاسانیەکان: لە (یاسانشا)ەوە دەستپێدەکات.

٥–پێشدادیەکان: لە (کەیومەرث)ەوە دەستپێدەکات.

٦–کەیانیەکان: لە (کەیقوبادی کوردی)ەوە دەستپێدەکات.

٧–ساسانیەکان: لە (ئەردەشێر)ەوە دەستپێدەکات.

٨–ئەشکانیەکان: لە (ئەسکەندەری ڕۆمی)ەوە دەستپێدەکات.

هەروەها زنجیرەی خێزانەکانی شایانی ئێران بەم جۆرەیە: (خێزانی ئازادی، خێزانی پێشدادی، ماردۆشی تایانی، کەیانی، هەخامەنشی، سلوکی، پارسی، ئەشکانی، ساسانی). پێشدادیەکان کە لەنەوەی (کەیومەرث)ن لەهۆزی (یاسان ئەجەمن) کاتێ (شایاسان) مرد، کەسێکی وا لێهاتوو نەبوو جڵەوی فەرمانڕەوایی ئێران بگرێتەدەست، لەبەرئەوە دەوری (ملوك الطوائف) دروستبوو واتە (شایانی هۆزەکان). (کەیومەرث کوڕی یافث کوڕی نوح) کە بە(کومری)ش ناسراوە، (٢١٤١) ساڵ بەر لەزایین بەهۆی زیرەکی خۆی بۆتە (شا) و شاری (بەڵخ) دروستدەکات، ئینجا شاری (ئیستەخر و دەماوەندی) دروستکرد و ناوەڕۆکی کتێبی (دەساتیری) کردە یاسای دەوڵەتەکەی.

١١–مادایان: لەڕەگەزی (ئاری)ن و لەنەوەی (مادای کوڕی یافث کوڕی نوح)ن، (کورد و گێلان و خەزەر و دەیسەم) لەنەوەی (مادایانن)، وشەی ماد (٩٠٠) ساڵ بەر لەمێژووی زایینی بڵاوبۆتەوە، زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن: وشەی (کورد) زۆر کۆنترە لەوشەی (ماد). لەم بارەیەوە هیرۆدۆت دەڵێت: ماد لەڕەگەزی (ئاری)ن کە لەپێشدا (کورد)یان پێوتراوە. کتێبی (نخبة الأزهرية)

دەڵێت: ماد بریتین لە (فارسە کۆنەکان و کوردەکان)، کە عەرەب بە (ئاجام=ئەجەم=عەجەم) ناویاندەبەن.

هەندێ مێژوونوس دەڵێن: (فارس و کورد و دەیلەم نەبەت و جەرامیقە و خەزەر) لەنەوەی (ئاشووری کوڕی سام کوڕی نوح)ن، بەڵام بە(سامی) کردنی ئەمانە دوورە لەڕاستی. فارسەکان ئەو (ئاری)یانەن کە لە (سفن و ئەهواز و کەناری دەریای عومان) نیشتەجێبوون، وشەی (پارس) لە (پارس کوڕی عامر کوڕی یاخت کوڕی نوح) وەرگیراوە.

هۆزەکانی ماد

گەلی ماد دوهەزار ساڵ (پ. ز) لەم هۆزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١-هۆزی (پارتاستی) کە لەهەرێمی (شاری ڕەی و وارمین و کەناری دەریای خەزەر) نیشتەجێبوون.

٢-هۆزی (بوزیایوس) کە لەپێشدا لەکەناری دەریای مازەندەران بوون، دوایی بۆ عێراق و هەمەدان کۆچیانکردووە.

٣-هۆزی (ئاستروتسات) لەدەوروبەری شاری سەمەرقەند و هەرێمی خوارەزم بەکشتوکاڵ خەریك بوون.

٤-هۆزی (ئاریزانت) لەئازەربایجان و ڕۆژئاوای ئێران و هەندێکیشیان لەکەناری ڕووباری (ئاراکس-ئاراس) نیشتەجێبوون.

٥-هۆزی (بودی) کە ڕوویانکردۆتە هیندستان.

٦-هۆزی (ماث=ماگ=ماغ=مەگۆش) کە عەرەب پێیان دەڵێن (مەجوس).

٧-هۆزی (دیماستان) لەدەوروبەری مازەندەران و گەیلان بڵاوبونەتەوە.

سەرهەڵدانی کورد یان سەرهەڵدانەوەی کورد

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە بەپێی پاشماوە و نووسینە کۆنەکان کورد لەنەوەی (ئاری)یە و لەکۆمەڵی (هیندۆئەوروپی)یە، کە بەهەزاران ساڵ بەر لەئەمڕۆ لەکوردستان بڵاوبونەتەوە بەم شێوەیە:

١-لەڕۆژهەڵاتەوە بەکەناری ڕووباری دیجلە بەزنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە تا کەنداوی عەرەب و ڕۆخی دەریای عومان چوون.

٢-لەڕۆژئاوا بەدرێژایی ڕووباری فورات و بەزنجیرە چیاکانی تۆرس تاکو شامات و کەناری دەریای سپی چوون. ئەم کۆچکردنەش کۆمەڵ کۆمەڵ بووە، بەڵام هەندێ مێژوونوس دەڵێن کورد بەیەك کۆمەڵ هاتونەتە قەفقاز و وڵاتی ئەرمەن، لەدەوروبەری دەریای باڵتیکەوە هاتوون و لەوێوە بەشاخەکانی ئارارات و جودی بەرەوخوار هاتوون، لەڕۆژهەڵات تا دەریای عومان و لەڕۆژئاوا تا کەناری دەریای سپی چوون. هەندێ مێژوونوسیش دەڵێن: کورد لەڕۆژهەڵاتەوە بەدرێژایی کێوەکانی زاگرۆس بۆ

خوارووی دەریای مازەندەران هاتوون و لەوێوە تاکو کەناری دەریای سپی بڵاوبونەتەوە، بەڵام کۆمەڵێك کورد لەدەوروبەری دەریاچەی (وان) نیشتەجێبوون و فەرمانڕەوایی هەرێمەکەیان گرتۆتەدەست.

مینۆرسکی لای وایە گەلی (ماد) لەڕۆژهەڵاتەوە هاتوون. بەڵام لەڕێگادا تووشی گەلی (کاردوا) بوون و هەموویان لەکوردستانی ئێستادا ماونەتەوە لەبەر ئەم هۆیانە:

١-لەباکوورەوە دەریای (مازەندەران) و کێوەکانی (ئارارات) بوونەتە بەربەستیان.

٢-لەباشوورەوە دەوڵەتی (عیلام) و دەریای عومان بۆتە بەربەستیان.

٣-لەخۆرئاوا دەوڵەتی (ئەکەد و سۆمەر) بوونەتە بەربەستیان.

بەگوێرەی پاشماوە کۆنەکان کورد لە (ئەکەد و سۆمەر و کلدان و ئاشوور) کۆنترە، هەروەها هەندێ لەهۆزەکانی کورد وەکو (لۆلۆ و کاسی و گۆتی) لەدەوروبەری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێبوون و هاوسێی (سۆمەر و ئەکەد و عیلام) بوون و لەگەڵیان هاوپەیمان بوون و لەوکاتەدا ناوی (کلدەوئاشوور) سەریانهەڵداوە.

ئەو کوردانەی لەلای سەروو هاتوون پێیان وتراوە (گودی یان گوتی) عەرەب بە(جودی) ناویبردوون، چونکە لەلای چیای (جود و ئارارات)ەوە هاتوون، ئەوانەی لەڕۆژئاواوە هاتوون پێیان وتراوە (کوردی یان کورتی)، بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆر ئازا و زیرەك بوون

فارسەکان پێیان ئەوتن (سیرتی) وشەی سیرتی لەفارسی کۆن بەزمانی کوردی هەورامان بەمانای (دلێر و نەبەرد) هاتووە. هیرۆدۆت دەڵێت: (٩٠٠) ساڵ بەر لەمێژووی زایینی (کورد) ناوی (ماد) بووە، هەر لەوکاتەدا (سەلمانازاری) ئاشووری شەڕی لەگەڵ کردوون. هەندێ مێژوونوس بەبەشی کوردی ڕۆژئاوا دەڵێن (ئاراراتی)، وە بەبەشی ڕۆژهەلاَت دەڵێن (مادایان)، بەلاَم تا ئێستا نەزانراوە کامیان لەپێشدا هاتونەتە کوردستان، هەندێ مێژوونوس دەڵێن (مادایان) هەزار ساڵ (پ. ز) هاتوون بۆ کوردستان.

سنووری ولاَتی کورد

دەربارەی سنووری ولاَتی کورد بۆچوونی جیاجیا هەیە، هەندێك مێژوونوس پێیانوایە سنووری کوردستان لەڕۆژهەلاَتەوە ئازەربایجان و زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، لەباکوری ئەرمەنستانە، لەباشووری عێراقی عەرەب و بابلستانە، لەڕۆژئاوای ڕووباری فوراتە. هەندێکیش سنووری کوردستان بەجۆرێکی تر دیاریدەکەن و دەڵێن: لەباکووری کێوەکانی ئاغریداغ و ئاراراتە، لەباشووری عێراقە (واتە کەمێك سەرووی شاری بەغداد)، لەڕۆژهەلاَتی ولاَتی فارسە، لەڕۆژئاوای ڕووباری فوراتە. بەگوێرەی ئەمە ئەرزەڕۆم و هەموو ئاسیای بچوك خاکی کوردستانە و کوردی لێژیاوە.

زۆر لەمێژوونوسان پێیانوایە شاری (بەهار) کە لەسەرووی هەمەدانی ئێستا بووە، کوردی لێبووە و شارێکی کوردنشین بووە، بەڵام ئەم کوردانە هاتوونەتە هەرێمی (چەمچەماڵ). هەروەها دەڵێن: وڵاتی ئەرمەن و جەزیرە بەشێك بووە لەکوردستان و لەوکاتەدا کوردستان کرابوو بە (١٩) هەرێم بەم شێوەیە: (ئالان، ئالیشە، بەهار، خاتوون، خەفتیان، دەربەندی تاج، دەربەندی زەنگی، دارنیل، دینەوەر، چەمچەماڵ، سوڵتان ئاباد، شارەزوور، کرماشان، کەرەند، خۆشاب، کەنگاوەر، ماهیدەشت، تاقوەستام، بێستوون).

هەندێ مێژوونوس دەڵێن: بەگوێرەی ئەو پاشماوە و نوسینانەی دۆزراونەتەوە دەرکەوتووە (٢٠٠٠) ساڵ (پ. ن) کوردستان ناوی وڵاتی (کارداکا) بووە، کە دراوسێی هەرێمی (سۆی) بووە کە دەکەوێتە هەرێمی دەریاچەی (وان)، ئارامیەکان بەو هەرێمەیان وتوە (حەوزی کاردۆ) قەڵایەکی کۆن لەو هەرێمەدا هەیە بەناوی (قەڵاتی سۆی). جگە لەئارامیەکان، هەموو مێژوونوسان بەم هەرێمەیان وتوە (کوردەوان) واتە وڵاتی کوردان، وە بەجەزیرەی (إبن عمر) وتراوە (کازارنای کاردۆ). ئەرمەنیەکان بە (کوردۆخ) ناویانبردووە، عەرەب پێیان وتوە (کاردای). هەندێ مێژوونوس دەڵێن: جەزیرەی (إبن عمر) بەشێك بووە لەوڵاتی (کاردای) و ئەم شارانەی هەبووە (ئیستاتین، جودی، فەیرۆز، شاپۆر) وە گەلێ گوند و دێهات و هەرێمی فراوانی هەبووە

زمانی کوردی

بەهەموو بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا دەرکەوتووە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و سامانی نەتەوەی کوردە، نەك وەکو هەندێ قەڵەمگۆڕانی مێژوو دەڵێن: زمانی کوردی لقێکە لەزمانی فارسی کە هیچ بەڵگەیان نیە، تەنها دژایەتی نەتەوەی کورد نەبێ.
زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن: زمانی کوردی لەهۆزەکانی کوردی زاگرۆس ماوەتەوە وەکو زمانی: (لۆلۆ، کاسی، سوباری، گۆتی)، ئەم هۆزانە کەمێك زمانیان جیاوازی هەیە، بەڵام لەڕەگەزدا یەك زمان بوون ئەویش زمانی کوردی بوو، هەندێ زمانەوان دەڵێن: زمانی گەلی ماد و ئاڤێستای زەردەشت یەك زمان بووە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەمە بەڵگەی گەش نیە.

ئاسترابونی یۆنانی دەڵێت: ماد و فارس لەزمانی یەکتری دەگەیشتن زمانیان لەیەکتری نزیك بووە، هەندێ مێژوونوس لایانوایە زمانی (موکری) زمانی کۆنی ماد بووە، کتێبی ئاڤێستا و کتێبی زەند کە بەزمانی مادی کۆن نوسراون هەروەکو زمانی موکری ئێستایە. هۆرات و زۆر زمانەوان دەڵێن: (زمانی ماد و ئاڤێستا یەك شێوەیە). زمانی کوردی لەچوار شێوە زمانی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە:

١-شێوەزمانی لوڕ. ٢-کەلهوڕ. ٣-کرمانج. ٤-گۆران.

هەر لەوانەوە زۆر شێوەزمانی تر لەناو کۆمەڵانی کورد سەریهەڵداوە و لەیەکتری نزیك بوون، یەکەمجار لەئارارات و دووەمجار لەزاگرۆس و ئەنجا لەئەسپەهان و دوایی

لەئەکباتان=هەمەدان، هەروەها لەبێستون و مەدائن زمانی کوردی جێگیربووە و بڵاوبۆتەوە، کە (ئەسکەندەری ماکدۆنی) کوردستانی گرت، زمانی کوردی بەرەسمی ناسرا و لەسەرچاوەی ڕووباری دیجلە تا کەنداوی عەرەب قسەی پێکراوە و پێی دەنوسرا.

ڕیشەی زمانی (ئاریانی) کۆن بەگشتی لەزمانی ماد وەرگیراوە کە بەزمانی (ئانزان) ناوی دەرکردووە، وشەی (ئانزان) بەزمانی (ماد) واتە (ئینسان)، زمانی (پارس و عیلام و هیندی) لەو وەرگیراون. سێهەزار ساڵ بەر لەمێژووی زایینی، ماد بەم زمانە قسەیکردووە بەرەبەرە هەندێ شێوەی جیاجیای لێپەیدابوو. وشەی (پەهلە) لەزاراوەی فارسی کۆندا بەمانای (شار) هاتووە، هەروەها بەمانای پایتەختی دەوڵەت هاتووە وەکو (ئەسپەهان، مەدائن، ئەکباتان)، وشەی (پەهلەوان) بەمانای (پارێزەری شار) هاتووە لەزمانی کوردیدا (پاڵەوان) بەواتای (ئازا) هاتووە، هەروەها وشەی (پاڵە) کە بە(درووێنەکەر) دەوترێ لە (پەهلە)وە هاتووە واتە (ئازا). وە بەهۆی هاتوچۆ و لەیەکگەیشتنی گەلی (ماد و کلدان و ئاشوور و فارس) زۆر وشەیان لەیەکتری وەرگرتووە.

ئاخاوتن و شێوەزمانی کوردی بەم جۆرەیە:

١-کرمانجی باکوور: بایەزیدی و بۆتانی و هەکاری و شەمدینانی و بادینانی.

٢-کرمانجی ناوەڕاست: سلێمانی و موکری و سۆرانی و ئەردەلانی و گەرمیانی.

٣ کرمانجی باشوور: لوڕی و بەختیاری و مامەسێنی و لەك و کەلهور.

٤-گۆران: گۆرانی ڕەسەن و هەورامانی و باجەلانی و زازا.

نووسینی کوردی-ماد

مامۆستا مەلافەتحوڵڵا هەرتەلی لەکتێبی (مبحث عن منطقة بیتواتە) دەڵێت: (لەڕۆژگارەکانی دەوڵەتی ماد جۆرە نوسینێکیان بەکارهێناوە کە پیتەکانی وەکو ئەندام و ئادگاری مرۆڤ ڕێکخراوە، بەڵام دەربارەی ئەم نوسینە بەڵگەیەك نیە کە چۆن کارپێکراوە، لەساڵی (١٩٣٢)ی زایینی لەگوندی (هەودیان) لەهەرێمی ڕەواندوز بەردێك دۆزراوەتەوە کە ئەم هەڵکەندنانەی لەسەربوو: (سەری کچێك، دەستی کوڕێك، لاقی مرۆڤێك و دوو گوێ) وا گوماندەکرا کە نووسینی سەردەمی ماد بێ، ئەم بەردە کەوتە دەستی (فەرهاد) ناوێك خەڵکی دەوروبەری ئارارات بوو.

مامۆستا عەبدولقادر باڵەکی لەکتێبی (تهذیب التأریخ) دەڵێت: (کورد بەخەتی بزماری شتی نووسیوە تاکو پەیدابوونی نووسینی (ماسی سۆرانی) کە جۆرە خەتێکی دروستکرد، گوایە ئاڤێستای زەردەشت بەمجۆرە خەتە نوسراوەتەوە، هەروەها پاشایانی (هەخامەنشی) نووسینی بزماریان بەکارهێناوە، لەساڵی (١٩١٨)ی زایینی (سەید حسێن) ناوێك لەناو کوپەیەکدا کتێبێکی دۆزیەوە، ئەم کتێبە بەسێ جۆرە نوسین نوسرابوو: (خەتی ئارامی، خەتی یۆنانی، خەتی ماسی سۆران)، لەو کتێبەدا زۆر باسی (فەرهادی چوارەم) دەکات کە پاشای (ئەشکانی) بووە لەسەدەی (١٢)ی (پ. ز)، کە ئەوکاتە هەورامانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەرمەنیەکاندا بووە، بەڵام بەسەرهەڵدانی ئایینی

ئیسلام ئەم خەتانە کزبوون و لەناوچوون و خەتی (کوفی) هاتەکایەوە.

مامۆستا مەحمودی حەمامیان لەکتێبی (ستارەی تابان) دەڵێت: دووهەزار ساڵ بەر لەمێژووی زایینی پیاوێکی (ماد=کورد) لەدەوروبەری دەریای خەزەر پەیدابوو بەناوی (ئاپۆنەورۆز) جۆرە نوسینێکی داهێنا کە دەوڵەت بەو نووسینە شتی تۆمارکردووە. لەگوندی (کۆزەکەرێس) لەهەرێمی (شارویران) نزیک مهابادی ئێستا گۆزەیەك دۆزرایەوە کە پاشماوەی ئەم نوسینەی لەسەربوو وەکو بیستراوە (میستەر ڕیچ) ئەم گۆزەیەی بردووە.

ڕابردووی کورد

(٣٦٠٠) ساڵ (پ. ن) گۆتیەکان بوونەتە فەرمانڕەوا لەکوردستان، (نارامسین کوڕی سارگۆنی ئەکەدی) بەدەستی گۆتیەکان کوژرا، لەو شەڕەی (لۆلۆکان) نایانەوە کە هاوڕەگەزی (گۆتیەکان) بوون، ولاتی (ئەکەد و بابل) کەوتە دەستی دەوڵەتی (گۆتی)، بەلاّم گۆتیەکان پەیوەندیان لەگەڵ (عیلامیەکان و سۆمەریەکان و ئاشووریەکان و کلدانیەکان) پتەوکرد، زۆری نەخایاند لەکاتی فەرمانڕەوایی (شاگۆتا)، عیلامیەکانیش کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەتی (گۆتی) و باج و سەرانەیان دەدا بە (شاگۆتا) شای (گۆتیەکان).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بەر لە (شاسارگۆنی ئەکەدی) هەبوون و دەوڵەتیشیان هەبووە، (لۆلۆکان) کە کوردن بەر لە (نارامسین) فەرمانڕەوای وڵاتی (زاموا) بوون. هەندێك مێژوونوس دەڵێن: (لاسیراب) یەکەم شای (لۆلۆکان) بووە، دوای ئەوەی دەوڵەتی (بابل) کەوتە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی (لۆلۆ)، لەئەنجامدا سوپای (لۆلۆ) شکا و پاڵیدایە کێوەکانی (زاگرۆس) و وڵاتی (ماد) سێ سەدە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی (بابل) و باج و سەرانەیان دەدایە دەوڵەتی (بابل). لەساڵی (٢١١٨)ی پ. ز (شانینە) شای دەوڵەتی ئاشوور سوپایەکی زۆری هێنایە سەر کوردستان و داگیریکرد و فەرمانڕەواکەی لەسێدارەدا و هەموو وڵاتی کوردستانی گرت و تاکو دەوروبەری شاری (بەڵخ)، بەڵام قەڵای شارەکەی بۆ نەگیرا و لەدواییدا (شاسەمیرامیس) قەڵاکەی گرت.

لەساڵی (٢٠٢١)ی پ. ز لەکەناری دەریای ڕەش کۆمەڵێك کورد سەریانهەڵدا، ئەم کۆمەڵەیە دەوڵەتێکی دروستکرد پایتەختەکەی لەنزیك ڕووباری خابوور بوو، بەڵام تا ئێستا ناوی ئەم دەوڵەتە نەزانراوە. بەسەرۆکایەتی (شاخانزیر)ی کوردی هۆزی (لۆلۆ و کاسی و گۆتی) لەکوردستان دەوڵەتێکی مەزنیان دروستکرد نزیکەی شەش سەدە فەرمانڕەوایی کرد، لەوکاتەدا کۆمەڵێك لەکوردەکان باجیان دەدا بەدەوڵەتی ئاشووری، بەڵام سەرکردە (توسە) لاریبوو لەباجدان و لەدواییدا لەنزیکی شاری (بەڵخ) و دەوروبەری ئەمارەتێکی کوردی دروستکرد، یۆنانیەکان بەم

سەرکردەیە دەڵێن (دیۆکس) کە ناوی (توسە کوڕی فەریبەرزی مادی) بووە زۆر زیرەك و لێهاتوو بووە.

لەسەدەی (١٦)ی پ. ز میتانیەکان کە کورد بوون لەکوردستان دەوڵەتێکیان دروستکردووە، لەباشوور تاکو خوارووی کەرکوکی لەژێر دەستدا بووە، واتە هەرێمی (ئارابخا و دەشتی هەولێر و کوردستانی باکووری ئێستای) لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بوون. (ئاداد نیزاری) ئاشوور دەڵێت: (بەهۆی ئەوەی کە میتانیەکان خەریکی جەنگ بوون من بەهەلم زانی کە سنووری دەوڵەتەکەم فراوان بکەم و هەر بەم هۆیەوە (میتانی و کاسی و سۆباری و گۆتی و لۆلۆ) کە هەموویان لەڕەگەزدا (کاردو) بوون، هێنانمە ژێردەستی خۆم و باجم لێیان وەردەگرت). ئەمە لەسەر بەردێك نوسراوە کە لەنزیك نەینەوا دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی (١٣١٠)ی پ. ز.

لەساڵی (١٣٨٠) پ. ز (سەلمانزاری) شای ئاشوور جەنگێکی سەختی لەگەڵ دەوڵەتی (گۆتی) نایەوە و لەئەنجامدا ڕووخاندی، کوردەکان کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی (ئاشوور) و هەندێکیان پاڵیاندایە کێوەکانی (زاگرۆس). لەساڵی (١١٠٠)ی پ ز (تەگلان شای ناوداری ئاشوور) گەلێك شەڕی لەگەڵ کوردەکان کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ کوردەکانی (ئارۆ) واتە (کێوی ساسۆن). لەساڵی (٩٠٠)ی پ. ز (ئازیزپاڵ) شای ئاشووری گەلێك ئازاری کوردەکانی داوە زوڵمی لێکردوون، لەبەرئەوە کوردەکان لێی هەڵگەڕانەوە و خۆیان ڕزگارکرد، بابلیەکان لەم

ڕاپەڕینەدا یارمەتی کوردەکانیان داوە و بەهەردووکیان وڵاتی ئاشووریان داگیرکردووە، ئەم (شا)یە چوار جار سوپای ناردۆتە سەر کوردەکان، بەڵام هەمووی بەشکاوی گەڕاوەتەوە، هەندێ مێژوونوس دەڵێن: لەجاری چوارەم هەندێ شاری کوردی گرتووە.

ماموستا مەلا عەبدولقادر باڵەکی لەکتێبی (تهذيب التأريخ)دا دەڵێت: کە ئاشووریەکان هاتن بۆ سەر کوردەکان، کوردەکان بەسەرۆکایەتی (تامیخا) ڕوویانکردە چیاکانی زاگرۆس. لەسەدەی نۆیەمی پ. ز (سەلمانازاری سێیەم) شای ئاشووری بەسوپایەکی گەورە هاتە کوردستان بۆ شەڕکردن لەگەڵ (ماد و فارس)، بەڵام سەرنەکەوت، لەساڵی (٨٨٥)ی پ. ز هەمان شا ڕوویکردە هەرێمی (زاموا=سلێمانی ئێستا)، لەئەنجامدا گڵەزەردە و تاسڵوجەی گرت، وە لەساڵی (٨٨٤)ی پ. ز سوپایەکی ناردۆتە هەرێمی (نامریێ=پشدەری ئێستا) بەڵام لەدوای ماوەیەکی کەم گەڕاوەتەوە.

یۆنانیەکان لەمێژووی خۆیان ناوی (شائاریاس) دەبەن کە شەڕی لەگەڵ کردوون و دەوڵەتێکی مەزنی کوردی بنیاتناوە کە سوپایەکی زۆر و ئازای هەبووە، ئەو شایە دەوڵەتی ئاشووری ڕووخاندووە و شاری (هەنگادان-ئەکباتان-هەمەدان)ی کردۆتە پایتەختی دەوڵەتەکەی، بەڵام هەندێ مێژوونوس دەڵێن: (کساکسار-کواکسار) کە پاشایەکی دەسەڵاتداری کورد بووە، دەوڵەتی ئاشووری لەناوبردووە نەك (شائاریاس)، بەڵام (شائاریاس) لەگەڵ دەوڵەتی (بابل) جەنگاوە و سەرکەوتوو بووە.

لەساڵی (٨٤٢) پ. ز (تـەگلات ئـازاری دووەم) شـای ئاشـووری جـەنگێکی سـەختی لەگـەڵ کوردەکـان بـەرپاکردووە، (٦٠٠٠) کـوردی بـەدیل گرتـووە و بردونـی بـۆ (نەینـەوا) پایتـەختی دەوڵەتەکەی. لەشەڕێکی تردا سەرکردەی سوپای ماد (دخۆ) کە یۆنانیـەکان بـە (دیـاکۆ) ناویدەبـەن بـەدیل گـیرا و لەگـەڵ (٤٤١) پیاوی ناوداری کورد دوورخرانەوە بۆ وڵاتـی (شامات=سوریا) و لەشەڕێکی تردا وڵاتی مادی گرت.

لەسـاڵی (٨٠٠)ی پ. ز (کـاردون پاشـا)ی کـورد لەگـەڵ (سەنحاریب شا) کەوتە شەڕ و لەئەنجامدا وڵاتی بابلی داگیرکرد و زۆر لەسوپای (سەنحاریب) کوژران و بـەدیل گیران. لـەمێژووی (٧٧٥)ی پ. ز (ئەسارهادون کوڕی سەنحاریب) کەوتە شەڕ لەگەڵ (مـاد و فـارس) لەئـەنجامدا سـەرکەوتن، تـاکو هـاتنی (ئاشـوور پانیپاڵ) بابلیەکان لەژێر دەستی ماد و فارسدا بوون، لەم کاتـەدا کۆمەڵێك بەناوی (ئاسکا) لەژووروووی وڵاتی ئاشوور سەریانهەڵدا، هەموو ئاسیای بچوکیان داگیرکرد و لەسنووری دەوڵـەتی ئاشوور دەسـتیانکرد بـەتاڵان و کوشـتن و وێرانکـاری دەوڵـەتی ئاشـوور، بەدامرکاندنەوەی ئەوان خەریك بوو و دەسەڵاتی کزبووبوو.

بەنرخ و چەك و جبەخانەی سەربازیان دەستبەسەراگرت و ولاّتی ئاشووریان لەنێوان خۆیاندا بەشکرد، (کەیکاوس) کچی کوڕی خۆی دا بەکوڕی شای (بابل)، ئەوکاتە دەوڵەتی کوردی لەدەریای ناوەڕاستەوە تاکو ڕۆژهەلاّتی پاکستان و ئەفغانستان لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی کوردیدا بوو، لەساڵی (٥٨٦)ی پ. ز (کەیکاوس)مرد، (ئەستیساکی) کوڕی بوو بەپاشای مادستان، ئەم شایە دەستیکرد بەشتی نالەبار و گوێنەدان بەیاسا و دابونەریتی کۆمەڵ و دژی بەرژەوەندی گشتی.

(کۆرشی گەورە) پاشای دەوڵەتی فارس لەهەلێك دەگەڕا بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ماد، سوپایەکی زۆر و پڕچەکی ئامادەکرد و هێرشی هێنایە سەر ولاّتی میدی و ئاگری جەنگ لەنێوان سوپای کورد و سوپای فارس هەڵگیرسا، لەوکاتەدا سەرۆك هۆزێکی کورد کە ناوی (پوازەك) بوو هەڵگەڕایەوە و چەکی خیانەتی هەڵگرت و چووە ناو سوپای فارس، بەمجۆرە بەهۆی خیانەتی هەندێ نامەرد و خۆفرۆش دەوڵەتی ماد لەساڵی (٥٥٠)ی پ. ز ڕووخا و کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی فارس بەسەرۆکایەتی (کۆرشی ئەخمینی). (کۆرش) دەستیکرد بەلاواندنەوە و ڕێزلێنانی گەلی میدی لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی و بەکوشتدانیان و بەگژدانیان دژی دوژمنانی دەوڵەتی فارس.

بەمجۆرە دووسەد ساڵ گەلی میدی لەلایەن دەوڵەتی فارسی چەوسایەوە و کرابووە کۆیلە، لەئەنجامی ئەمەدا کە تووشی گەلی میدی بووبوو، هەندێ نیشتمانپەروەرانی میدی کەوتنەخۆ بۆ

کەوتە جەنگ و لەم جەنگەدا (دارا) خۆی هەڵات و ژن و منداڵی کەوتە دەستی (ئەسکەندەر).

لەساڵی (٣٢١)ی پ. ز سوپایەکی تێکەڵاو لەکورد و فارس هاتنە سەر سوپای (ئەسکەندەر) و وڵاتی مادیان لەژێر دەست دەرهێنا، (دارای سێیەم) کە دوازدەمین پاشای (ئەخمینی) بوو لەساڵی (٣٢٠)ی پ. ز بوو بەپاشای کوردستان و ئەرمینیا و لەوکاتەوە کوردستان ناونرا (کوردوانەن). کاتێك کە سوپای (ئەسکەندەری ماکدۆنی) وڵاتی میدی داگیرکردبوو، کە کچە شۆخەکانی میدی دەردەکەوتن ئەفسەر و سوپای (ئەسکەندەر) پێیان دەوتن (ئافرۆدێت) واتە (شای جوانی) لەوکاتەوە وشەی (ئافرەت) بۆ ژنی کورد بەکارهاتووە کە لەوشەی (ئافرۆدێت) وەرگیراوە کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانی‌یە، لای یۆنانیەکان (ڤینۆس و ئافرۆدێت) هەردووکیان بەواتای (خوای جوانی) هاتووە.

لەساڵی (٣٣٠)ی پ. ز (سەلفەکوسەکان) هێرشێکیان هێنایە سەر کوردستان و داگیریانکرد، بەڵام هەندێ مێژوونوس دەڵێن: هەر لەوکاتەدا لە (ئاتروپاتین=ئازەربایجان) دەوڵەتێکی بچوکی کورد دروستکرایەوە، لەساڵی (٣٣٥)ی پ. ز وڵاتی ماد کەوتە ژێردەستی ئەفسەرێکی سوپای (ئەسکەندەر) کە ناوی (سەلەقوس) بوو، لەدوای ئەو کەوتە بەردەستی ئەفسەرێکی تر بەناوی (ساتراب). لەدوای مردنی ئەسکەندەر لەساڵی (٢٧٥)ی پ. ز کوردستان کەوتە ژێردەستی (ئەرمەنیەکان) کە

دوباره سوپا بهێننەوه سەر دەوڵەتی فارس و کوردەکان یارمەتی ئەدەن، ئەنتوان دوباره سوپایەکی زۆری هێنا بۆ سەر فارسەکان و کوردەکانیش یارمەتی ڕۆمەکانیاندا، لەئەنجامدا فارسەکان شکان.

لەساڵی (٣٤)ی پ. ز (ئەردەشێر ساسانی) سنووری دەوڵەتی ساسانی زۆر فراوانکرد، زۆربەی زۆری وڵاتی ماد و وڵاتی فارسی خستە ژێردەستی خۆی. هەندێ لەمێژوونوسان دەڵێن: ساسانیەکان لەڕەگەزدا کوردن، ساسانیەکان ئاینی زەردەشتیان کردە یاسای دەوڵەت و وڵاتی کوردستان بەتەواوی کەوتە ژێردەستی ساسانیەکان. لەپێش داگیرکردنی وڵاتی فارس و کوردستان لەلایەن داگیرکەرانی ساسانی لەساڵی (٥٣)ی پ. ز لەرۆژگاری پاشای سێزدەهەمی ئەشکانی فارسی شەڕێکی سەخت لەنێوان فارس و ڕۆمدا لەسەر خاکی میدی ڕوویدا، سەرکردەی سوپای ڕۆم (کراتوسی) کوژرا، سوپای ڕۆم شکا و زۆری لێکوژرا، لەساڵی (١)ی پ. ز دوباره لەنێوان سوپای فارس و ڕۆم پەیمانی ئاشتی مۆرکرا، کوردستان و ئەرمەنستان درایە دەوڵەتی ڕۆم.

لەساڵی (٣١)ی زایینی سەرداری ڕۆما ئاینی مەسیحی کردە ئاینی دەوڵەت، بەم هۆیەوە شەڕی نێوان فارس و ڕۆم بوو بەشەڕی ئاینی سیاسی، دەوڵەتی فارسیش لەبەرامبەر ئەمەدا دەستکاری ئاینی زەردەشتی کردووە بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی ئەم ئاینەی گۆڕیوە و بەسەر گەلی میدیدا سەپاندوە. ئەگەرچی میدیەکان هەر لەسەر ئاینی ڕاستەقینە بوون، هەروەها

دوو سوپای ڕۆم لەکوردستان یەکتریان گرتەوە، هەردووکیان گەمارۆی شاری (مەدائین)ی پایتەختیاندا، بەڵام بۆیان نەگیرا و گەڕانەوە کوردستان، لەگەڕانەوەیاندا تووشی سوپای فارسی بوون و جەنگ هەڵگیرسایەوە و سەرکردەی سوپای ڕۆم کوژرا، لەبەرئەوە دەوڵەتی ڕۆم داوای ئاشتی لەفارسەکان کرد و لەئەنجامی ڕێکەوتنامەیەك لەنێوانیاندا کوردستان و ئەرمەنستان درایە دەوڵەتی فارسی، بەڵام لەسەردەمی (شاپوری سێیەم)ی فارسی، ئەرمەنستان نیوەی درایەوە ڕۆمەکان.

لەساڵی (٣١٣)ی زایینی لەسەردەمی (بەهرامی چوارەم) شای ساسانی (خوسرەوی ئەرمەنی) یاخیبوو. بەڵام شای ساسانی ئەم یاخیبوونەی دامرکاندەوە، هەر لەو ماوەیەدا کورد سێ ڕاپەڕینی کرد لەدژی دەوڵەتی فارسی، بەڵام هەموویان دامرکاندەوە و کورد تووشی دەربەدەری و کوشتن و تالان بووە. لەساڵی (٤٢٠)ی زایینی لەسەردەمی (بەهرامی گۆرد) دیسان کوردەکان ڕاپەڕینەوە، بەڵام سەرکوتکران.

لەساڵی (٥٠٣)ی زایینی، شەڕ لەنێوان فارسەکان و ڕۆمەکان لەکوردستان دەستیپێکردەوە لەناوچەی جزیرەی بۆتان و کوردستانی خواروو. (خوسرەوی یەکەم=ئەنوشیروان) لەساڵی (٥٧٠)ی زایینی هات بۆ کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (کورد و خەزەر) لەوکاتەدا قەیسەری ڕۆم بەسوپایەکی زۆرەوە ڕوویکردە کوردستان و کەوتە شەڕ لەگەڵ سوپای فارس، ئەم شەڕە پێنج ساڵی خایاند، لەساڵی (٦٠٠)ی زایینی (قوبادی

هـەرێمی (شـارەزوور و سـیروان و پـاوە و پشـدەر و تکریـت و حەلوان) کەوتنە ژێر دەسەلاتی سوپای ئیسلام.

لەساڵی (٤٩٥)ی کۆچی ئەم دەوڵەتانەی خوارەوە دروستبون، کە زۆربەی زۆری مێژوونوسان بەکوردیان دادەنێن:

١-دەوڵـەتی (ئەرتەکیـە) کـە لـە(مـاردین و حصـن کیـف) دروستبوو، بوو بەفەرمانڕەوای وڵاتـی کـورد، نزیکـەی سێسـەد ساڵ حوکمی کردووە، بەهۆی (قەرەقۆینلو) لەناوچووە.

٢-دەوڵـەتی (شـائەرمەن) لەناوچـەی (ئـەخان) دروسـتبوو، ئەیبوبیەکان ئەم دەوڵەتەیان ڕووخاند.

٣-دەوڵـەتی (زەنگـی) کـە فـەرمانڕەوای (موسـڵ و هـەولێر و سنجار و سوریە) بوو، ئەم دەوڵەتـەش هـەر بەهۆی (ئەیبوبیەکان) لەناوچوو.

لەساڵی (٥٤٠)ی کۆچی لـەئازەربایجان دەوڵـەتی (ئەتابویکـە) دامـەزرا، ئـەویش (خوڕازمیـەکان) ڕووخاندیـان، دەوڵـەتی (ئەتابویکە) لەدوای ڕووخانی دوبارە لە (لوڕستان) دامەزرایەوە، ئەویش (تـەیموری لـەنگ) ڕووخـاندی، بـەلام هـەندێ مێژوونـوس دەڵێن ئەم دەوڵەتە تاکو سەردەمی (پەهلەویەکان) هـەر فەرمانڕەوا بوون.

لەساڵی (٥٤٨)ی کۆچـی دەوڵـەتی (ئـەیوبی) بەسـەرکردایەتی (سـەلاحەدینی ئـەیوبی) دروسـتبوو، کـە کـورد بـوو. لەسـاڵی (٦٢٧)ی کۆچـی سوپای ڕۆم ڕوودەکاتە هـەرێمی شـارەزوور، کـە ئەوکاتە سەرکردەی هەرێمەکە (خەسرەوی پەروێز) بوو، سوپای

تاجانی لەکتێبی (شعلة في درب التأريخ)دا دەنوسێت: نازانم دەوڵەتی (خورشیدی خاوەر و دەوڵەتی بەهرامی لۆلۆیی) بۆچی تا ئێستا مێژوو باسیەکردوون. دەوڵەتی (خورشیدی خاوەر) کە بەدەگمەن مێژوو باسی ڕووداوەکانی کردووە، تەنها هەندێ سەرچاوە نەبێ وەکو: (شعلة في درب التأريخ) نووسینی مامۆستا مەلا ئەحمەدی تاجانی، ستارەی تابان، مامۆستا مەحمودی حەمامیان، (تهذيب التأريخ)–مامۆستا مەلا عەبدولقادری باڵەکی، (بحث عن منطقة بيتواته)–مامۆستا مەلا فەتحوڵلا هەرتەلی، وە هەروەها کتێبی (کوردنامە)ی ئاغا بەهاری موکریانی و هەندێ دانراو و نوسراوی تر.

بەڕاستی جێگای خۆیەتی گەلی کورد شانازی بەو کەڵە پیاوانەوە بکات کە لێنەگەڕاون مێژووی دەوڵەتێکی وا فراوان و بەهێز لەناوبچێت و نەوەکانی ئەمڕۆمان بێئاگا نەبن لێی و بەڵکو هەردەم ڕەگی لەناو مێژوودا بمێنێتەوە. بۆئەوەی بەڕوونی مێژووی دەوڵەتی (خورشیدی خاوەر) بخەینە سەر لاپەڕەکانی مێژوو، پێویستە بەر لەهەموو شتێك باسی شارۆچکەی (بێتواتە) بکەین کە پایتەختی دەوڵەتی (خورشیدی خاوەر) بووە.

مامۆستا مەلا فەتحوڵلا هەرتەلی دەڵێت: پایتەختی ئەم دەوڵەتە کوردیە شارۆچکەی (بێتواتە) بووە. دەربارەی هەڵکەوتنی گوندی (بێتواتە) و ماناکەی مامۆستا مەحمودی حەمامیان دەڵێت: (شارۆچکەی بێتواتە لەهەرێمی خۆشناوەتی هەڵکەوتووە، دەوروبەری شاخی بەرز و سەرکەشە و خوارووی دەشتی

بەفەرمانڕەوا و ناویان لەگوندی سوباریا نا (زەماوەند) بەناوی کچی (تیرکان). ئەنجا (زەماوەند) بوو بەناوی شارۆچکەی (سوباریا=بێتواتە) ئێستاش لەبەرامبەری گوندی بێتواتە جێگایەك هەیە بەسەر چۆم و باغاتی بێتواتەدا دەنوارێت پێی‌دەڵێن (زەمکێ) کورتکراوەی وشەی (زەماوەند)ە لەکاتی خۆی (زەماوەندخان) هاوینان کەپر و ساباتی لەوێ کردووە، ئێستاش شوێنەواری دیوارەکانی ماوە کە بەبەردی گەورە گەورە دانراوە).

دەربارەی وشەی (بێتواتە) مامۆستای ناوبراو دەڵێت: وشەی (بێتواتە) بەواتای (گۆڕستانی پیرۆز) هاتووە، چونکە کاتێك ئایینی حەزرەتی مەسیح (د. خ) لەو هەرێمەدا بڵاوبووە، قەشەیەکی پایەبەرز لە (بێتواتە) مردووە لەگۆڕستانی بەر (بێتواتە) نێژراوە لەبەر پیرۆزی ئەم قەشەیە مەسیحیەکان کە یەکێکیان لێ‌دەمرد دەیانهێنایە ئەم گۆڕستانە، کە ئێستاش ئەم گۆڕستانە هەر ماوە و گۆڕەکانی ڕووەو ڕۆژهەڵاتن واتە (مەسیحین). هەندێ مێژوونوسان دەڵێن: وشەی بێتواتە واتە (جێگەی بت)، چونکە کۆمەڵێك لەهۆزی (تەم) بتێکیان دەپەرست بەناوی (خامەسون) ئێستاش جێگایەك لەپشتی بێتواتە هەیە بەناوی دۆڵی (خەمسون). هەندێکیش دەڵێن: وشەی (بێتواتە) زمانی ئارامیە بەواتای (جێگەی فێنك) هاتووە، بەڵام ئاغابەهاری لەکتێبی (کوردنامە)دا دەڵێت: وشەی (بێتواتە) وشەیەکی ڕەسەنی (ماد)یە بەواتای (گردۆڵکە) هاتووە.

دامەزراندنی دەوڵەتی خورشیدی خاوەر

مامۆستا ئەحمەدی تاجانی لەکتێبەکەیدا دەڵێت: (خورشیدی کوڕی ئەردەشێری کوڕی یەزدی گوردی کوڕی نەریمان کوڕی بەهمەنی میدی) بوو، لەتیرەی (سیماشکی) سەر بەهۆزی (لوڕ)ە. لەشاری (ئەکباتان-هەمەدان) لەدایکبووە. (مێژووی لەدایکبوونی نەزانراوە)، خورشیدی خاوەر لەلایەن (سوهراب) شای ئێران کرابوو بەکاربەدەستی هەرێمی (ئەکباتان) بەهۆی مرۆڤایەتی و لێهاتوویی و ڕەوشت بەرزی، زۆربەی زۆری هۆزەکانی (مید)ی لەدەوری کۆبوبونەوە، جێگای بڕوای شای (ئێران)یش بوو، بۆ هەموو کاروباری دەوڵەت و لەهەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا باسی مەردایەتی (خورشید) دەکرا، تا لەناو گەلی فارسیشدا زۆر خۆشەویست بوو، لەبەرئەوە (سوهراب شا) لێی کەوتە گومان و ویستی پیلانی لەناوبردنی بۆ بنێتەوە لەبەر مەترسی دواڕۆژی خۆی، بەڵام لەبەرئەوەی (خورشید) زۆر خۆشەویست بوو لەناو گەلی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی لەناو گەلی (میدی).

هەموو سەرۆك هۆز و پیاوە جوامێرەکان (خورشید)یان بەسەرکردەیەکی دڵسۆز و ئازا دادەنا، لەبەرئەوە شای ئێران نەیویست ڕاستەوخۆ (خورشید) لەناوببات، بەڵکو دەیویست بەنهێنی پیلانێك بۆ لەناوبردنی دابنێ. بۆ ئەم مەبەستە بەنهێنی و بێئاگاداری کەس شەو لەگەڵ (کەی ئاپۆ)ی ئەمینی نهێنیەکانی شا کۆبونەوەی کرد و ئەم نیازەی لای دەربڕی، دوای وتووێژێکی

جێبەجێکردنی فەرمانی شای ئێران زەمین، بەدڵسۆزی گیانم بەختبکەم).

شا کە ئەمەی بیست وایزانی لەپیلانەکە سەرکەوت و فەرمانیدا شمشێرێکی دەسك زێڕ و ئەسپێکی ڕەسەنی بدەنێ و بەڵێنیدا بە (کواکسار) پلەی گەورە و مەزنی بداتێ لەبەرامبەر دڵسۆزی بۆ ئەم پیلانە گلاوەی لەدژی (خورشیدی خاوەر). کواکسار گەڕایەوە بۆ (ئەکباتان) و بەپەلە کۆبونەوەی لەگەڵ (خورشید)ی ئامۆزای کرد و لەپیلانەکە ئاگاداری کردەوە و ئامۆژگاری کرد کە ئاگاداری خۆی بێ لەفێڵی (سوهراب) شای فارسەکان.

خورشید زۆربەی زۆری سەرەك هۆز و پیاوماقوڵانی (مید)ی کۆکردەوە لەناوەڕۆکی پیلانی (سوهراب)ی ئاگادارکردنەوە و پێی ڕاگەیاندن: ئێوەی بەڕێزی نەتەوەی (کەیقوباد) و (کەیخوسرەو)ی میدی بڕیارتان چیە؟، وتیان: (تۆ چی بڕیار دەدەی ئێمە پشتگیری لەبڕیارەکەت دەکەین و لەخۆشی و ناخۆشی، لەشەڕ و ئاشتی لەژێر فەرمانی بەڕێزتانین). بەمجۆرە خورشید پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و شای ئێران بڕی و سوپایەکی ئازا و پڕچەکی لەلاوانی میدی دروستکرد و خۆی کردە فەرمانڕەوای (ئەکباتان) و دەوروبەری، وەکو نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نزیکەی ساڵێك فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کرد.

دوای ساڵێك سوهراب سوپایەکی زۆر و بەهێزی ئامادەکرد بەسەرۆکایەتی (فولادتەن) و ناردی بۆ سەر (خورشید) کاتێ سوپای (فارس) گەیشتە نزیك هەرێمی (ئەکباتان). سوپای میدی

گردەکە گۆڕەپانە هاوینان (خورشید) لەسەر ئەم گردە ساباتی کردووە و ئێستاش پێی‌دەڵێن (گردی خورشید).

کاتێك (سوهراب شا) زانی (خورشید) لەلایەن (پیرانشا)وە وەرگیراوە نامەیەکی بەهەڕەشەی بۆ (پیرانشا) نارد و داوای لێکرد کە خورشید دەربکات، دەنا سوپایەکی بێژمارە دەنێرمە سەرتان و لەولات دەرتدەکەم. پیرانشا ناردی بەدوای خورشید و سوپاکەی، ناوەڕۆکی نامەکەی سوهرابی پێ‌ڕاگەیاندن، ئنجا خورشید هەموو سوپاکەی و پیاوماقولانی میدی کۆکردەوە و دوبارە نامەکەی سوهرابی بۆ شیکردنەوە و ئەم وتارەی خوارەوەی خوێندەوە:

(تەتەهو ئاهو ڕاموزدە) واتە (بەناوی خوای چاکەویست)

ئەی بەچکە شێرانی میدی... ئەی جوامێران... ئەی ئەفسەر و کەیخودایانی سوپای میدی ئەکباتان... ئەی پاڵەوانانی نەتەوەی (بەهمەنی سیماشکی لوڕی).

ناتوانم بەوتە ئەو سوپاسەتان بکەم کە شایان بێت بەئێوەی جوامێر، بەڕاستی ئەوپەڕی شکۆمەندیە کە ئێمە لەسەر خاك و ولاتی خۆمان دەربەدەر کراوین، ئێستاش ئێمە لەگەڵ پیرانشا هەردووکمان بەرەگەز لەنەتەوەی مادین، ئەگەر لەدژی بوەستین ئەبێ شەڕی براکوژی بکەین کە لەبەرژەوەندی دوژمنانمان تەواو دەبێ و بەزیانی خۆمان کۆتایی دێت.

ئێوەی بەڕێز ئەبێ بزانن ئەگەر ئێمە لەهەرێمی لاجان نەڕۆین سوپای سوهراب دێت و کوشتن و سوتان و وێرانکاری و دەربەدەری تووشی دانیشتوان دەبێ، لەبەرئەوە من وەکو

لەبەرئەوە کەوتە ئازاردانیان بەجۆرێك ژیانیان تاڵ بووبوو، بەدزی چەکیان پەیداکرد و هەموویان بەڵێنیاندا بۆ ڕزگاری گەل و خاکی میدی سەروماڵیان بەخت بکەن.

سوپای میدی بەسەرۆکایەتی (گەندەش شا)ی میدی کە دەکاتە بابەگەورەی ڕەگەزی (سماشکی)، ئەم سوپایە لەگەڵ سوپای (فارس) کەوتە جەنگ لەدوای کوشتارێکی زۆر لەهەردوولا، سوپای فارس شکا و وڵاتی میدی لەدوژمنان پاککرایەوە. گەندەشی میدی سنووری دەوڵەتەکەی فراوانکرد بەمجۆرەی خوارەوە:

لای خوارەوە تاکو شاری (ئیستو=هیت)، لای سەرووی تاکو ڕووباری (ئاراکس=ئاراس)، لای ڕۆژهەلاّت تاکو نزیکی سەند و بەنجاب، لای ڕۆژئاوا تاکو (شاپار=ئەسکەندەرونە). بەلاّم لەبەرئەوەی نەخۆشی تاعون لەناو سوپای میدی بلاّوبووەوە لەدۆڵی (ئادگەنە و پوڕانین) زۆربەی سوپاکە بەتاعون مردن، ئەوەی مابوو بەکەناری (دەلەمون=بەحرێن) گەڕانەوە دەوروبەری (ئەکباتان) لەوماوەیەدا (گەندەش) شای میدی مرد و (ئاگومی یەکەم) کە خزمی بوو، بوو بەپاشای (مادستان) دوای ماوەیەك (ئاگومی دووەم) بوو بەشای مادستان، ئەم شایە بەسوپایەکی زۆرەوە هاتەسەر وڵاتی (بابل)، لەدوای جەنگێکی خوێناوی شای بابل کوژرا و سوپاکەی شکا و وڵاتی بابل تووشی سوتان و تالاّن بوو.

دوانزە مانگ سوپای میدی شەڕی مەردانەی کرد و بەرگری لەگەڵ و وڵات کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێك سەرۆك هۆزی ماد هەڵگەڕانەوە و چەکی نامەردیان هەڵگرت و چوونەپاڵ دەوڵەتی فارس. لەبەرئەوە سوپای میدی شکا و هەمووومان بەماڵ و خێزانەوە هاتین بۆ هەرێمی (لاجان) بۆلای (پیرانخان)ی میدی، ئەویش زۆر مەردانە وەریگرتین، بەڵام دەوڵەتی فارس هەڕەشەی بۆ نارد کە ئەبێ ئێمە دەربکات لەهەرێمی لاجان، منیش نەمویست ببمە هۆی شەڕ و دەربەدەری خەڵکی وڵاتی لاجان.

لەبەرئەوە سوپا و ماڵ و خێزانم کۆکردۆتەوە و دەمەوێت بێمە ژێر سێبەری دەوڵەتی (لۆلۆ) لەهەرێمی (زاموا=دەربەندی بابیت=دەربەندی بازیان) کە ئێمە هەموومان ڕەگەزمان میدیە و نەوەی (ئارین). ئەمە دەقی نوسراوی (خورشیدی خاوەر)ە کە بۆ شای (لۆلۆ) نوسیویەتی دەڵێن: (ئەم نامەیە لەپێست نوسراوە و ئێستا لەعەنتیکەخانەی تاران هەیە).

ئاغا بەهاری موکریانی لەکتێبی (کوردنامە)دا دەڵێت: (خورشید) برایەکی گەنج و جوان و ئازای هەبوو ناوی (کادی) بوو، ئەوکاتەی کە لەدەشتی (لاجان) بوون (زێڕینا) کاهینەی پەرستگە، کچێکی قەشەنگ و جوان بوو، لەگەڵ (کادی) گرفتاری ئەوینی یەکتربوون (زێڕینا) لەگەڵ (خورشید) کەوت و پەرستگەی (زەرکەتانی) جێهێشت. هەروەها (خوبیار) کاهینی پەرستگەی ناوبراو بوو، ئەویش کەوتەگەڵ سوپای میدی. مامۆستا هەرتەلی لەکتێبەکەیدا دەڵێت: شای (لۆلۆ) هەموو پلەدار و پیاوە

یەکەم: سوپای خورشید هاوبەشی سوپای (لۆلۆ) بێت بۆ بەرگریکردن لەخاك و وڵات و کاتی پێویست.

دووەم: خورشید و سوپاکەی بەبێ فەرمانی شاهانە دەست لەکاروباری وڵات وەرنەدەن.

سێیەم: خورشید و سوپاکەی ئەبێ ئایینی ئێمە قبوڵ بکەن.

شا و ئامادەبووان ئەمانەیان زۆر لا پەسەند بوو، شا مەرخەش بەم مەرجانە وەڵامی (خورشید)ی ناردەوە. کاتێك خورشید نامەکەی شا مەرخەشی پێگەیشت لەکۆبونەوەیەکی گشتی سوپا و خەڵکەکەی، نامەکەی بۆ خوێندنەوە و بەم مەرجانە ڕازیبوون. بەمجۆرە خورشید و سوپاکەی وڵاتی لاجانیان جێهێشت و بەوڵاتی (ئامری=پشدەر)دا کەوتنەڕێ بەرەو دەوڵەتی (لۆلۆ)، وەختێ لەهەرێمی زاموا نزیکبوونەوە شا مەرخەش و ئەفسەران و کاهینان و پیاوماقوڵان پێشوازیان لێکردن و دوای دامەزراندنی ماڵ و خێزانیان دەوڵەتی لۆلۆ، خورشید و سوپاکەی ناردە هەرێمی (سۆباریا=بیتواتە)، خورشیدی خاوەر و کادی برای و زێڕینای کاهینە و خوبیاری کاهین و سوپاکە کەوتنەڕێ بەرەو هەرێمی (سوباریا) کە گەیشتنە دەشتی (نارین=بیتوێن) خورشید تەماشایکرد جێگایەکی خۆش و گونجاوە، خورشید سوپاکەی لەدەشتی نارین دامەزراند و خۆی و چەند ئەفسەر و پیاوماقوڵ چوون بۆ سۆباریا.

خەڵکی ناوچەکە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردن، خورشید بارەگای خۆی لەسوباریا دانا و خەریکی ئاوەدانکردنەوە و

(سوباریا=بێتواتە) دوو بەرەبابی لێبوون هەردووکیان لەڕەگەزی میدی بوون، یەکیان بەناوی (گۆتی) و ئەویتریان بەناوی (سۆباری)، ئەوانەش پاشماوەی ئەوانە بوون کە لەکاتی هێرشی پاشای سۆمەری (ئۆتۆحیکال) بەسوپایەکی زۆر ناوچەی (سۆباریا) و دەوروبەری داگیرکرد و دەستیکرد بەکوشتن و وێرانکاری، ئەوانەی لەم داگیرکاریە ڕزگاریان بوو لەکێوەکانی دەوروبەری (سۆباریا) گیرسابوونەوە، کاتێ (سۆمەریەکان) گەڕانەوە خوارووی عێراق ئەوانیش گەڕانەوە (سۆباریا) و دەستیانکردەوە بەکاروباری خۆیان.

(تیرکانشا) کە شای گۆتی بوو لەگوندی (هەرمك)ی ئێستا دادەنیشت کە گوندێکە لەڕۆژئاوای (سۆباریا) نزیکەی (٤٠)کم دوورە لێی، بەڵام ئەم شایە حوکمڕان نەبوو، چونکە فەرمانڕەوای ئەم هەرێمە پاشای لۆلۆ بوو، (ئۆتۆحیکال) ڕوویکردە ئەم شارۆچکەیە، بەڵام تیرکان خۆی نەگرت بەرامبەر ئەم هێرشە و هاتە شارۆچکەی (ئارمۆتە=هەرمۆتە) لەخوارووی شاری (کۆیێ)ی ئێستا، ئێستاش هەموو دانیشتوانی لەسەر ئایینی مەسیحین، مەزهەبی (کاثولیك)، بەڵام بەفەرمانی قەشە پۆڵسی (تیرکان) درایە دەستی شای (سۆمەری) و شا بەدەستی خۆی کوشتی. ئێستاش لەگوندی (هەرمك) شوێنەواری قەڵاتی (تیرکان) ماوە کە پێی دەڵێن (قەڵاتی تیرەگۆتی) یان (تیرکانی گۆتی) لەسەرووی گوندی (هەرمك) ئەشکەوتێکی دەستکردی لێیە بەناوی (ئەشکەوتی تیرکان).

بەهرام شا کاتێك نامەی خورشیدی خوێندەوە، بەگەرمی بەخێرهاتنی کادی کرد و سوپاسی خورشیدیشی کرد. کادی خۆی و چەند ئەفسەر و سەربازێك دەستیکرد بەگەڕان بۆلای سەرۆك هۆز و گەلی زاموا، دوای گەڕانێکی زۆر گەڕایەوە لای (بارام شا) و لەکۆبونەوەیەکی ئەفسەرانی سوپای دەوڵەت بەپێی توانا کێشە و گیروگرفتەکانی نێوانیان یەکلاکردەوە و کادی گەڕایەوە بۆ (سۆباریا-بێتواتە).

زۆری نەخایاند پاشای (عیلام) کە ناوی (سڵخاخا) بوو بەسوپایەکی زۆر و پڕچەك هێرشی کردەسەر دەوڵەتی (لۆلۆ)، خورشید کە بەمەی زانی سوپایەکی زۆری کۆکردەوە و بەسەرکردایەتی (کادی) ناردی بۆ پشتیوانی سوپای (بارام شا) دژی عیلامیەکان، کادی لەلایەن (بارام شا)وە کرایە سەرکردەی گشتی سوپای (لۆلۆ)، دوای شەڕێکی سەخت سوپای (عیلام) شکا و گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

زۆری نەخایاند (سڵخاخا) مرد و لەگۆڕستانی شاهانە لەشاری (شوش) کە پایتەختی دەوڵەتی (عیلام) بوو نێژرا، دوای ئەو کوڕەکەی کە ناوی (هالو-هەڵۆخان) بوو لەجێگای بوو بەشای (عیلام) ئەویش وەکو باوکی بەهیوای ڕووخاندنی دەوڵەتی (زاموا) بوو، بۆیە بەسوپایەکی زۆرەوە هێرشی کرد، بەڵام ئەویش بەزیانێکی زۆر گەڕایەوە بەدەشتی لاجاندا، کاتێ گەیشتە سەر ڕووباری (لاوێن) کە دەوروبەری هەمووی دەشت و مێرگ بوو، هەڵۆخان فەرمانیدا سوپاکە لەوێ بحەسێتەوە، کاتێك هەڵۆخان

خاك و گەل مادستان دەزانین، وە ڕێز و خۆشەویستی ئێوە لەدەروونی هەموو کەسدا جێی خۆی کردۆتەوە، لەبەرئەوە من ئامادەم تاجی شاهانەی دەوڵەتی لۆلۆ پێشکەش بەبەڕێزتان بکەم و خۆشم بەسەربازێکی دڵسۆزی دەوڵەتی لۆلۆ بزانم.

لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر و ڕەزامەندی ئامادەبووان خورشید بوو بەشای دەوڵەتی (لۆلۆ) و بارام شاش بوو بەوەزیری (خورشید)، دوای ماوەیەك خورشید پایتەختی دەوڵەتەکەی گواستەوە بۆ شارۆچکەی سۆباریا، لەبەرئەوەی خورشید دایکێکی زانا و ئازای هەبوو ناوی خاوەر بوو، ناوی سۆباریای گۆڕی و کردی بە(خاوەر زەمین). لەو ڕۆژەوەی (خورشید) بوو بەپاشا، زیاتر دەستیکرد بەخزمەتی گەل و ولات و چاککردنی کشتوکاڵ و جۆگەلێدان و ئاوهێنان بۆ گوندەکان و چاککردنی ڕێگەوبان و قەدەغەکردنی بڕینی داری تەڕ و کوشتنی باڵندە و گیانلەبەری کێوی و فەرماندان بەدانانی ڕەز و باغ، وە چەند پەرستگەی یەزدان پەرستی دروستکرد لەگوندەکانی دەوروبەری (خاوەرزەمین)، وە هەروەها مافی ژنیی دا کە بۆ خۆی مێرد هەڵبژێرێ بەزۆر مارە نەکرێت، وە موچەی بۆ کاهینەکان و بەساڵاچوان و پەککەوتەکان بڕیەوە، وە هەروەها بەگونجی گڵین ئاوی هێنایە ناو پەرستگە و شوێنە گشتییەکان (ئێستاش زۆرجار ئەم گونجانە لەژێر گڵ دەردەکەون)، وە هەروەها چەند کەسی دەست ڕەنگینی تەرخانکرد بۆ دروستکردنی مافور و بەڕە و ڕەشماڵ و کارگەیەکی دروستکرد بۆ دروستکردنی ڕم و

سوودی لێوەردەگرێت ئەم ئەشکەوتە زستانان دەرگای دەگیرا بەهۆی پڕبوونی لەئاو، بەلاَم هاوینان دەرگای دەکرایەوە، ئەم کانیاوە تایبەت بووە بەماڵی (خورشید)، ئێستاش بەم ئاوە دەڵێن (ئاوی داك خاوەر)، لەناو ئەم ئەشکەوتەدا دیواری دەستکردی جوان جوان کراون کە هەرماون.

لەوکاتەی خورشیدی میسدی لە (خاوەرزەمین) بوو بەشا، لەدۆڵی (شاورێ)ی نزیك (خاوەرزەمین) قەشەیەکی مەسیحی هەبوو کاروباری ئاینی و کۆمەلاَیەتی ناوچەکەی جێبەجێ دەکرد و لەگوندی (نۆرە) دادەنیشت، ئێستاش ئەم گوندە هەربەم ناوەوە ماوەتەوە، لەم گوندە بناغەی قەلاَتێك ماوە پێی‌دەڵێن قەلاَتی (شائول شا)، وشەی (شاورێ) لەناوی ئەم پاشایەوە هاتووە و وشەی (شائول) کراوە بە(شاور). ئەم قەشەیە لەگوندی (مێدێرە) دێرێکی بۆ کچان دروستکردبوو، وشەی (مێدێرە) واتە (دیر الراهبات) واتە (دێری ڕەبەنان).

خورشید بەخوبیاردا نامەیەکی بۆ (شائول شا) نارد و تیایدا داوای لێکردبوو یاسای دەوڵەت قبوڵبکەن و سەر بەدەوڵەتی (خورشید) بن، (خوبیار) نامەکەی برد بۆ (شائول شا)، ئەویش زۆر ڕێزی (خوبیار)ی گرت و داوای لێکرد هەفتەیەك ماوەی بدەن تاکو ڕاوێژ لەگەڵ کاربەدەستان و پیاوماقولاَن بکات، ئەنجا وەلاَمیان دەداتەوە. شائول شا لەڕۆژێکی دیاریکراودا (قەشە و مەتران و کاردینالْ و پیاوماقولاَن)ی کۆکردنەوە و لەناوەڕۆکی نامەکەی خورشید ئاگاداریکردن و وتی: پێش هەموو شتێك ئەبێ

ین، بەمەرجێ یاساکە دژی ئایینی ئێمە نەبێ، ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و بوزی و مەزدەسنی) بۆیان هەیە پەیڕەوی ئایینی خۆیان بکەن، بەمەرجێ دژی دەوڵەت نەبێ، زەردەشتی و مەسیحی بۆیان هەیە ژن لەیەکتری بخوازن و ژن بدەن بەیەکتری، هەروەها ئەبێ یاسای دەوڵەت بەیەکسانی بڕوانێتە مافی هەموو کەس.

ئەم پەیمانە لەسەر پێستی کارەکێوی نوسرایەوە، لەساڵی (١٩٢٥) لەگوندی (شەکەڵە) بەردێکی بازنەیی دۆزرایەوە کە هەردوو ڕووی بەخەتی بزماری نوسرابوو، هەمان ئەو پەیمانە بوو کە لەنێوان (خورشید) و (شائول شا) مۆرکرابوو، بەڵام (فەوزی بەرقی) کە تورك بوو ئەم بەردەی قۆستەوە و بردی بۆ تورکیا. وشەی (شەکەلە) کە ناوی گوندی (شەکەلە)یە، لەناوی قەشە (شاکل ئیلۆ) وەرگیراوە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆتە (شەکەڵە).

خورشید قوتابخانەیەکی دروستکرد کە کوڕ و کچ پێکەوە لەم قوتابخانەیەدا دەیانخوێند، خورشید یەکەم کەسە کە ڕێگای داوە کوڕ و کچ پێکەوە بخوێنن و مافی بەژن داوە وەکو پیاو بخوێنێ و خوێندنی کردە زۆری و خوشکی خۆی کە ناوی (پەریسا=پەری ئاسا) بوو ناردیە قوتابخانە، لەتەمەنی هەشت ساڵان، ڕۆژانە (پەریسا) لەگەڵ (لارەکین) کوڕی (خوبیار) دەچوون بۆ قوتابخانە و وانەی ئاڤێستایان دەخوێند کاتێك تەمەنیان گەیشتە شازدە ساڵان هەردووکیان گرفتاری ئەوینی یەکتربوون.

(خورشید)ی میدی، ئەگەرچی ڕەنگی ئاڵای دەوڵەتی ماد ڕەش و سپی بووە.

دەربارەی سکەی پارە (خورشیدی خاوەر) سکەی پارەی دروستکرد، لەڕوویەکی پارەکە وێنەی ئاگرێکی لێبوو کە دوو کاهین لەدەوری وەستابوون لەڕووەکەی تر وێنەی سەری (خورشید)ی لەسەربوو، لەخوار سەری خورشید بەخەتی (دین کوردە)ی ئاڤێستا ناوی (ئاهوڕامزدە) بەوردی نوسرابوو. لەساڵی (١٩٨٠)ی زایینی حکومەتی عێراق خەریکی چاککردنی ڕێگای بێتواتە بوو بەبلدۆزەر لەکاتی هەڵکەندنی زەوی کوپەیەك دۆزرایەوە دوو جۆر پارەی تێدابوو، یەکێکیان پارەی سەردەمی (عەبدولمەلیك کوڕی مەروان)ی ئەمەوی بوو کە ئایەتی قورئانی لەسەر هەردوولا نوسرابوو، پارەکەی تر پارەی سەردەمی (خورشیدی میدی) بوو، ڕوویەکی وێنەی خورشید و ڕووەکەی تری وێنەی ئاگرێك و دوو کاهین بوو، ئێستاش لەبێتواتە و گوندی (دواوە) ئەم دوو جۆر پارەیە لای خەڵك هەیە.

(خورشیدی مید)ی ڕاوێژکارێکی زانا و لێهاتووی هەبوو ناوی (مشۆك) بوو خەڵکی (نارین-بیتوێن) بوو، خورشید بۆ هەموو کاروباری دەوڵەت ڕاوێژی لەگەڵ دەکرد، مشۆك بەخورشیدی وت: پێویستە هەندێ سەرباز بنێری بۆ دامێنی کێوی (کاکان-کۆهان-کویێ)ی ئێستا کە شارێکی کۆنە و لەپارێزگای هەولێر هەڵکەوتووە، خورشید نزیکەی هەزار سەربازی نارد بەسەرۆکایەتی (قازبگ) ئەم سوپایە بەدەیان ئەشکەوتی لەم

شوێنەواری قەڵاتی خورشیدی خاوەر لەگوندی بێتواتە

لەخوارووی قەڵای خورشید پارچە بەردێکی تەخت هەیە ڕەنگی شینی ئاسمانیە و لەشێوەی لاکێشەدایە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (٩٠٠) مەتر چوارگۆشەیە، جێگەی کونکراوی داری خێوەتی لێهەڵکەندراوە، هاوینان خورشید و زیرەکان و کاربەدەستانی کابینەی دەوڵەت لەسەر ئەم بەردە خێوەتیان هەڵداوە، لەلای ڕۆژهەلاتی ئەم بەردە پارچەیەکی لێکراوەتەوە دەڵێن: ئەوکاتەی کە سوپای ئاشووری چوار سەدە پێش زایین هاتۆتە بێتواتە ئەم پارچەیەیان لێکردۆتەوە و بردویانە، لەبەرئەوەی نوسینێکی زۆر لەسەر ئەم پارچە بەردە نوسراوە، بەڵام نەزانراوە نوسینەکە چی بووە، هەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان و قوربان گەنجانی گوندی (بێتواتە و دواوە و ئەندێك) سێ ڕۆژ هەڵپەڕکێ و شاییان بەوتنی گۆرانی ڕەسەنی کوردی لەسەر ئەم پارچە بەردە دەکرد، ئێستاش ئەو قادرمە بەردینانە ماون کە لەسەرا و پەردەی خورشیدەوە هاتووە بۆ سەر تەختەکە و ماوەی نزیکەی (٢٠٠)م ئەبێ.

لەدەوری قەڵا و تەختەکەدا چوار جێگەی ئێشکچی لێیە، ئێستاش خەڵکی بەجێگەکە دەڵێن (باجگران)، لەخوارووی بێتواتە دۆڵێك هەیە بەناوی دۆڵی (خشتان) کە خشتی قوڕی لێسورکراوەتەوە بەئاگر، لەخوارووی تەختی خورشید شوێنەواری ئاشێکی ئاردهاڕین هەیە کە (سەرشین) دروستیکردووە و

ماوەتـەوە، ئـەم شـارۆچکەیەی ڕازانـدەوە بـەڕواندنی دار و گوڵـی ڕەنگاوڕەنگ وە لەژێر شاخەکە ئاوی بۆ شارەکە ڕاکێشا بەگونجی سوورەوکراو، ئێستاش زۆرجار خەڵك ئەو گونجانە ئەدۆزنەوە و پێیان دەڵێن (لولەی سیناخان)، لەسەر شاخی پشتی شارۆچکەکە شورەیەکی بەردی دروستکردبوو، ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوە و پێی دەڵێن دیواری (سیناخان).

لـەناو سـوپای خورشـید ئەفسـەرێکی چـالاك هـەبوو نـاوی (هاروت) بوو (خورشید) سیناى دا بەم ئەفسەرە کە باپیرەگەورەی هـۆزی (هـەروت) بـوو، ئێسـتاش ئـەم هـۆزە هـەر لـەو هەرێمـەدا نیشتەجێن بەتایبـەتی لـەگوندی (هەرووتەکەون). خورشـید بـرای خـۆی (کـادی) کـرد بەسـەرکردەی گشـتی سـوپای دەوڵەتەکـەی، ئێسـتاش شـوێنەواری قەڵایـەك هەیـە بـەناوی (قۆنگـرەی کـادی) لـــــەخوارووی قەڵاکـــــە دۆڵێــــك هەیـــــە بــــــەناوی (بەستەقادی=بەستەکادی).

باسـی ئـەوەمان کـرد کـە (لارەکـین) کـوڕی (خوبیـاری وەزیـر) لەگەڵ (پەریسا)ی خوشکی خورشید گرفتاری ئەوینی یەکتر بوون و پـەیمانیان بەیـەکتر دابـوو بـۆ هاوسـەری، بـەڵام (پەریسـا) پەیمانەکەی شکاند و (لارەکـین)ی لـەبیرخۆی بـردەوە، (لارەکـین) چەند پیاوماقوڵی ناردە داخوازی (پەریسا)، بـەڵام ڕازی نـەبوو لاری هـەبوو لـەوەی ببێتـە هاوسەری (لارەکـین)، چـەند جـاری تـر چوون بۆ خوازبێنی بەڵام نە (پەریسا و نە خورشید و نە خوشکە گەورەکـەی) ڕازی نـەبوون لـێرەوە نێوانـی خورشـید و خوبیـار

(سیاپشت) مانای (پشت ڕەش)، ئێستاش پاشماوەی ئەم هۆزە لە (ئازەربایجان) هەر بەناوی (سیاپشت) ناودەبرێن.

کاتێك سوپای ڕۆم دەوڵەتی خورشیدی داگیرکرد، دەستیکرد بەتالان و سوتاندنی دێهات و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و هەژار، لەوکاتەدا لەهەرێمی (ئۆرارتۆ-ورمێ) سەرکردەیەکی چالاکی میدی سەریهەڵدا کە ناوی (کەیقوباد) بوو کاتی خۆی لەسوپای (خورشید) ئەفسەر بوو، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی نادیار وازیهێنابوو، خوێنی کوردایەتی نیشتمانپەروەری هانیدا کە جوڵە بکات و لەلاوانی میدی سوپایەکی پێکهێنا و ڕوویکردە هەرێمی (خاوەرزەمین) لەبەرەبەیانێکدا سوپای (کەیقوباد) هێرشی بردەسەر سوپای ڕۆم، لەدوای جەنگێکی قورس سوپای ڕۆم شکا و هەرێمەکەی چۆڵکرد، (کەیقوباد) خۆی و سوپاکەی ڕوویکردە شارۆچکەی (کۆهان=کۆیە) لەوێوە ڕوویکردە شارۆچکەی (مارشیما=ئاڵتون کۆپری) و تاکو هەرێمی (ئارابخا=کەرکوك) ڕۆیشت، (مەنوچەهر) کوڕی (سوهراب شا) پاشای دەوڵەتی فارس کە لەجێگەی باوکی بووبوو بەشا کە بەسەرکەوتنەکانی (کەیقوباد)ی زانی بەسوپایەکی زۆرەوە ڕوویکردە هەرێمی (خاوەرزەمین)، (کەیقوباد) کە زانی سوپای فارس هێرش دێنێتە سەر وڵاتی (خاوەرزەمین) خۆی و سوپاکەی گەڕایەوە و لەدەشتی (خاوەرزەمین) سوپای کورد و سوپای فارس کەوتنە شەڕەوە و لەئەنجامدا سوپای کورد شکا و کەیقوباد خۆیی و پاشماوەی سوپاکەی ڕوویانکردە وڵاتی (تورکیە) و لەوێ گیرسانەوە.

ئەم سەرکردەیە سێ ساڵ فەرمانڕەوایی ئەم ناوچانەی کردووە و لەدوای ئەوە (کەیقوبادی ئاراراتی) کە خۆی بەمیدی دادەنا لەهەرێمی (ئارارات)ەوە بەسوپایەکی زۆر تێکەڵاو لە (کورد و ئازەر و فارس) ڕوویکردە هەرێمی (ڕماوێژ) و دوای لە (ڕانك) کرد کە هەرێمەکە بداتە دەستی، بەڵام سەرکردە (ڕانك) لاری بوو ڕازی نەبوو، کەیقوباد بەنەرمی وتووێژی لەگەڵ کرد و ویستی فریوی بدات، ئەوەبوو بۆ نانخواردن بانگیکردن و لەکاتی نانخواردندا هەموویانی دانە بەر تیرئەنداز و خۆی و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کوژران و بەم جۆرە ئەمارەتە مەزنەکەی سەرکردە (ڕانك) کۆتایی پێهات.

لەناو سوپای فارسدا ئەفسەرێك هەبوو بەناوی (کواکسار) بەڕەگەز میدی بوو، بەنهێنی چەند ئەفسەر و سەربازی کوردی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، لەوکاتەدا دەوڵەتی فارس خەریکی جەنگ بوو لەگەڵ (یۆنان) و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو وڵاتدا نەمابوو بەتایبەتی (مادستان)، سەرکردە (کواکسار) سوپایەکی کۆکردەوە و ڕوویکردە دەشتی (سندوس و لاجان) زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی دەستبەسەراگرت و خۆی لەدەوڵەتی ئێران پچڕاند و نیمچە دەوڵەتێکی لەکوردستان دامەزراند، ئەنجا سوپایەکی نارد بۆ هەرێمی (باڵەك) و شارۆچکەی (مەساسیری-ڕەواندز)، بەڵام پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکات یەکێ لەئەفسەران کە ناوی (چوبینە) بوو ڕوویکردە کواکسار و وتی: خۆتان دەزانن ئەمیر (فولاد) کە هەرێمی (ڕەواندز

شوێنەواری گوندەکانی خۆشناوەتی

هەر لەگوندی (بێتواتە) شوێنەوارەکانی دەوڵەتی (خورشیدی مید) و (خوبیار) و (کادی) و سەرکردەکانی تری مید نیە، بەڵکو لەزۆربەی گوندەکانی دەوروبەری (بێتواتە) تا ئێستاش ئەم شوێنەوارانە ماون لەگوندەکانی (هەرتەل، هەرمك، بالیسان، ئەندێك،... هتد).

شوێنەواری گوندی هەرتەل

گوندی (هەرتەل) کەوتۆتە ڕۆژئاوای (بێتواتە)، ئاوی سارد و باغ و باغاتی زۆرە، (٣٠٠٠) ساڵ بەر لەمێژووی زایینی، پیاوێك بەناوی (هەرتائیلا) پەیدابوو لەگوندی (هەرتەل) کە بەڕەگەز میدی بوو، داوای یەزدان پەرستنی لەخەڵکەکە دەکرد، بنچینەی هێزی بیروباوەڕ و بوونەوەری لەسەر ئەمانەی خوارەوە دانابوو:

یەکەم| هێزی چاکە: ئەوانەی بەدوای چاکە دەکەون خۆشەویستی یەزدانن.

دووەم| هێزی خراپە: ئەوانەی بەدوای خراپە دەکەون دژی یەزدانن.

هەندێ لەشەریعەتەکانی ئەم پیاوە بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

ا-دەبێ کچ بەئارەزووی خۆی دەستنیشانی هاوسەری ژیانی بکات و تەڵاق بەدەستی ژن بێ.

شوێنەواری گوندی نێوە

گوندی (نێوە) لەخۆرئاوای (بێتواتە) هەڵکەوتووە، لەتەنیشت گوندەکە گردێك هەیە بەناوی گردی (میرچاڵان)، لەدەوروبەری ئەم گردە بەدەیان دیواری کۆن و بناغە و کونی دەستکرد هەیە، زۆر شتی کۆنی لێدۆزراوەتەوە وەکو (گۆزە و شمشێر و خشڵی ژنان و پارەی کۆن). لەساڵی (١٩٥٠)ی زایینی (عەلی مامەحەم) خەڵکی گوندی نێوە لەسەر گردەکە بەردێکی چوارگۆشەی دۆزیەوە، ڕەنگی بەردەکە سووری کاڵ بوو، وێنەی گەنجێکی سەر ڕووتی لەسەر کرابوو، لەلای قاچی گەنجەکە وێنەی مارێکی لەسەر بوو، من خۆم بەردەکەم بردە لای شوێنەوارناسێك لەهەولێر، وتی ئەم گەنجە سەرکردەی ئەم هەرێمە بووە، مارەکەش نیشانەی هێزە، بەردەکەم هێنایەوە و دامەوە دەستی خاوەنەکەی، پیاوێك کە ماڵی لەشاری ڕەواندز بوو بەناوی (عەلی ئۆغلو) بەڕەگەز تورك بوو، بەردەکەی لەخاوەنەکەی کڕیبوو بەدەفتەرێك سیغارەی بافرە.

(عەلی محەمەد) خەڵکی هەمان گوند هەندێ پارەی لەگردەکە دۆزیەوە کە هەردوو ڕووی ئایەتی قورئان بوو، من خۆم پارەکەم دیت کە سککەی (عەبدولمەلیك کوڕی مەروان)ی پاشای ئەمەوی بوو. لەڕۆژگاری دەوڵەتی (ئەمەوی) لەگوندی (نێوە) سەرکردەیەکی کورد بەناوی (گۆران) ئەمارەتێکی بنیاتنا و سوپایەکی باشی دروستکرد، سنووری ئەمارەتەکەی لەخوارەوو تا دەوروبەری (تازەخورماتوو) دەچوو، لەژوورەوو تاکو (گەلاڵە)ی

شوێنەواری گوندی بالیسان

(٣٠٠٠) ساڵ بەر لەمێژووی زایینی لەشارۆچکەی (بالیسان) دەوڵەتێك هەبووە زۆر بەهێز بووە، پاشای ئەم دەوڵەتە ناوی (دێگە) بووە، ئێستاش گردێك هەیە لەخواروی (بالیسان) بەناوی گردی (دێگە) کاتی خۆی ئەم شایە قەڵایەکی لەسەر ئەم گردە دروستکردووە، ئێستاش بناغەکانی ماوە. لەدوای (دێگەشا) کوڕەکەی خۆی کە ناوی (شاجوان) بووە بووەتە پاشای ئەم دەوڵەتە، بەڵام سوپای (ئەفراسیاب) ئەم دەوڵەتەی ڕووخاندووە، وشەی (بالیسان) بەزمانی عیبری بەمانای (فێنك و قەدپاڵ) هەر ئەوەندە لەبارەی ئەم دەوڵەتە زانراوە.

شوێنەواری گوندی ئەندێك

ئەم گوندە لەقەدپاڵی شاخی ماکۆك هەڵکەوتووە، بەدەیان بناغەی کۆشك و خانووبەرە و دیواری لێیە، زۆر شتی کۆنی لێدۆزراوەتەوە وەکو (شمشێر و سەرەتیر و مۆر و پێداویستی کشتوکاڵکردن)، سەرکردەیەك لەم گوندە هەڵکەوتووە بەناوی (مەزن)، ئەمارەتێکی فراوانی دامەزراندوە و تاکو دەشتی هەولێر و لاجان و دەشتی بەرازگر و شارەزووری لەژێردەستدا بووە، ئەم ئەمارەتە بەهۆی سوپای (ئەسکەندەری یۆنانی) لەناوچووە، ئێستاش شوێنێك هەیە بەناوی (مل مەزن).

دانابوو، شمشێری بەدەستەوە بوو پێئەچوو چاوەڕێی فەرمانێکی کچە سوارەکە بکا، وەکو زانیم ئەم بەردە بەقاچاغ گەیشتە دەوڵەتی ئیسرائیل.

لەساڵی (١٩٧٨)ی زایینی کاربەدەستانی (ئەنوەربەگ) لەهەمان جێگا بەردێکی شێوە بازنەیان دۆزیەوە دەوروبەری بەردەکە بەنوسینی بزماری نوسرابوو، ئەم بەردەش درا بە(عزت ئیبراهیم) جێگری (سەدام) لەبەغداد. لەساڵی (١٩٢٨)ی زایینی (خاڵە خێلە) خەڵکی گوندی بێتواتە لەخوار قەڵای (خورشید) پەیکەرێکی لەبەرد دروستکراوی دۆزیەوە کە هەندێ نووسینی لەسەربوو، پێئەچوو پەیکەری ڕاستەقینەی زەردەشت بێ. (شێخ ئەحمەد تەها) لەقەڵای خورشید پەیکەرێکی دۆزیەوە کە پەیکەری (گۆلکێك=گوێرەکە) بوو دوو کەسی ڕووت سواری پشتی گۆلکەکە بووبوون یەکێکیان پیاو و ئەوەی تریان ژن بوو، پیاوەکە کتێبێکی لەبنهەنگڵدا بوو.

لەساڵی (١٩١٦)ی زایینی بەرامبەر قەڵای خورشید (مام عەبدوڵڵای تەڵەوان) لەبن بەردێك جێگەی تەڵە خۆشدەکات، بەردێك دەدۆزێتەوە لەشێوەی هێلکە، هەردوو سەری کونکرابوون نوسینێکی زۆر وردی لەسەر نوسرابوو بەخەتی بزماری پیاوێك بەناوی (میرزا شەلە) کە خەڵکی سلێمانی بوو بەیەك ڕوپیە بەردەکەی لێکڕیبوو. هەروەها لەناو گوندی بێتواتە و دەوروبەری بەسەدان گۆزە و کوپەی گەورە و شتی تر دۆزراونەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم سامانە بەنرخەی گەلەکەمان لەبەر نەزانین و بێباکی و بەرژەوەندی تایبەتی هەمووی دزراوە یان ونکراوە یان شکێندراون.

نەمرود پاشا کوڕی کوش کوڕی حام زۆر بەدەسەڵات بوو، یەکەم پاشا بوو تاجی زێڕی لەسەرناوە، شمشێر و کەوان و گورزی زێڕی هەبووە و لەڕەگەزی ماد بوو، هەموو وڵاتی میدی لەدەستدابوو، هەشتا زانای ئەستێرەناس و چل جادووگەری هەبووە لەسەر لوتکەی شاخێکی بەرز ئاوێنەیەکی لەسەر شێوەی لاکێشە داناوە، چوار ڕووی هەبووە، هەرکەسێك یا هەر سوپایەك هاتبایە ناو وڵاتی نەمرود ئەم ئاوێنەیە پیشانی دەدا و پاسەوانی سنوور بەپەلە دەکەوتنەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە و خۆئامادەکردن.

لەڕۆژێکی جەژن هەموو ئەستێرەناسان بۆ پیرۆزبایی هاتن بۆ سەرا و پەردەی نەمرود و نزای تەمەن درێژیان بەسەردا خوێند، دوای دانیشتن گەورەی ئەستێرەناسان کە ناوی (هاداش) بوو هەستایە سەرپێ و وتی: ئەی شای شایان گۆڕانی ئەستێرەکان وا پیشاندەدات کە لەناو گەلی میدی منداڵێك دەبێ، لەدواڕۆژدا لەدژی بەڕێزتان ئەجوڵێتەوە و ئایینی باپیرانمان تێکدەدا و داوای ئاینێکی نوێ دەکات. نەمرود زۆر دڵتەنگ بوو، وتی: ئەم منداڵە چۆن بدۆزینەوە؟ یەکێك لەئەستێرەناسان کە ناوی (کارۆئاخا) بوو هەستایە سەرپێ و وتی: ئێمە ئامادەین هەموو هەوڵێکمان بخەینەگەڕ لەپێناو دۆزینەوەی ئەم منداڵە و پاراستنی ئایینی خۆمان و بەڕێزتان، ئەنجا شایاری جەنگ (ئاراوسون) هەستا و وتی: بۆئەوەی ئەو منداڵە لەناوبرێت کە بەدژی تاجی مەزنتان هەڵدەستێت، پێویستە ئەوە قەدەغە بکرێت کە هیچ پیاوێك نابێت بچێتە لای ژنەکەی و فەرمان بدەی هەر ژنێك دوگیان بێ چاودێری

دەمژێ، بەمجۆرە منداڵەکە لەناو ئەشکەوتەکەدا مایەوە جارجار دایکی بەنهێنی دەچوو بۆلای لەگەڵ ئازەری باوکی یاخود بەتەنیا.

ئازەر لەگەڵ ئەوەی ڕاوێژکاری نەمرود بوو، بتتراشێکی کارامەش بوو، لەئەشکەوتی (بتکار) بتی دروست دەکرد و بەپارە دەیفرۆشت، ئەشکەوتی (بتکار) لەودیوی شاخی (ماکۆك) لەسەروی گوندی (نۆرێ) لەدۆڵی (شاورێ) هەڵکەوتووە. دەربارەی ناوی دایکی (ئیبراهیم) لەتەوراتدا دەڵێ: ناوی (نونا) بوو، کتێبی ستارەی تابانی مەحمودی حەمامیان دەڵێت ناوی (کەوباپ) بوو، ئاغا بەهاری لەکوردنامەدا دەڵێت ناوی (ڕێواس) بوو. دەربارەی باوکی (ئیبراهیم) مێژوونوسان دەڵێن ناوی (تأریخ) بوو، بەلاّم لەقورئاندا ناوی بابی ئیبراهیم بەناوی (ئازەر) دەبات و دەفەرموێت (وإذ قال ابراهیم لأبیه أزر)، بەلاّم مەحمودی حەمامیان لەکتێبی (أبگینەی تأریخ)دا دەڵێت: ئازەر باوکی ئیبراهیم بوو، بەلاّم ناوی ڕاستەقینەی (تأریخ) بووە، بەڵگەی بۆ ئەمە دەڵێ: ڕۆژێك باوکی ئیبراهیم لەسەر ڕەوەزێك بەربووە و قاچی شکا، قاچیان بۆ هەڵبەستەوە و دوای چاکبوونەوەی دەشەل لەبەرئەوە پێیان دەوت (ئازەر) بەزمانی ماد (ئازەر) واتە (شەل). هەندێ لەمێژوونوسانیش پێیانوایە (ئازەر) ناوی ئەو بتەیە کە خۆی پەرستویەتی هەندێکیش دەڵێن (ئازەر) بەمنداڵی دەردەدار بووە، کاتێك خەڵك لەدایکیان دەپرسی کوڕەکەت چۆنە؟ دەیوت ئازاری هەیە لەبەرئەوە ناونرا (ئازەر).

منه، ئەمە گەورەترە، کاتێ ئەویش ونبوو، وتی: نا ئەمەش خوا نی‌یە، کاتێ ڕۆژ هەڵات بەهەمان شێوە، ئەنجا وتی: ئەمانە هیچیان خوا نین، ئەمانە هەمووی دروستکراوی خوان. گەلی (نەمرود) جەژنێکیان هەبوو هەموو ساڵێك لەشەوی جەژندا پیر و لاو و منداڵ دەچوونە مەزرا لەشوێنێك کۆدەبوونەوە و ئاگریان دەکردەوە و لەدەوری ئاگرەکە هەڵپەرکێیان دەکرد، خواردنی (کەشکەك)یان دروست دەکرد و دەیانبردە ناو بتخانەکە و بۆ پیرۆزبوون دایاندەنا، کە دەگەڕانەوە دەچوونە بتخانەکە و خواردنەکەیان دەخوارد.

ئەم شەوە هەموو خەڵکی شارەکە هاتنە دەرەوە و (ئیبراهیم)یشیان لەگەڵدا بوو، کاتێ گەیشتنە نزیکی بتخانەکە و مەزرای دەرەوەی شار، (ئیبراهیم) وتی: من نەخۆشم توانام نی‌یە بەشداری جەژنەکەتان بکەم و گەڕایەوە ناوشار، چوو بیورێکی دەستدایە و خۆیکرد بەناو بتخانەکە و هەموو بتەکانی شکاند و لەگەڵ قاپ و مەنجەڵی کەشکەك تێکەڵاوی کردن، بیورەکەی لەسەر ملی بتە گەورەکە دانا و ڕۆیشت، بتە گەورەکە ناوی (بروسك) بوو، وا هەڵکەوت ئەوکاتەی (ئیبراهیم) بتەکانی دەشکاند، کاهینە (بیبی) لەکونجی بتخانە لەسەر جێگا خەوتبوو لەبەر نەخۆشی نەیتوانیبوو هاوبەشی خەڵکەکە بکات، لەبەرئەوەی کاهینە (بیبی) نوێنی بەسەر خۆیدا دابوو، (ئیبراهیم) نەیدیبوو، ئەنجا لەدوای شکاندنی بتەکان (ئیبراهیم) ڕوویکردە شاخی (ماهی‌کۆك- ماکۆك).

دەستنیشانکرد لەپشتی گوندی (سەرچاوە)ی ئێستا لەژێر چیای ماکۆك لە(دۆڵ ناران).

لەڕۆژی دیاریکراو خەڵکەکە هەموویان کۆبوونەوە، بۆ سوتاندنی (ئیبراهیم) مەنجەنیقێکی گەورەیان کردەوە و ویستیان (ئیبراهیم) بخەنە ناو ئاگرەکە، بۆ ئەمە (هەینی) کە کورد و خەڵکی (لاجان) بوو، (بەردەقانی)یەکیان دروستکرد و (ئیبراهیم)یان خستە ناو (بەردەقانیەکە) و خستیانە ناو ئاگرکە، ئەنجا خوای گەورە فەرمووی (ئەی ئاگر سارد و سەلامەتبە لەسەر ئیبراهیم)، لەتەورات لەسفری ئەنبیا دەڵێت: کاتێ (ئیبراهیم) خرایە ناو ئاگر بەفەرمانی خوا ئاگرەکە ساردبووەوە و لەناو ئاگرەکە ئاو پەیدابوو، گوڵ و گیا شینبوو، ئەنجا ڕۆژ لەئاو و ئاگرەکەیدا و پەلکەزێڕینە لەشاخی بەرامبەری پەیدابوو، خەڵکەکە وتیان (زەردەشت) واتە (بریسکەی ڕۆژ) چونکە وشەی (زەردەشت) بەواتای (بریسکەی ڕۆژە).

خۆم جێگای ئاگرەکەم دیوە گۆڕەپانێکە لەقەدپاڵی شاخی ماکۆك لەسەرووی گوندی (سەروچاوە)، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٣٨٠) مەترچوارگۆشە دەبێ لەکاتی بەهاریشدا گیای لێناڕوێت، دەڵێن لەو ڕۆژەوەی ئاگری نەمرودی لێکراوەتەوە تاکو ئێستا هیچ جۆرە گیایەکی لێنەڕواوە، لەسەرووی گۆڕەپانی ئاگرەکە کەپکە شاخێك هەیە بەناوی (تەپکی مام هەینی)، لەبەرئەوەی (مام هەینی) لەوێوە (ئیبراهیم)ی خستۆتە ناو ئاگرەکە، لەکتێبی (خازن)ی تەفسیری قورئان دەفەرموێت: ئەوەی ئیبراهیمی فڕێدایە ناو ئاگرەکە ناوی (هەینی) بوو کوردی ئێران بوو.

شوێنی لەدایکبوون و دانیشتنی ئیبراهیم

بەگوێرەی ئەم شوێنەوار و پاشماوانەی کە لەدەوروبەری (بیتوێن و بێتواتە)دا هەن وا دەردەکەوێ کە (ئیبراهیم) لەگوندی (کۆسی خەلان) لەژووررووی دۆڵی شارورێ لەدایکبووە، وشەی (کوس) لەزمانی میدی بەواتای (گوند) هاتووە، (خەلان) بۆتە (خەلیل)، بەو مانایە (کوسی خەلان) واتە (گوندی خەلیل)، ئەو ئەشکەوتەی کە (نونا) ئیبراهیمی تیایا شاردەوە لەسەرووی گوندی (میرەبەگ)ە، ئێستاش بەم ئەشکەوتە دەڵێن ئەشکەوتی (مام برایم) و خەڵك زۆر دەچێت بۆ زیارەتی.

مامۆستا مەلا ئەبوبەکری بۆسکێنی دەیگوت ئەم ئەشکەوتە جێگای شاردنەوەی (ئیبراهیم) بووە لەترسی نەمرود بۆ زیاتر سەلماندنی ئەوەی کە (ئیبراهیم) لەم ناوچەیە لەدایکبووە و ژیاوە و باوکی زستانان هاتۆتە (بیتوێن) و هاوینان چۆتە گوندی (بێتواتە) و دەوروبەری مەڕداری کردووە، ئەمانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

یەکەم: لەخوارووی گوندی بێتواتە بناغەی قەلایەك هەیە پێیدەڵێن (قەلاّی باخەلان)، لەکۆنەوە بەتەمەنەکان دەڵێن ئەم قەلایە هی بابی (ئیبراهیم) بووە، واتە قەلاّی (ئازەر)ی بابی (ئیبراهیم) بووە.

دووەم: هەر لەخوارووی گوندی بێتواتە گۆڕستانێکی زۆر کۆن هەیە بەناوی گۆڕستانی (خەلکە)، خەڵکی ناوچەکە دەڵێن

نەمرودنامە دەڵێت: ئیبراهیم لەهۆزی (ئاریاس) ژنێکی هێناوە، لەم ژنە سێ کوڕی هەبووە، ناویان (بیتوێن و کۆدۆ و شێر) بووە، بیتوێن لەدەشتی (نارین=بیتوێن)ی ئێستا خەریکی کشتوکاڵ بووە و دەسەڵاتی هەبووە، بۆیە ئێستا بەناوی دەشتی بیتوێن ناودەبرێت. کۆدۆ خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە هاوینان دەچوو بۆ شاخی (کۆدۆ) لەسەر سنووری ئێران، زستانان دەهاتەوە هەرێمی (کۆدەڵە) لەدۆڵەگۆران، گوندی (کۆدەڵە) بەناوی (کۆدۆ) ناودەبرێت. شێر خەریکی خزمەتکردنی باغات بووە، لەگوندی (شێرەی خواروو) دادەنیشت، ئەم گوندە بەناوی ئەوەوە ناودەبرێت.

لەساڵی (١٩٤٩)ی زایینی بۆ کارێکی تایبەتی چووم بۆ (دیاربەکر) میوانی مامۆستا مەلاعەلی قەرەحەسەن بووم، کە زۆر شارەزا بوو لەمێژوو دەیوت: کتێبی (تأريخ الامم) دەڵێت: لەهەرێمی خۆشناوەتی گوندێك هەیە بەناوی (هیران) ئەم گوندە لەکۆندا ناوی (شوشە) بووە، بەڵام (هاران) برازای ئیبراهیم کە مەڕداری دەکرد زۆربەی وەرزی ساڵ لەم گوندە مەڕەکانی دەلەوەڕاند، بەتایبەتی زستانان هەرلەوێ دەمایەوە تا وای لێهات گوندەکە بەناوی (هاران) ناودەبرا.

وە هەروەها دەیوت کتێبی (نزهة المجالس) دەڵێت: باوك و باپیری ئیبراهیم لەهەرێمی (ورمێ)ەوە هاتونەتە دەشتی (نارین=بیتوێن)، ئیبراهیم زۆر هاتووچۆی (تورکیا)ی کردووە و لەکوردەکانی ئەوێ ژنێکی هێناوە ناوی (قەنتورا) بووە و لەو ژنە

ڕۆژێـك ئیـبراهیم بـیری لـەمردن و زیندووبونـەوە دەكـردەوە، ئەوەبوو وتی ئەی خوای بونەوەر پیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەكەیتـەوە، خوای گەورە فەرمووی بڕوات نی‌یە كـە مـن توانـای هـەموو شتێكم هەیە، ئیـبراهیم وتـی: خـوای مـن ئـەوە دەزانم، كـە توانـای هـەموو شتێكت هەیـە، بەڵام دەمەوێت دڵم ئارام بگرێـت. ئەنجا خوای مـەزن فـەرمووی: چوار باڵندە بگرە و سـەریانبڕە و خوێن و گۆشت و ئێسك و تووكیان تێكەڵاوبكە و بیانكە بەچوار بەش، هەر بەشێكی لەسەر لوتكە شاخێك دانێ و خۆشت لەدەشت لەناوەڕاستی ئـەم كێوانـە بوەسـتە و بانگیانبكـە، ئـەنجا دەبینـی چۆن زیندوویان دەكەمەوە.

ئیبراهیم (كەوێك و كۆترێك و پەپوسلێمانەیەك و ڕیشۆڵەیەك)ی گـرت و سـەریبڕین و تێكـەڵاویكردن و بەشـێكی لەسـەر شـاخی (كاسـەڕووت=كۆسـرەت) دانـا و بەشـێكی لەسـەر شـاخی (مـاهی كـۆك=مـاكۆك) و بەشـێكی لەسـەر شـاخی (هـەوران=میرسـەید) و بەشێكی لەسەر شـاخی (كاشـان=قەشـان) دانـا خۆشـی لەدەشـتی بێتواتـە لەسـەر بـەردێك وەستا و بانگیكردن، سـەیریكرد خوێـن و گۆشت و ئێسكی هەر باڵندەیـەك دەهات و خـۆی لێكتردەدایـەوە و دەبووەوە باڵندەی جاران.

لەتەورات لەسیفری ئەنبیا دەڵێت: ئەم ڕووداوە لەوڵاتی میدیـا ڕوویداوە، وە هـەروەها خوای مـەزن لـەقورئاندا ئەم ڕووداوەی بـۆ پێغەمبەر (د. خ) باسكردووە. ئەم بەڵگانە دەریدەخات كە ئیبراهیم لەوڵاتی میدی ژیاوە، واتە لەهەرێمی (نارین=بیتوێن) لەدایكبووە،

میدیـەکان کـە شـتێکی ناڕەوایـان دەدی دەیـانوت: (مەیکـە بەبەیتی بلە)، ئێستاش لەناو کوردەواری ئەمە هەر بەکاردێت و بۆتە پەندی پێشینان، هەروەها پەندێکی تر لەناو کوردەواریدا هەیە دەڵێت: (مایەوە پیرخەل و برازا)، ئەوکاتەی ئیبراهیم ڕۆیشت لەنارین، نەمرود لەپیرۆتەڕەشـی وەزیـری پرسـی کـێ لەگـەڵ ئیبراهیمدا ڕۆیشت، وتـی (پیرخەل و برازا) واتە ئیبراهیم و لـوت کوڕی هارانی برازای. ئەنجا ئیبراهیم و هاوەڵەکانی چوونە وڵاتی (کەنعان) واتە (زەوی سوور)، بەڵام لوت و ژنەکەی چوونە شاری (سەددوم) لەئـەردەن، ئیبراهیم دوو هەفتـە لە(مەکشیم=نـابلس) مایەوە، ئەنجا ڕوویکردە وڵاتی (عین شمس-میسر)، کە ئەوکاتـە وڵاتـی میسـر لـەژێر حوکمـی (هەکسۆسـەکان)دا بـوو. وشـەی (هەکسۆس) وشەیەکی (قیبطی)یە بەواتای (جوتیار)، لەبەرئەوەی ئەوانەی لەمیسردا حوکمیان دەکرد دەشتەکی بوون، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەیان پاشایەتی وڵاتیان وەرگرت.

پاشای (هەکسۆس) کە زانی ئیبراهیم و خێزانەکەی هاتوونـە وڵاتەکەی لەدوای نارد و ئەم پرسیارانەی لێکرد: نـاوت چی‌یـە؟ لـەکوێوە هـاتووی؟ بـۆ کـوێ ئـەچی؟ بۆچـی دەچـی؟ ئـەو ژنـەی لەگەڵتایـە چـی تۆیـە؟ لـەچ نەتەوەیـەکی؟ ئیـبراهیم وتـی: نـاوم (ئەبراهامە) لەوڵاتی میدیا لەهەرێمی نارین هاتووم، دەچم بۆ دۆڵی (ڤاران=مەککە) و یەکەم ماڵی خواپەرستی دروست دەکەم، خۆم ڕەگەزم میدیـە و لەبەرەبابی (سیماشکی) لوڕستانم، ئەو ژنـەی لەگەڵمە خوشکمە.

گەورە لەسارا کوڕێکت پێدەبەخشێ زۆر ڕێزدار و فەڕدارە، سارا کە ئەمەی بیست بەسەرسوڕماوی وتی پیرەژنی وەکو من چۆن منداڵی دەبێ و دەستیکرد بەپێکەنین، فریشتەکان وتیان خوا هەموو شتێکی پێدەکرێ. ڕۆژێک ئیبراهیم لەغەیبەوە گوێی لەدەنگێك بوو وتی: ئەی ئیبراهیم تۆم لەوڵاتی میدیا دەرکرد، بەڵام نەتەوەکەت ئەوەندە زۆر دەکەم زەوی داگیربکەن و لەچەرخی چواردەدا نەتەوەکەت دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی کۆمەڵ کۆمەڵ لەسنووری ڕووباری نیلەوە تاکو ڕووباری فورات دەبێتە موڵکی نەتەوەکەت، فینیقی و فاندی و فەدمونی و حیسی و ڕەفانی و ئاموری و کەنعانی کورتی و حەرجاشی و لیبۆسی هەمووی نەتەوەی تۆن و زەوی باپیرانت وەردەگریتەوە. ئیبراهیم بەمە زۆر دڵخۆش بوو و (هاجرە)ی بردە مەملەکەتی (سامی) واتە حیجاز لەوێ ئیسماعیل لەهاجرە بوو، وە لەکاتی دیاریکراودا (ئیسحاق) لەدایکبوو، (تەورات سیفری ئەنبیا).

نەمرودنامە دەڵێت: دوو کەسی زۆر لێهاتوو کە میدی بوون بەنهێنی بڕوایان بەئیبراهیم کردبوو، ناویان (سیکاتان و دیان) بوو، کاتێك ئیبراهیم هەرێمی (نارین)ی بەجێهێشت ئەوان لەوێ مانەوە و بەنهێنی خواپەرستیان دەکرد لەدوای لەناوچوونی نەمرود بەدەردی مەلاریا، ئەو دوو کەسانە دەستیانکرد بەبانگهێشتنی خەڵك بۆ سەر ئایینی ئیبراهیم، وە لەبن شاخی ماکۆك دوو جۆگەیان دروستکرد، هەریەکە و بەجیا بۆ بەراوکردنی دەشتی بیتوێن، ئێستاش جۆگەیەکیان بەناوی (جۆگەی سکتان) و ئەویتریان بەناوی (جۆگەی دیانان) ناودەبرێت.

چوارەم: ئیبراهیم بەسەلامەتی لەئاگری نەمرود ڕزگاری بووە، کاوە ئاگرکردنەوەی کردۆتە نیشانەی سەرکەوتنی بەسەر ئەژدیهاکدا و هەردووکیان ئەستێرەپەرست بوون.

پێنجەم: خێزانی ئیبراهیم ناوی (سارا) بووە، خێزانی کاوە ناوی (پەریسا) بووە. بەلام من پێموایە ئەمانە بەلگەی لاوازن و خوێنەر ناتوانێ قەناعەتیان پێبکا، چونکە پێدەچێ ئەمەش بچێتە خانەی شێواندنی مێژووی کاوەی ئاسنگەر و گەلەکەمان.

پاشماوەی شوێنەواری نەمرود لەدەوروبەری دەشتی بیتوێن و بیتواتەدا

نەمرودنامە دەلێت: وشەی نەمرود وشەیەکی ڕەسەنی میدیە بەواتای (دەست ئاسنین) یان (خوناو)، بەلام هەندێ زمانەوان دەلێن وشەی (نەمرود) بەواتای (ڕووباری گەورە) هاتووە وەکو وشەی (بابل) بەواتای (ڕووبار)، خەلکی میسر بەرلەوەی بەڕووباری میسر بلێن (نیل) پێیاندەوت (بابلیو) واتە (ڕووباری گەورە)، بەلام لەکاتی پاشایانی (هەکسۆس) ناویاننناوە (نیل) واتە (شەپۆلدار و بەهێز)، ئێستاش لەزمانی کوردی دەوترێت لەناو (نێلە)ی ڕووبار، پێدەچێ وشەی نیل کوردی بێ.

نەمرود ناوی داشان کوڕی کوش کوڕی ئاشوران کوڕی حام کوڕی نوح، لەناوچەی بیتوێن لەدایکبووە، لەدوای باوکی بۆتە پاشای ولاتی میدی، سنووری دەولەتەکەی لای سەروو تاکو

چۆتە سەر کانیاوەکەی باسمانکرد و خێوەتی لەسەر بەردەکە هەڵداوە.

مامۆستا مەلا فەتحوڵڵا هەرتەلی لەکتێبی (مبحث عن منطقة بیتواته)دا دەڵێت: نەمرود برایەکی هەبوو ناوی (گڕی هەتاو) بوو، لەخوارووی قەڵای نەمرود گردێکی دەستکردی کردبوو کە بەخشتی سوورەوکراوە هەڵنرابوو ناوەکەشی پڕکراوەتەوە لەخۆڵ لەسەر هەرخشتێك وێنەی مانگی یەکشەوەی لەسەر کراوە، ئێستاش ئەم گردە ماوە و زۆرجار ئەمجۆرە خشتانە دەدۆزنەوە کە هەمووی وێنەی مانگی یەکشەوەی لەسەر هەڵکەنراوە. خەڵکی ناوچەکە بەهەرێمەکە دەڵێن: (جرتاوە=گڕتاوە گڕی هەتاوە) بەناوی برای نەمرود، وە بەگردەکە دەڵێن (گردی تلیٚ).

مێژووی ئەرمەن لەباسی زەردەشتدا دەڵێت: زەردەشتی یەکەم (نوح) پێغەمبەر بووە کە ناوی (زیوس) بووە، زەردەشتی دووەم (ئیبراهیم کوڕی ئازەر) بووە کە لەوڵاتی مید ژیاوە لەسەردەمی (نەمرود) واتە (داشان) شای وڵاتی میدی، بەڵام ئیبراهیم چۆتە وڵاتی (سامی) و لەویٚ یەکەم پەرستگای خواپەرستی دروست کردووە. ئاغا بەهاری موکریانی لەکوردنامەدا دەڵێت: وشەی (زەردەشت) نازناوی ئەو پێغەمبەرانە بووە کە لەلایەن (خوا)وە ناردراونەتە ناو گەلی ماد، یەکێك لەوانە (ئیبراهیم کوڕی ئازەر) بووە لەڕۆژگاری (داشان) شای میدی نێردراوە بۆ ناو گەلی ماد لەهەرێمی (نارین=بیتوێن).

لەسەر فەرمانی خوای گەورە دەستیکرد بەدروستکردنی (مالّی خوا)، ئیسماعیل لەهۆزی (جورهەمی=عەرەبی قەحطانی) ژنیهێنا لەژنەکەیەوە فێری زمانی عەرەبی بوو، هەر لەم کاتانەدا ئیبراهیم لەخەودا خوای مەزن فەرمانی پێکرد کە (ئیسماعیل) سەربڕێ و بیکاتە قوربانی، هەردووکیان گەردنیان کەچکرد بۆ فەرمانی خوا، ئیبراهیم ئیسماعیلی بردە کێوی (مینا) بۆ سەربڕین، بەلاّم خوای گەورە بەرانێکی ناردە بەردەستی ئیبراهیم و سەریبڕی. تەورات سیفری ئەنبیا دەڵێت: ئیسحاق بوو کرایە قوربانی نەك ئیسماعیل، بەمجۆرە ئیبراهیم لەتەمەنی (٢٨٠) ساڵیدا لەشاری خەلیل لەفەلەستین کۆچی دوایی کرد، ئێستاش گۆڕی پیرۆزی لەوێیە و مەزاری زۆربەی خەڵکی سەرزەوییە.

پایزان لەو ئەشکەوتە خواپەرستی کردووە، کە سەرمای پایز هاتووە ئاگری کردۆتەوە، خەڵك وتویانە (ئاگری ئیداغیٚ)، چونکە ناوی (ئیداغ) بووە و کوڕێکی هەبووە پێغەمبەر بووە، بەلاّم تورانی شەهیدیان کردووە. ئەگەر یەکێك تووشی نەخۆشی بوایە دەچوون لەم ئەشکەوتە گڵیان دەهێنا و دەیانکردە ناو ئاو و ئەنجا جەستەی نەخۆشەکەیان پیٚتەڕدەکرد بۆ چاکبوونەوە.

مامۆستا مەلاعەلی قەرەحەسەنی لەکتێبی (کوردلر)دا دەڵێت: گومان لەوەدا نییە کە دایکی زەردەشت ناوی (دغدو) بووە و کچی مام جوامێری موکریانی بووە. مستەر هۆڵد دەڵێت: زەردەشت لەتەمەنی چل ساڵیدا لەناوچەی (خوڕاسان) دەستیکرد بەبلاّوکردنەوەی ئایینەکەی و زۆر سەرکەوتوو بوو، شای ئێران بڕوای بەئایینەکەی کرد، زەردەشت لەخۆشی ئەوە دارێکی سەرووی لەناو باغی شای ئێراندا ڕواند، تاکو ساڵی (٨٦١)ی زایینی ئەم دارە هەرمابوو، بەلاّم کاتێك خەلیفەی عەباسی (متوکل علی الله) دەسەلاّتی گەیشتە ولاّتی ئێران دارەکەی بڕی و هێنایە شاری (سامەڕا) و خستیە ناو کۆشکەکەی خۆی. تەنها لەبەرئەوەی دارێکی پیرۆز بوو لای گەلی کورد و فارس و هەروەها پێشەوایەکی ئایینی کورد ناشتبووی.

هەروەها میستەر هۆڵد دەڵێت: (جاماسیب) کە وەزیری شای ئێران بوو، دەورێکی دیاری هەبوو لەبلاّوکردنەوەی ئایینی زەردەشت لەئێران و ئەفغان و ئاسیای دوور. هەروەها دەڵێت: زەردەشت حەوت جێنشینی هەبووە و بلاّویکردونەتەوە بۆ

لەساڵی ١٩٤٥ی زایینی من و چەند برادەرێکی تر بۆ کارێکی (کۆمەڵـەی ژ. ك) نـێردراین بـۆ کوێسـتانەکانی (سـپیە ڕێـزی خەیلانیان و کانی دەیلاغان و گۆڕی بەرباریان و کۆڵانی ماچان و کوێستانی هـەزار گوڵ و کـەپکی کچـەجوان و لـێڕی سـواران و ساباتی خانمـان و کـانی خـوای). بـەر لـەنیوەڕۆ گەیشـتینە هاوینەهەواری (کانی خوای) لەخوارووی کانیەکە هۆبە ڕەشماڵێك هەڵدرابوو، ڕوومانکردە ڕەشماڵێکی گەورە و جوان، چەند کەسێك لـەژێر ڕەشماڵەکـە دانیشـتبوون دوای بـەخێرهاتن و ماسـتاو و چاخواردنـەوە، خاوەنی ڕەشماڵەکە کـە نـاوی (عـەلیان) بـوو و لـەهۆزی (مامـەش) و خـەڵکی هـەرێمی لاجـان بـوو، کۆمـەڵێ پرسیاری دەربـارەی بارودۆخی سیاسـی و پرسـیاری مەبەسـتی هاتنمـانی لێکردیـن، دوای قسـە و باسـێکی زۆر وتم: ئـاو دوورە لێرەوە؟ یەکسەر خانەخوێکە وتی ئادەی برایم لەگـەڵی بچـۆ بـۆ سەر ئاوەکە، کاتێ گەیشتینە سەر کانیاوەکە زۆری پێنەچوو سێ کچـی جوان هاتنەسـەر کانیاوەکـە بـۆ ئاوبردن، کـەمێك لـەخوار کانیەکە قەبرێکی کەڵەك لەدەورەکراوی لێبوو، وتم ئەم گۆڕە هـی کێیـە؟ یـەکێك لەکچەکان کە نـاوی (کاڵێ) بوو، وتـی ئـەوە گـۆڕی (عەبدوڵڵا عومەرانە) و هاتۆتە ئێرە و شەڕی لەگەڵ کافران کردووە و شـەهیدیان کردووە و خـەڵك بۆ نیاز و نەخۆشـی دێنـە سـەری و خێری بۆ دەکەن و چاکدەبن، برایم کە گەنجێکی سوورووسپی بوو بە(برایمەسوور) بانگیاندەکرد، کردیە سوعبەت و وتـی: کاڵێ من بـۆ نیاز زۆر هاتومـە سـەر ئەم گۆڕە، بـەڵام بۆم جێبـەجێ نـەبووە،

بەبڵاوکردنەوەی ئایینەکەی، کۆمەڵی (موغانەکان) کە ئاگرپەرست بوون کەوتنە بەربەرەکانیٚ دژی زەردەشت، لەبەرئەوە زەردەشت ڕوویکردە هەریٚمیٚ (سیستان) لەویٚش سەرکەوتوو نەبوو و ڕوویکردە وڵاتی (ئەفغان)، لەویٚ کۆمەڵیٚك بڕوایان پیٚکرد و بوونە هاوبەشی، ئەنجا ڕوویکردە شاری (بەڵخ) بۆلای (ویشتاسیب) پاشا کوڕی تەرحان کوڕی کەیئاپۆ کوڕی کەیقوباد، ئەم پاشایە سیوهەشت کوڕی هەبوو، یەکیٚك لەکوڕەکانی کە زۆر لیٚهاتوو بوو ناوی (ئەسفەندیار) بوو، (ویشتاسیب) لەنەوەی بەهمەنی باپیرەگەورەی هۆزی لوڕی بەختیاری بوو، خورشیدی خاوەر لەنەوەی ئەو بوو.

زەردەشت داوای لە(ویشتاسب) کرد کە بڕوا بەئایینەکەی بکات، شا بڕوای بەئایینەکەی کرد و کردی بەیاسای دەوڵەت، (جاماسیب) کە وەزیری (ویشتاسیب) بوو، (بەرجیسی) کچی زەردەشتی مارەکرد، وە کچی برای خۆی کە ناوی (ئاهو) بوو دای بەزەردەشت. مەحمودی حەمامیان لەکتیٚبی (ستارەی تابان)دا دەڵیٚت: ویشتاسیب یان گۆشتاسیب ڕاستەوخۆ بڕوای بەئایینی زەردەشت نەکرد، بەڵکو داوای لیٚکرد هەندیٚ لۆکە لەسەر ئاگر دابنیٚ، ئەگەر نەسووتا بڕوای پیٚبکات، زەردەشت مەرجەکەی قبوڵکرد و لۆکەکە نەسووتا، ئەنجا شا بڕوای پیٚکرد و ئایینەکەی کرد بەیاسای دەوڵەت.

وەرگـیراوە. شـێخ (إبـن الحجـر) لـەکتێبی (تحفـە)دا لەباسـی مارەکردنی ژنی موسڵمان لە(جولەکە و فەلە و مەجوس)دا دەڵێت: دروستە موسڵمان کچی (مەجوس=زەردەشت) مارەبکات، چونکە ئەوانـە خـاوەن کتێبـی ئاسمـانی بـوون کتێبەکـەیان نـاوی (ئەبستاڤ-ئاڤێستا) بووە.

ئەوکاتـەی (عومـەری کـوڕی خـەتاب) سـوپای ئیسـلامی بەسـەرکردایەتی (سـەعد کـوڕی ئـەبووەقاس) ناردە کوردسـتان و کوردسـتانی داگـیرکرد، هـەندێ نوسـراوی زەردەشـتیان کەوتـە بەردەست، سەعد نامەی بۆ عومەر نارد و پرسیاری لێکردبوو ئەم نوسـراوانە چـی لێبکـەین، کـاتێك عومـەر نامەکـەی پێگەیشـت، نامەکەی بۆ هاوەڵەکانی خوێندەوە، (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) کـە یەکێك بوو لەدانیشتوەکان وتی: من گوێم لەپێغەمبەر (د. خ) بووە فەرموویـەتی (ئەوانـە ئـەهلی کتـابن)، ئـەنجا عومـەر بۆ سـەعدی نوسی: (سنو بهم سنت أهل الكتاب) واتە (وەکو خاوەن کتێبەکان لەگەڵیان بجوڵێنەوە)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گومان لەوەدا نی‌یـە کـە زەردەشـت پێغەمبـەرێکی کـوردە و بـۆ سـەر گـەلی مـاد هاتووە.

زۆر لەمێژوونوسـان دەڵێـن: کـورد زۆر پێغەمبـەریان هـەبووە، یەکەم پێغەمبـەریان ناوی (مـەهاباد) بـووە و کتێبی ئاسمـانی بـۆ هاتووە بەناوی (دەساتیری)، یۆنانیەکان دەڵێن: نەتەوەی کورد بەر لـەمێژووی زایینی دوازدە پێغەمبـەریان بۆ هـاتووە کـە هـەموویان نازناویـان (زەردەشـت) بـووە، زەردەشـتی هـەرەدوایان لـەموکریان

٦-نابێ ئاو پیس بکرێت.

٧-ئەبێ ئاگر بەپیرۆز تەماشا بکرێت.

نزیکەی سێسەد ساڵ ئەم ئاینە لەوڵاتی مادستان پەیڕەوکرا و یەزدانیان دەپەرست.

م. ئەحمەد تاجانی لەکتێبی (شعله فی درب التأریخ)دا دەڵێت: بەهەزاران ساڵ بەر لەهاتنی ئایینی مەسیح، لەڕۆژهەڵاتی ئێران و لەناو گەلی میدی پیاوێك سەرێهەڵدا بەناوی (زۆر واسستر) یەکەم کەس بوو وتی: لەبوونەوەردا دوو هێزی دژ بەیەکتر هەیە و هەمووکات زۆرانبازی دەکەن ئەویش (هێزی چاکە و هێزی خراپە)یە و ئەمەی خوارەوەی کرد بەبنچینەی ئایینەکەی:

(یەزدان چاکەخوازە و فریشتەی چاکەی لەدەرووندایە، بەڵام ئەهریمەن خراپەخوازە و فریشتەی تاریکی لەدەرووندایە، ئێمەش ئەبێ یارمەتی یەزدان و فریشتەی چاکە بدەین)، بەڵام لەهەرێمی خۆی کەم کەس بڕوایان پێکرد بۆیە دەستیکرد بەگەڕان بەناوچەکاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی، کۆمەڵێك لەوانە هاتن بۆ دۆڵی (دیجلە و فورات)، لەجێگای بەغدای ئێستا گوندێکیان دروستکرد و لەئایینەکەی خۆیان لایاندا و دەستیانکرد بەگاپەرستن، وێنەی گایەکیان دروستکرد بەناوی (بوغە) لایان وابوو هێزی (بوغ) دەچێتە جەستەی شای وڵات، لەبەرئەوە بەشایان دەوت (درۆبوغ=دەروبوگ=دەرەبەگ)، واتە وشەی (دەرەبەگ) لەوەوە هاتووە. ئێستاش کورد بەگای قەڵەو دەڵێن (گای بوغە)، وشەی (بەغداد) لەڕەگەزدا (بوغداو) واتە (دانی بوغ) کە خوایان بوو، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار (بوغداوا) بۆتە (بەغداد).

چۆنیەتی سووتاندنی مردوو لەئایینی زەردەشتدا

کاتێك کەسێك دەمرێت، کاهینی تایبەتی دەیشوات بەمەرجێ ئەم مردووە لەشی خاوێن بێت، بەڵام ئەگەر مردووەکە لەشی پیس و چڵکن بێت ئەوا نایشۆن، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەیسوتێنن، لەکاتی سوتاندندا کاهین ئەم وشانەی خوارەوە دەڵێت: (یەتەها یەتەها ئاهوراموزدە یەتەها سروشا یەتەها پیروشالیار و ڤەمیشتە ڤەمیشتە، بەڵام هەندێ مێژوونوس دەڵێن: زۆربەی زۆری زەردەشتی مردوویان لەگۆڕستان دەنێژن وەکو موسڵمان.

هەندێکیش دەڵێن: مردووەکانیان دەخستە ناو چاڵێکی زۆر قولْ یان لەسەر کێوێکی بەرز دایاندەنا بۆئەوەی باڵندە و دڕندە بیخوات، بەڵام ئەمەش وازی لێهێنرا و مردوویان دەخستە ناو کوپە و لەسەر لوتکە شاخێکی بەرز دایاندەنا. م. فەتحوڵڵا هەرتەلی لەکتێبی (مبحث عن منطقة بیتواتە) دەڵێت لەساڵی (٦٠٦)ی کۆچی لەخوارووی گوندی بێتواتە بەردێك دۆزراوەتەوە بەخەتی (دین کوردە) نوسراوە، (وەستا خاڵەی) بێتواتە ئەم بەردەی بردۆتە (شارەزوور) لای (جاماسیبی هەورامی) کە ئەم خەتەی زانیوە، (جاماسیب) نوسینەکەی وەرگێڕاوەتە سەر شێوازی کوردی–سلێمانی، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

((ئەمەمان لەترسی قەومی (ئومەر-عومەر کوڕی خەتاب) شاردۆتەوە))، ئەی ئاهوراموزدەی چاکەخواز.. هەموومان ملکەچی فەرمانی تۆین.. لەشەوەزەنگی بەهارا.. گرشەی

پیرەشالیاری زەردەشتی

پیرەشالیاری، سەدوپەنجا ساڵ بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام ژیاوە، یەکێك بووە لەنەوەدونۆ پیرەکانی هەورامان و زۆر لێهاتوو بوو، خۆی باخەوان بوو، بەڵام ئاژەڵداریشی دەکرد، کتێبی (مارفەت) ئەو دایناوە کە هەمووی ئامۆژگاری و پەند و هۆنراوەی بەسوودە، ئایینی زەردەشت ڕێبازێکی تایبەتی هەبوو، دژی بتپەرستی و ئاگرپەرستی و ڕۆژپەرستی بوو، پیرەشالیار برادەرێکی هەبوو ناوی (پیرنەورۆز) بوو، ئەویش یەکێك بوو لەنەوەدونۆ پیری هەورامان و خەریکی کشتوکاڵ بوو، پیرەشالیاریش لەوکاتەدا خەریکی ئاژەڵداری بوو، ماڵی لەودیوی شاخی هەورامان بوو، کاتێك بینی وا (پیرنەورۆز) خەریکی بژارکردنی ناو کێڵگەکەیەتی، دوور بەدوور ماندووبوونی لێدەکات و دەڵێت بۆچی وا خۆت ماندوو دەکەی؟ (پیرنەورۆز) دەڵێت: ئەی پیری گەورەم.. دەمەوێت خۆم کاربکەم بۆئەوەی جەستەم کرمۆڵ نەبێ، (پیرنەورۆز) تەماشادەکات لەتەنیشتی (پیرەشالیار) شمشاڵەکەی کەوتووە، بێئەوەی کەس لێیبدا خۆی دەنگی لێوەدێ و پێی دەڵێ پیری گەورەم خۆت شمشاڵەکە بژەنی باشترە. ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە لەبەندی پیرەشالیار، کە لەکتێبی ئاڤێستای وەرگرتووە:

وارێوە وەورە وەرێنە

وەریسە براو چوار سەرینە

باپیرەگەورەی و ئایینی ئیسلام دەکات و ئەوەی لەگەڵ یاسای ئیسلام نەگونجاو بووە لایدەبات.

لەسەر ئامۆژگاری پیرەشالیار کتێبی (ماریفەت) نابێ بدرێتە بێگانە، کاتی خۆی ئینگلیزەکان زۆر هەوڵیانداوە بکەوێتە دەستیان، بەڵام سوودی نەبووە، دەڵێن یەك نوسخە لەم کتێبە لای (عەلی قولی زەنگەنە) هەیە، هەروەها لەمۆزەخانەی تاران هەندێ پەڕەی ماریفەت و ئاڤێستای ڕاستەقینە هەیە. هەندێ لەمێژوونوسان دەڵێن: کورد لەڕەگەزی (سامی کوڕی نوحە)، بەڵام هیچ بەڵگەیەك ڕاستی ئەمە ناسەلمێنێ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستیان بەدەستەوە نی‌یە، گومانی تێدا نی‌یە کە کورد لەڕەگەزی (ئارین)، لەبەرئەوەی زۆریەی زۆری هۆز و ناوی کوڕ و کچانی کورد لەزمانی ئارین وەکو (مامەش، مەنگوڕ، کرمانج، زازا، هەمەوەند، کاکەوەند، تەرخانی، لۆلۆ، بابان، کۆماسی، قوبادی، گۆدەرزی، کەلهوڕی، هێزپانی، نوحەری، ئازادبەختی، خورشیدی، گەردی، شکاك) و زۆری تر.

وە هەروەها ناوی کچی کورد وەکو (فەیروز، پیرۆز، قەشەنگ، شیرین، خورشیدە، نۆش ئافەرین، ئافتاو، ماهتاب، ناهیدە، گوڵناز، زەماوەند، خوناو،..... هتد). وە هەروەها ناوی کوڕەکان وەکو (فەرهاد، شێرکۆ، ڕۆستەم، شەهریار، ئەردەشێر، ئەردەلان، شێردڵ، دلێر، دلاوەر، نۆشێروان، ... هتد)، بەڵام کاتێ ئایینی ئیسلام لەناو کوردەکان پەرەیسەند و سەقامگیربوو، ئیتر وردە وردە ناو و دابونەریتەکانی گەلی کورد ڕوویان لەکزی کرد و

تەندروستی مرۆڤ سوودی هەیە و تیشکی خۆر هەندێ هۆی نەخۆشی لادەبا.

(دبستان المذاهب) و مێژووی کڵێسای کۆن دەڵێت: ئەوکاتەی (ئەسکەندەری ماکدۆنی) هاتە شارەزووری کوردستان زۆر لەکوردەکان لەترسان وازیان لەئایینی خۆیان هێنا و بەزۆر کران بەبتپەرست و هەندێکیان شارەزووریان بەجێهێشت و وازیان لەئایینی ڕاستەقینەی خۆیان هێنا، بەڵام کاتێك ئەسکەندەر شارەزووری جێهێشت هەموویان گەڕانەوە سەر ئایینی زەردەشت. هەر لەوکاتەدا یەکێك بەناوی (ئاگردۆست) ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد بۆ سەر ئایینی زەردەشت و زۆر شارەزای ئایینی زەردەشت بوو.

هەروەها دەڵێت: ئەوکاتەی (یەزدگورد)ی کورد (سەلمانپاك=مەدائین=تیسفۆن)ی بەجێهێشت لەترسی سوپای ئیسلام لەسەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب) و چووە (کرماشان) سەرکردەیەکی کوردی بەناوی (پاوە) ناردە (شارەزوور) بەمەبەستی ئەوەی کوردەکانی شارەزوور یارمەتی بدەن لەوەرگرتنەوەی (تیسفۆن) پایتەختی دەوڵەتەکەی. کوردی شارەزوور هەموویان زۆر بەدڵسۆزیەوە ئامادەیی خۆیان بۆ دەربڕی، بەڵام (یەزدگوردشا) هەواڵی نارد بۆ (پاوە) کە هەر لەشارەزوور بوو وتی (خاقانی چینی و پاشای خوراسان) هەواڵیان بۆ ناردووم کە یارمەتیم دەدەن بۆیە بەکوردەکانی شارەزوور ڕابگەیەنە و بەناوی منەوە سوپاسیان بکە کە جارێ

داگیرکردووە، هەندێ کورد بوونەتە بتپەرست، هەندێ کورد کە لەهەرێمی (مەسەسیری=ڕەواندوز) بوون بتێکیان پەرستووە کە ناوی (دیانا) بووە و پێیان وتوە (خوای جوانی)، هەروەها چوارسەد ساڵ بەر لەهاتنی حەزرەتی مەسیح، کۆمەڵێك کورد لەهەرێمی (توزخورمان=تۆزخورماتو-تازەخورماتوو) بتێکیان دەپەرست بەناوی (تیر) واتە (خوای جەنگ).

ئاغا بەهاری لەکتێبی (کوردنامە)دا دەڵێت: زەردەشتی موکریانی نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە دەوروبەری (ئارەبخا=کەرکوك) کە گەلی (خۆری) لەدەوروبەری ئەوێ بوون، ئەم نوێنەرە (مەزدەستە) خەڵکێکی زۆری هێنایە سەر ئایینی زەردەشت و چەند پەرستگایەکیان لەهەرێمەکە دروستکرد، ئێستاش شارۆچکەی (تازەخورماتوو) پاشماوەی ئەم گەلە کوردەن، (خۆرماتو) واتە (وڵاتی خۆر). وە هەروەها مەلا بازیدی دیاربەکری لەکتێبی (الشعب الاری)دا دەڵێت: بەسەدان ساڵ بەر لەمێژووی زایین، لەدەوروبەری (ئارەبخا) کۆمەڵێك کورد هەبوون ناویان (خۆری) بوو، میرنشینێکی فراوانیان دروستکرد بەسەرکردایەتی (تازەدیلان)، سنووری ئەم میرنشینە لەخوارووی تاکو ئەودیوی (خومارا-حەمرین) و لەسەرووی تاکو هەرێمی (سۆباریا-بێتواتە) و لەرۆژئاوا تاکو (گردی حەسۆکە) و لەرۆژهەڵات تاکو هەرێمی (دینەوەر) بوو. لەناو ئەم گەلە یەکێك سەریهەڵدا بەناوی (سەرمەد)، دەستیکرد بەهاندانی خەڵك بۆ پەرستنی (شیدەر) واتە (خوای گەورە)، وشەی (شیدەر)

یهلکنا الا الدهر)، واته (هیچ شتێك ئێمه لهناونابات ڕۆژگار نهبێت).

م. عهبدولقادر باڵهكی لهكتێبی (تهذیب التأریخ)دا دهڵێت: بهر لههاتنی ئایینی ئیسلام لهگوندی (مارجین=مهرگه) پیاوێك سهریههڵدا دهیوت: تهنها بیركردنهوه لهههبوون و دهسهڵاتی خوا بهسه بۆ ڕزگاری لهڕۆژی دوایی، بهلاّم زۆری نهخایاند و لهناوچوو. م. ئهحمهدی تاجانی لهكتێبی (شعله فی درب التأریخ)دا دهڵێت: زۆربهی مێژوونوسان لهسهرئهوهن كه كورد خواپهرست بوون، واته گهلی ماد ههر ئاهوراموزدهی پهرستووه، بهلاّم بهر لهدروستبوونی دهوڵهتی ماد هیچ بهڵگهیهكی ڕوون و ئاشكرا نییه ئاخۆ كورد چی پهرستووه.

وشهی (ئاهوراموزده) لهچهند برگهیهك پێكهاتووه (ئاهورا) واته (ڕووناكی)، (موزده) واته (خوان) بهسهریهكهوه واته (ڕووناكیخوان)، وه ههندێك زمانهوان دهڵێن وشهی (ئاهوراموزده) بهواتای (خوای چاكهویست) هاتووه. گهلی كورد ههمووكات ڕووناكیان خۆشویستوه و بهتاریكی دڵتهنگ بوون، وه وشهی (شید یان شێدان) بهواتای (ڕووناكی) هاتووه. ئهو گهلانهی كه لهنهوهی (ئارین) و ڕۆژیان پهرستووه، لهبهرئهوه بووه كه ڕۆژ سهرچاوهی ڕووناكیه، كه ههندێ كوردیش ئاگریان پهرستووه، لهبهرئهوه بووه ئاگر ڕووناكی دهدات، وه گهلی ماد پهیوهندیهكی بههێزی ههبووه لهگهڵ ڕۆژ و مانگ و ئهستێره و با و ئاو و ئههریمهن و سهوزایی)، بهلاّم ئهمانهیان ههموو بهدروستكهری خوا زانیوه لهبهرئهوه لایان پیرۆز بوون.

خەڵك بکەنە ئاگرپەرست، بەم هۆیەوە زۆر کەس بوون بەئاگرپەرست و لەزۆر ڕاستی ئایینی زەردەشت لایاندا و لەزۆربەی شارەکانی ئێران و مادستان ئاگرگە و ئاتەشگەی دروستکرد و خەڵکی هاندا ئەم ئاگرە بپەرستن، پەرستگاکانی ئایینی زەردەشتی هەمووی وێرانکرد و بلاّویکردەوە کە دوو خوا هەیە، یەکەم (هورمز=خوای چاکەخوان) دووەم (ئەهریمەن=خوای خراپەخوان)، وە لەدۆڵی (دیجلە و فورات) جێنشینێکی خۆی دانا بەناوی (موخ کۆهین) کە بەڕەگەز جولەکە بوو، بەلاّم خۆی کردبوو بەیەکێك لەبڕواداڕانی ئایینی گۆڕاوی زەردەشت.

لەلایەکی تر کاهینە فریودراوەکان دەستیانکرد بەگۆڕینی کتێبی (ئاڤێستا) بەگوێرەی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆیان و ناویان لەئایینە نوێیەکە نا ئایینی (موزدەك). هەر لەوکاتەدا کوردێکی چالاك هەڵسا بەدژایەتی کردنی ئایینی موزدەك هەندێ خەڵکی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و چوو بۆ شاری (ئەردەهان=کرماشان) بۆلای (خوسرەوشا)ی میدی کە هەر لەسەر ئایینی نەگۆڕاوی زەردەشت بوو و داوای لە(خەسرەوشا)ی میدی کرد بۆئەوەی لەگەڵ (موزدەك) بجەنگێ، ئەوەبوو (خەسرەوشا) سوپایەکی زۆری نارده دەشتی (لێتوانیان) لەسەر گۆمی (چەلیان) لەخوارووی شاری (سەردەشت)ی ئێران، لەوێ سوپای (موزدەك) و سوپای (خەسرەوشا) کەوتنە جەنگ و سوپای (موزدەك) شکا و (موزدەك) هەلاّت و چوو بۆ هیندستان، ئەنجا ئایینی زەردەشت گەشەیکرد و ژیایەوە، تاکو (بابەکی خوڕەمی) هات و لەدژی

ئاڤێستا

کتێبی ئاڤێستا کە کتێبێکی ئاسمانییە و بۆ پێغەمبەر (زەردەشتی موکریانی) هاتووە بەزمانی (لوڕی) یان (هەورامی)، لەلایەن خوداوە بەهۆی (سروش=جبریل)ەوە بۆ سەرگەلی میدی نێردراوە، جگە لەئاڤێستا ئەم ناوانەشی پێوتراوە (وست، ئەستا، وستا، ئەوست، ئەوستا، ئەفیستا، ستاق، ئەستاق، ستاغ، ستاە، ئەستاە، ئەیستاە، ستا). هەموو کتابێکی ئاسمانی کە بۆ پێغەمبەرێك هاتووە، کۆمەڵێك ئامۆژگاری و گێڕانەوەی ڕووداو و پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و چەند یاسا و ڕێسایەکی گونجاوی تێدایە، کە بۆ زەمان و سەردەمی خۆی و تەنانەت دوای خۆشی سوود و قازانجی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی هەبووە و هەیە، ئاڤێستاش یەکێکە لەو کتێبانە.

م. مەلا قادری باڵەکی لەکتێبی (تهذیب التأریخ)دا دەڵێت: کتێبی ئاڤێستا حەوت بەشە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: سوپاسی ئاهوڕامەزدەیە.

بەشی دووەم: گوێڕایەڵی ئاهوڕامزدەیە.

بەشی سێیەم: ئاشکراکردنی بەدکرداری ئەهریمەنە.

بەشی چوارەم: نزا و پاڕانەوەیە لەئاهوڕامزدە.

بەشی پێنجەم: بەشی پەروەردەکردنی منداڵ و پیشەسازی و یاسای کۆمەڵایەتییە.

بەشی شەشەم: سروودی یەزدانییە.

ا ب ت ث ج ح ع... تا كۆتـايی پیتـەكان. ئـەو بەشەی باسی پەرستنی ئاهوڕامۆزدە دەكات بەبەشی (وەخشورە) ناودەبرێت.

فەیلەسوفێكی ئەمریكی لەكتێبی (قصة الحضارة)دا دەڵێـت: ئاڤێستا كتێبێكی زۆر گەورە بوو، بەڵام (ئەسكەندەری ماكدۆنی) زۆری سـوتاند و كـەمێكی لێمایـەوە، (گوشتاسـیب شـا) دوو نوسـخەی نووسـیبووەوە، یـەكێكیان (ئەسـكەندەر) لەشـاری (بەسیولسی) سوتاندی، ئـەوەی تریـان (یۆنانیـەكان) بردیـان و وەریانگێڕایە سەر زمانی خۆیان. هەر ئەم فەیلەسوفە دەڵێت: ئەم زانسـتەی یۆنانیـەكان فـێرببوون هـەموویان لـەكتێبی ئاڤێسـتا وەرگرتووە، وە دەڵێت: ئاڤێستا پێنج بەشە:

بەشی یەكەم: (یەزەتا) ئەویش (٤٥) بەشە و هەربەشێك شتێكی بنەڕەتی پەرستنی ئاهوڕامۆزدە دەردەخات.

بەشی دووەم: (ویسپیرە) ئەویش (٢٤) بەشە.

بەشی سێیەم: (وندیـداد) ئـەویش (٢٢) بەشـە، هـەمووی باسـی كۆمەڵایەتی و دژایەتی ئەهریمەنە.

بەشی چوارەم: (یەشت) كە (٢١) بەشە هەمووی سروودی یەزدانیە بەشێوازی پاڕانەوە و یادی ئاهوڕامۆزدە.

بەشی پێنجەم: (خود ئاستاق) ئـەویش پاڕانـەوە و سـەڵاوات و نزای تایبەتیە.

مەسعودی دەڵێت: زەردەشت خەتێكی داناوە و ئاڤێستا بـەم خەتە نوسراوەتەوە، ئەم خەتە (١٢٠) پیت بووە و زەردەشت خۆی

بەزمانێك كە زەردەشت خۆی دەیزانی، بەڵام زەردەشتیەکان بۆیان هەبوو لەدوای خوێندن لەبەریبکەن، پیتەکانی (٦١) پیتە و بەخەتی (دین دەبیرە) نوسراوەتەوە، زەردەشت کتێبی (زەند) شەرحی ئاڤێستای بەم خەتە نووسیوە، ئەنجا کرایە شێوەی فارسی و ناویان لێنا (یاردە) یان (ڕەتەکوژە).

(عبیدالله الحیدری) لەکتێبی (دین الاکراد)دا دەڵێت: کاتێك زەردەشت بینی زۆربەی زۆری خەڵکی سەر زەوی (بت و ئاگر و ئەستێرە و ڕۆژ و مانگ) پەرستن هاواریکرد و وتی: (ئەی خەڵکینە ئەو شتانەی ئێوە دەیپەرستن هەمووی دروستکراوی ئاهوڕامەزدەیە، ئاهوڕامەزدە هۆشی داوەتە مرۆڤ بۆئەوەی کاری چاکبکات و لەشتی ناڕەوا بەدووربێت، ئەو دار و بەردەی ئێوە دەیپەرستن قازانج و زیانی خۆیان نییە، چۆن زیان و قازانجی خەڵکی دەبێ. بیربکەنەوە ئەم زەوی و ئاسمانە ڕازاوە، ئاو و خاك و با و ئاگر و ڕووناکی و تاریکی هەمووی دروستکراوی ئاهوڕامەزدەیە بۆ سوودی مرۆڤ دروستیکردوون. کتێبی ئاڤێستای بۆ من ناردووە، کە هەمووی یاسای بەجێ و فەلسەفە و ڕۆشنبیری و حیکمەتە.

(مەسعودی)ی مێژوونوس دەڵێت: فارسەکان پێش هاتنی ئایینی زەردەشت ئاگرپەرست بوون، زۆر ڕەوشتی ناشیرین لەناویاندا بڵاوبووبوەوە، بەڵام کاتێ ئایینی زەردەشت سەریهەڵدا، زەردەشت دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی پەند و ئامۆژگاریەکانی ناو کتێبی ئاڤێستا و وتی: ئەوەی شایانی پەرستنە ئاهوڕامەزدەی

بڵاوکردنەوەی تاوان و بەدکرداری و خراپە لەسەر زەوی، بەڵام بەهاتنی زەردەشت ئەهریمەن کرداری خراپی نەما و ڕووی لەکزی کرد. کتێبی ئاڤێستا دەڵێ ئەهریمەن شەش یاریدەدەری هەیە بۆ تاوان بڵاوکردنەوە، یەکەم یاریدەدەری درۆ و دەلەسەیە، دووەم یاریدەدەری ڕق و تووڕەییە، سێیەم یاریدەدەری دزی و ماڵ خواردنی خەڵکە بەناحەق، چوارەم یاریدەدەری شیرینکردنی تاوانە لەلای تاوانباران، پێنجەم دێوەکان کە بنکەی هەموو تاوانن، شەشەم جادوگەران.

هەروەها دەڵێت: دێوودرنج زۆری دژی دادپەروەرێتییە، بڕوایان بەیاسای خاوێنی ئاهوڕامەزدە نییە، ئەوانە لەناوبرێن باشە، چونکە بۆ مردن باشن، ئەوانە بۆ دۆزەخ بڕۆن باشە، لەبەرئەوە هەموو زەردەشتێك ئەبێ هەموو ڕۆژێ لەکاتی ڕۆژهەڵاتندا ئەم نزایە بخوێنێ: (خوایە ئەی ئاهوڕامەزدەی چاکەویست، بمانپارێزی لەئەهریمەن و سوپای ئەهریمەن کە تاوانبار و تاوانخوازن، بەسەر چاکەدا زاڵمانبکەی ئەی هورمزی ڕووناکی). زەردەشت بەزۆری بەم نزایە لەبەر ئاهوڕامەزدە پاڕاوەتەوە:

(ئەی ئاهوڕامەزدەی چاکەویست نزام وایە کە وابکەی هەموو سەرداران و کاربەدەستانی دەوڵەتی میدی ڕێگەی ڕووناك بگرن، لەڕێی چەوت و لەئەهریمەن بیانپارێزی هەموو کەسێك و ڕۆڵەیەك بەئازادی لەدایکی دەبێ، دەستی ئەو زۆردارە بالآنەکەی کەس

لەمێژوونوسـان پێیانوایـە (ئـەفلاتون) کاکڵـەی وتارەکـانی زەردەشتی بۆ شینەکراوەتەوە بەتەواوی، هەر لەبەرئەوە کەوتۆتە دودڵیەوە دەربارەی زەردەشت و جادوگەری، سەرەڕای ئەمەش ئەفلاتون بڕوای پتەوی بەئاینی زەردەشت هەبووە کە ئاینێکی ئاسمانیە و یاسای ئاهوڕامۆزدەیە. زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن: پایەی زەردەشت لەهەموو لایەنێکی زانست و لاهوت زۆر بەرزتر بوو لەپایەی (ئەفلاتون)، چونکە زەردەشت پێغەمبەر بوو و ئاڤێستای لەلایەن خواوە بۆ هاتۆتە خوارێ کە خەڵك هاندەدات بۆ بیر و وتار و کرداری باش و دژی ئەهریمەنە.

ماموستا مەسعود محەمەد کۆیی جەلیزادە دەڵێت: کتێبی ئاڤێستا (١١٠٠) ساڵ بەر لەزایین سەرچاوەی هەموو هەستی ڕوحی زانستی لاهوتی و فەلسەفەی ژیان بوو، سەرچاوەی هەموو کار و کردارێکی باشی جیهان بوو، وە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت هەمووکات خواپەرست بوون و لەناو گەلانی جیهان بەخواپەرست ناسراون. سەرسام دەڵێت: ئەگەر بەوردی بیر لەو چیرۆکانەی کە شەوانی زستان لەدەوری ئاگردان ئەگێڕدرانەوە و باسی دێو و جنۆکە و عێفریتی زۆر تێدایە ئەمانە پەیوەندی زۆری بەئاینی زەردەشتەوە هەیە. پێموایە (سەرسام) بەتەواوی لەئاینی زەردەشت نەگەیشتووە، بۆیە ئەمانە پاڵدەداتە ئاینی زەردەشت.

١٣-دووربە لەم سێ شتانە (خانەی بەجەنگ، پیاڵاوی تەنگ، ژنی قەڵبەزەنگ).

١٤-بەپلە و دەوڵەمەندی لەخۆت بایی‌مەبە، لەوانەیە ڕۆژێ هەژاربی و دابەزی.

١٥-لەگەڵ هاووڵاتت بژی.

١٦-درۆمەکە و بەڵێنی درۆ بەمناڵە بچوکەکانت مەدە.

١٧-تووشی هەرکەسێک بووی چاک و خۆشی لەگەڵ بکە.

١٨-ئەوە بزانە تیژترین چەک زمانی ژنی چەنەهەراشە.

١٩-دەستی پاک و دڵی پاک و زمانی پاک فریشتەی سەرزەویە.

مامۆستا (عبیدالله الحیدری) لەکتێبی (الاکراد و الوثنیة)دا دەڵێت: ئاڤێستای زەردەشت داوای ئەم شتانە دەکات و زەردەشت ئەوانەی بەپایەی سەرەکی ئایینەکەی زانیوە:

یەکەم: (هۆخت) واتە لەهەموو وتار و کردارتدا ڕاستگۆبە.

دووەم: (هۆمت) دەروون پاکی و بیرکردنەوەی پاك.

سێیەم: (هۆرشت) واتە کرداری چاك و یارمەتیدانی کردارچاکان و دژایەتی ئەهریمەن.

هی خۆیان و هەر یاسا و سروودێکی ئایینی سەریهەڵدەدا، تا هاتنی ئایینی ئیسلام هەمووی سەرچاوەکەی کتێبی ئاڤێستا بوو.

واتە فارسەکان خۆیان کردە خاوەنی هەموو فەلسەفە و ئەخلاق و فەرهەنگ و زانست و سروود و ئیلهاماتی ئاڤێستا، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا دەوڵەتی (ماد=کورد) ڕووخابوو کورد بێدەوڵەت بوون و ئاڤێستا لەلایەن فارسەکانەوە بەکتێبێکی بێگانە سەیردەکرا و گۆڕیان بۆ سەر زمانی خۆیان، چونکە زەردەشت کورد بوو و ئاڤێستای بەکوردی بۆ هاتبوو، ئاشکراشە هەر پێغەمبەرێك بۆ ناو هەر کۆمەڵ و گەلێك بێت ئەبێ بەزمانی ئەو گەلە قسەبکات و یاسا و ئامۆژگاری و پەیامەکانی خۆی بەزمانی گەلەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە. خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه) واتە ئێمە هیچ پێغەمبەرێك نانێرین ئەگەر بەزمانی قەومەکەی نەبێ. ئەمەش زۆر ئاشکرایە ئاڤێستا و زەردەشت بۆلای کۆمەڵی میدی هاتبوون.

لەمێژووی (٥٥٠) ساڵ بەر لەمێژووی زایین، فارسەکان بەسەرۆکایەتی (کۆرش) دەوڵەتی (ماد)یان ڕووخاند، لەساڵی (٥٥٢)ی پ. ز یۆنانیەکان هەموو زانست و هونەر و ڕۆشنبیری کوردیان سوتاند. بەهۆی ئەمانەوە کورد بێبەش بوو لەزانست و ڕۆشنبیری و فەلسەفە و زانیاری کتێبی ئاڤێستا، لەو ڕۆژەوە کورد بێبەش بوو بەرامبەر زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری خۆی، بگرە بەرامبەر بەخاك و وڵاتی خۆی. لەم بارەیەوە (بلوتارك) کە بەر لەمێژووی زایینی ژیاوە دەڵێت: (٣٥٦) ساڵ بەر لەمێژووی

سوتاندنی پەرستگای (ئەسینا) ئەمەم کرد کە فارسەکان سوتاندیان.

هەندێ لەمێژوونوسان وەکو مەحمودی حەمامیان، ئەحمەدی تاجانی، شەریفی حەیدەری دەڵێن: لەشاخی پشتی هەمەدان پەیکەری زەردەشت دروستکرابوو، کە کتێبی ئاڤێستا و مۆمێکی بەدەستەوە بوو، وە هەروەها هەر لەپشتی هەمەدان کۆشکێکی لێبوو، ئەم کۆشکە حەوت دیواری هەبوو، هەر دیوارێك ڕەنگێکی هەبوو، ئەم کۆشکە پڕبوو لەزێڕ و زیو و بەردی بەنرخ و چەندان بەردی بەنووسین هەڵکەندراو و سەدان پەیکەری دەستکردی لێبوو، ئەسکەندەر پەیکەری گەورەی زەردەشت و هەموو کۆشکەکانی سوتاند و وێرانکرد، ئەوەی کە بەنرخ و گرنگ بوو بەلایەوە هەمووی ناردەوە (ئەسینا)، بەمجۆرە گەلی میدی کەوتە ژێردەستی و برسیەتی و پەرێشانی، وە هەروەها خورافات و ئەفسانە و شتی خراپ لەناو گەلی میدی بلاوبووەوە و کتێبی ئاڤێستا کەوتە بەر هێرشی دەستکاری و گۆڕین و کەمکردن و زیادکردن و بلاوبونەوەی جادوگەری و بتپەرستی و دژایەتی کردنی یەکتری.

بەمجۆرە ئاڤێستا نوسرایەوە و کرایە یاسای دەوڵەتی فارس و هەرچی ئایین و زانست و دابونەریتی جوان بوو زەوتیانکرد و ناوی کوردیان لەسەر کتێبی ئاڤێستا سڕیەوە و ناویاننا (پەیامی پیرۆز) یان (ڕەهبەری میهەنی فارس) وە هەرچی وشە و ڕستەی کە باسی کوردی تێدابوو گۆڕیان و کردیانە هی فارس و مێژووی پڕشکۆی کورد و زانستی فراوانی ئاڤێستای کوردی کرایە هی فارس و داگیرکرا و گەلانی ئێران لەدەوری ئەم یاسا تازەیە کۆبوونەوە بەناوی گەلی فارس، لەهەمان کاتدا دەوڵەتی (ڕۆما)ش دەستیکرد بەگەشەپێکردنی ئایینی مەسیح و ڕێزلێنانی قەشە و مەتران و کاردینال و هەر جەنگێکی لەنێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا ڕوویدەدا ناویاندەنا جەنگی ئایینی.

لەمێژووی کۆمەلانی ڕۆژهەلاتدا دەڵێن: ئەگەر پاشایەك سەردانی پاشایەکی بکردایە لەپاشاکانی ساسانی بۆ پێشوازی ئەم پاشایەی سەردانی کردووە کتێبی ئاڤێستایان دەبرد بۆ پێشوازی، بەلاّم (ئەردەشێر) ئەم یاسا و ڕێسایەی گۆڕی و لەجیاتی ئاڤێستا یەکێکی دەنگ گەورەی دەناردە سەر منارەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوو لەنزیك شوێنی پێشوازی، لەکاتی گەیشتنی پاشای هاتوو بۆ سەردان، ئەم دەنگ گەورەیە لەسەر منارەکە بەدەنگی بەرز بیست ویەك جار دەیوت: (های، های، های،....) تاکو (٢١) جار بەقەدەر ژمارەی سوورەتەکانی ئاڤێستا. کاتێ کە تۆپ دروستکرا بۆ پێشوازی پاشایان (٢١) تۆپیان دەتەقاند تاکو ساڵی (١٩٣٥) تا (١٩٤٠)ی زایینی ئەم نەریتە لەهەندێ شوێن هەرمابوو.

ئەگەر کەسێك ویستی قسەت لەگەڵ بکات بڵێ من پێویستم کردووە لەسەر خۆم بۆ خوا چەند ڕۆژێك قسە نەکەم.

دایکی منداڵەکە هەڵدەگرێت و دەیهێنێتەوە ناو هۆزەکەی، کە چاویان بەم ڕووداوە دەکەوێ هەموو خەڵك ژن و پیاو لەدەوریان کۆدەبنەوە و دەستدەکەن بەنەفرەتکردنی و تانەلێدانی. ئەنجا دایکی ئاماژە بۆ منداڵەکە دەکات بۆئەوەی قسەیان بۆ بکات، منداڵەکە کە لەسەر بێژنگێك دادەنرێت ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ: ئەی قەوم دایکی من دەست و دڵ و دامەن پاکە، دوورە لەهەموو تاوان، من بەندەی خودام و پێغەمبەرێکی پیرۆز و مەزن و ئاشتیخوازم، خوا کتێبی ئینجیلم بۆ دەنێرێ، کاتێ منداڵەکە ئەمە دەڵێ خەڵکەکە باوەڕی پێدەکەن بەتایبەتی کاهینەکان. ئەمە دەقی ئاڤێستا بوو کە لەگەڵ قورئان یەکدەگرنەوە و جیاوازیەکی وایان نییە

ئاغا بەهاری موکریانی لەکتێبی (کوردنامە)دا دەڵێت: لەڕۆژگاری (شا هێرودیس) لەوڵاتی (کەنعان) لەشاری (بیت لحم) کە حەزرەتی مەسیح لەدایکبوو، شەو ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمان پەیدابوو، زەردەشتیەکانی هەرێمی (ئۆرارتۆ=ورمێ)، چەند کەسێکی شارەزایان هەڵبژارد بۆئەوەی لەهۆی هەڵهاتنی ئەم ئەستێرەیە بکۆڵنەوە، زەردەشتیەکان هاتن بۆلای (شاهێرودیس) ئەویش زۆر ڕێزی لێگرتن و داوای لێیانکرد کە کات و شوێنی لەدایکبوونی ئەم پێغەمبەرەیان پێبڵێن تاکو ئەویش ڕێزی لێبگرێت و بڕوای پێبکات، بەلام زەردەشتیەکان زانیان ئەو

ئاڤێستا و مژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ)

مامۆستا (عبدالحمید جودە) و مامۆستا (عەباس مەحمود ئەلعەقاد) دەڵێن: کتێبی ئاڤێستای زەردەشت بەڕوونی مژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامی داوە و ئاڤێستا لەم بارەیەوە دەڵێت: لەدوای هەموو پێغەمبەران پێغەمبەری خاوەن وشترە سوورە دێتە مەیدانی خواپەرستی لەشاری (ڤاران=مەککە) لەدایک دەبێ و بۆ شاری (یثرب=مدینە) کۆچ دەکات لەدەستی ناحەزان، لەوێ ئایینی نوێ کە بۆ هەموو کۆمەڵ دەگونجێ بڵاودەکاتەوە، پێغەمبەرێکی گشتی ئیسلامە و دۆستی خوێندەوارییە و دڵی جیاجیا دەگەیەنێتە یەکتری، بتپەرستی ناهێڵێ و مافی ژن دەپارێزێ، بالای نە کورتە و نە درێژە و زۆر بەوێڵە و ڕێزدارە و دۆستی هەژارانە، دژی زۆردارانە ئایینی ئەو هەموو ئایینی سەرزەوی پوچەڵ دەکاتەوە.

نەورۆز

وشەی نەورۆز واتە (ڕۆژی نوێ) وە مێژوونوسان زۆر مانای تریان بۆ داناوە، لەکۆنەوە هەموو ساڵێك و لەسەرەتای وەرزی بەهار لەڕۆژی ٢١ی ئازار کورد لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن و یادی دەکەنەوە و لەسەر لوتکەی شاخەکان ئاگردەکەنەوە. پێش هەموو شتێ ئەبێ ئەوە بزانرێ ئاخۆ (نەورۆز) ڕووداوێکی ئەفسانەیە یاخود ڕووداوێکە و بەڕاستی ڕوویداوە؟ وە ئایا کاوەی ئاسنگەر نەورۆزی داهێناوە یاخود نەورۆز لەکاوە کۆنترە؟

ئەحمەدی خانی، نەورۆز بەجەژنێکی سروشتی گشتی کورد دادەنێت. مەحمودی حەمامیان، بەجەژنێکی نەتەوەیی کوردی دادەنێت. ئەحمەدی تاجانی، بەجەژنێکی سیاسی کوردی دادەنێت. مەسعودی و تەبەری و مەقریزی دەڵێن: ئەخمینیەکانی فارس ڕۆژی نەورۆزیان بەسەری ساڵ داناوە و ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە. زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن: نەورۆز زۆر لەڕووداوی کاوە و ئەژدیهاك کۆنترە، بەڵام ڕووداوی کاوە و جەژنی سروشتی گەلی کورد بەیەکەوە بەستراون و (ڕووداوی کاوە لەڕۆژی جەژنی سروشتی کوردا ڕوویداوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (نوح) پێغەمبەر و بەر لەکاوە و ئەژدیهاك و فەرەیدون نەورۆز هەبووە و ئاهەنگی بۆ گێڕدراوە.

هەندێك مێژوونوس نەورۆز بۆ سەدەی شەشەمی پ. ز دەگەڕێننەوە، هەندێکیش لایانوایە (٢٥) سەدە پ. ز نەورۆز

دروستبوونی دەوڵەتی ڕاگەیاند، بەم بۆنەیەوە ئەم ڕۆژە کرایە ڕۆژی نویٚ واتە نەورۆز.

هەندێکیش دەڵێن: ئەو ڕۆژەی ئاگر دۆزرایەوە کرایە جەژنی نەورۆز، وە هەندێك لایانوایە ئەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا کەوتنە سەر زەوی بەیەکەم ڕۆژی نویٚ ئەژمێردرێت، واتە لەدەستپێکردنی ئادەمیزاد لەسەر زەوی کە تێیدا ژیانی مرۆڤ دەستیپێکرد و ئەم ڕۆژە نوێیە بوو بەمێژووی سەریساڵی ئەوانەی لەدوای ئادەم هاتن و کاروباری ڕۆژانە و ساڵانەی خۆیان لەسەر ئەم مێژووە جێبەجیٚ دەکرد کە بەزمانی فارسی ئەم دەستەواژەیەی پیٚئەوتریٚ (پس أز هبوط). وە هەندیٚ مێژوونوس دەڵێن: نەورۆز لەو ڕۆژەوە دەستیپێکرد کە کەشتی نوح لەدوای تۆفان نیشتەوە و ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژێکی نویٚ واتە نەورۆز، چونکە دوبارە ئەم کۆمەڵە مرۆڤە ڕووداو و کرداریان بەڕۆژی ئەو دابەزینە دەستپێکرد و کوردستان بوو بەلانکی دووەمی ئادەمیزاد و مرۆڤایەتی.

وە هەروەها دابەزینی کەسێك لەئاسمان و بەهەشتی خوا و دابەزینەوەی دوای تۆفان بۆ سەر زەوی، ئەبیٚ ماوەیەکی پیٚبچێت تا ئەو کەسە جێگە و ژیانێکی گونجاو دەدۆزێتەوە، ئەنجا ئەگەر ئەو وەرزەی کە ئادەم و حەوای تێدا دابەزین ئەگەر زستان و سەرما بووبیٚ ئەوا دەسەڵاتی ئەوەی نی‌یە کە شتێکی پێویستی ژیان ئامادەبکات لەبەر سەرما و نەڕووانی هیچ جۆرە ڕووەك و گژوگیایەك، لەبەرئەوە ئەبیٚ دابەزینی ئادەم و حەوا بۆ سەر زەوی

وشەی (پێشدادی) واتە (دانەری داد پێش هەموو کەس)، ئەم دەوڵەتە هەشت پاشای چالاك و لێهاتووی هەبووە، (٢٤٤٧) ساڵ حوکمیان کردووە. لەکتێبی ئاڤێستا باسی (کەیومەرس) کراوە و زەردەشتیەکان بەباوکی مرۆڤایەتی دادەنێن. ئەفسانەی زۆر دەربارەی ئەم پاشایە دەماودەم گێڕدراوەتەوە، هێرۆدیت دەڵێ: پێشدادیەکان لەنەوەی ئارین، بەڵام فارسەکان ئامۆزای ئاریەکانن. لەدوای مردنی (کەیومەرس)، هۆشەنگی کوڕی بوو بەپاشا و چل ساڵ حوکمڕانی کردووە و زۆر گرنگی بەنەورۆز داوە و ئاهەنگی بۆ گێڕاوە، لەدوای (هۆشەنگ) کوڕی خۆی بوو بەپاشا کە ناوی (شەوەری) بووە و نزیکەی (٣٠) ساڵ حوکمڕانی کردووە و بتپەرستی لەسەردەمی ئەودا بڵاوبوەوە.

لەدوای ئەم شایە چەند پاشایەکی تر هاتوون و حوکمڕانیان کردووە، تاکو هاتنی (جەمشید شا)، ئەم شایە زۆر وریا بووە و خەڵکی لەکۆچەری قەدەغەکرد و شار و دێهاتی تری دروستکرد، شارێکی بنیاتنا بەناوی (پرسبلیبوس) و کردی بەپایتەختی دەوڵەتەکەی و هەر لەو شارەدا تەختێکی سەرسوڕهێنەری دروستکرد و ناوینا (تەختی جەمشید).

لەسەردەمی (جەمشیدشا) گەلێك شتی نوێ و داهێنانی تازەی هێنایە بواری پێداویستیەکانی ژیان و خزمەتی کۆمەڵ وەکو: ڕۆژی نەورۆزی کردە سەری ساڵ و یەکەم تەقویمی هەتاوی دانا، لەبواری پیشەسازیدا و لەسەردەمی ئەودا بۆ یەکەم جار گەچی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی خانوبەرە و هەروەها ئاسنی نەرم

داخست، واتە بەهۆی بڵاوکردنەوەی چاکە و خواپەرستی کەس تاوانی نەدەکرد کە هۆی چوونە دۆزەخە.

ئاڤێستاشوناسی دەڵێت: جەمشید ڕۆیشت لەدوای ئەوەی هەموو چاکەویستی جێبەجێکرد بەرەو پردی (جنیود) واتە (پردی ڕۆیی)، بەفەرمانی ئاهوراموزدە لەهەشتی مانگی خاکەلێوەوە دەرگای دۆزەخی داخست، هەموو ئەهریمەن و دێوەکانی بەندکرد، خەڵك لەو ڕۆژەوە تاجی شایانەیان لەسەرنا و کرنوشی پاشایەتیان بۆ برد و ئەم ڕۆژە بوو بەنەورۆز.

ئاغا بەهاری موکریانی لەکتێبی (کوردنامە)دا دەڵێت: کاتێ جەمشید بینی دەوڵەتەکەی سەقامگیر بوو، چاکەخوازان زۆربوون و ئەهریمەنەکان کەم بوون، لەڕۆژی ٢١ی ئازاردا خەڵکی کۆکردەوە و وتارێکی بۆ دان و وتی: (ئەی ئاهوراموزدەی یەکتا.. سوپاست دەکەین کە تۆ بونەوەرت دروستکردووە، ئەی خەڵکینە گوێبگرن... ئاهوراموزدەی چاکەخواز داوامان لێدەکات کردار و وتارمان باش بێت، بەئاوی پاك خۆتان بشۆن، جلتان بشۆن، دەمتان بشۆن، ئەوەش بزانن من خەڵکم لەژیانی تاڵ ڕزگارکرد و خستمنە سەر ژیانی خۆش و شارستانی، لەبەرئەوە هەمووساڵێك ئەم ڕۆژەی کۆبونەوەمان بکەن بەڕۆژی نوێ–نەورۆز و ئاهەنگی بۆ بکەن و یادیبکەنەوە.

مامۆستا مەلاعەلی قەرەحەسەنی لەکتێبی (الاکراد)دا دەڵێت: کاتێ جەمشیدی میدی بیری لەکارەساتی تۆفان و ڕزگاربوونی کۆمەڵێك ئادەمیزاد و گیانلەبەر و حەوانەوەی مرۆڤ لەخاکی

لەوکاتەدا کە جەمشید یاخیبوو، سەرکردەیەکی بەنەژاد فارس هەبوو بەناوی (ئەژدیهاك) یان (زوحاك) یان (دەهاك) بوو، زوحاك لەبنەماڵەیەکی فارسی بوو، بەلاّم بۆئەوەی لەناز پەروەردەیی دوورکەوێتەوە و ببێت بەسوارچاکێکی چاك ناردیان بۆ (یەمەن) کە ئەوکاتە سەر بەدەوڵەتی پێشدادی بوو. زوحاك کە گەورە بوو گەڕایەوە شارەکەی خۆی و دوای ماوەیەك (مەدراسی) باوکی خۆی کوشت کە زۆر خواپەرست بوو و یەکێك بوو لەکاربەدەستانی فارسی لەدەوڵەتی پێشدادی، ئەوکاتە کە (جەمشید) لەسەر کاربوو بەتەنیا کورد بەشدار نەبوون لەو دەوڵەتە بەڵکو گەلانی تری وەکو فارس هاوبەش بوون لەم دەوڵەتە و پلەوپایەیان لەم دەوڵەتەدا هەبوو.

زوحاك کە باوکی خۆی کوشت، خۆی هاتە جێگای و زۆر زۆردار بوو، بۆئەوە تێدەکۆشا دەوڵەتی کوردی لەناوبەرێ و دەوڵەتێکی فارسی دروستبکات و خۆی ببێتە پاشا، ئیتر وردە وردە بەنهێنی لەدژی دەوڵەتی (جەمشید) خەڵکی هاندەدا و پڕوپاگەندەی بلاّودەکردەوە کە (جەمشید) دژی ئاینە و دژی ئاهوڕامەزدەیە، تا وایلێهات خەڵك لەدەوری (زوحاك) کۆبونەوە و سوپایەکی زۆری لێدروستکردن بەناوی (هێزی بڕواداران)، بەمەبەستی ڕوخاندنی دەوڵەتی (جەمشید) بەرەو (ئەسفەهان) کەوتەڕێ و هەر بەرگریەکی دەهاتەڕێ دەیشکاند و تاکو (ئەسفەهان)یشی گرت و (جەمشید) هەلاّت بۆ (ئەفغانستان) لەوێش یارمەتی (جەمشید)یان نەدا و لەدواییدا بەهەرجۆرێك بوو

دەیانەوێت دەوڵەت و دابونەریتی جەمشید بژێننەوە دەکوژران و ئەگەر کوردێك چووبایە کۆشکی (ئەژدیهاك) ئەبوایە کڕنووشی بۆ ببات و بڵێ مردن بۆ جەمشیدی ئەهریمەن. لەئەنجامی ئەوەدا زۆرجاران کوردەکان لەدژی (ئەژدیهاك) ڕادەپەڕین، بەڵام بەهۆی سوپای فارس و کوردە خۆفرۆشەکان کپدەکرانەوە.

دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشی ئەژدیهاك

ئەژدیهاك هەمیشە خەریکی ڕابواردن بوو، چەند دەستەیەکی لێهاتووی دەنگخۆش و چەند گەنجێکی کوڕ و کچی جوانی بۆ سەما و هەڵپەڕکێ هەڵبژاردبوو، لەخواردنی خۆش و شەربەتی میوە و گۆشتی باڵندە و کام خواردنە خۆش و حەزی لێبوو بۆی ئامادە دەکرا لەلایەن چەند چێشتلێنەرێکی شارەزا و زانا لەو بوارەدا. ئەژدیهاك بەم جۆرە نەخۆشیەوە ژیانی ڕادەبوارد، تاکو ڕۆژێك چێشتلێنەرێك هات بۆلای و پێیوت ئەی شای ئێران زەمین، من زۆر شارەزای خواردن دروستکردنم و خواردنی جۆراوجۆری وا دروستدەکەم تا ئێستا کەس نەیتوانیوە دروستیبکات، ئەگەر ئەمر بفەرموی ببمە چێشتلێنەری جەنابتان. ئەژدیهاك قبوڵیکرد و کردیە چێشتلێنەری خۆی و لێپرسراوی هەموو چێشتلێنەرەکان و کەوتە دروستکردنی خواردن و خواردنەوەی سەرسوڕهێنەر و جۆرە شەربەتێکی دروستکرد کە

مێشکی لاوانی کورد دەرمانی دەردی ئەژدیهاکە

چەندان حەکیم و پزیشك سەردانی ئەژدیهاکیان کرد، بەڵام هیچیان نەیانتوانی چارەسەری نەخۆشی ئەژدیهاك بکەن، تاکو ڕۆژێك خەڵك دیتی پیاوێکی دەست بەگۆچان تورەکەیەکی لەملە و لەڕێگای ڕۆژهەڵاتی ئەسفەهانەوە بەرەو ناو شار دێت و ڕوویکردە کۆشکی ئەژدیهاك و ئێشکچییەکان لێیان پرسی لەکوێوە هاتووی و بۆ کوێ ئەچی؟ وتی من حەکیمم، بیستم پاشای ئێران تووشی دەردێکی کوشندە بووە، هاتووم بەڵکو دەرمانی دەردی شا بدۆزمەوە و چارەسەری بکەم. هەواڵیان بۆ شا برد، ئەویش داوایکرد بێتە لای، حەکیم چووە ژوورەوە و سڵاوی لەپاشا کرد و دوای کەمێك وتووێژ، حەکیم دەستیکرد بەپشکنینی نەخۆشی پاشا، لەدوای ئەوە حەکیم لەبەرامبەری تەختی پاشا دانیشت و وتی: پاشام دەردی تۆ یەکەم دەردە کە ڕوویداوە، دەرمانی ئەم دەردە خواردنی مێشکی مرۆڤی گەنجە و ئەبێ هەموو ڕۆژێ لانی کەم مێشکی دوو گەنج بخۆی بۆ ڕزگاربوونت لەم دەردە. زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن حەکیم پێی‌وت مێشکی دوو گەنج ئەبێ بکرێتە دەرمان و لەسەر برینەکانت دابنرێ، هەندێکیش دەڵێن پێی‌وتوە ئەبێ بیخۆی، بەڵام پێدەچێ ڕەئی یەکەمیان ڕاستربێ، واتە مێشکیان لەسەر برینەکەی دانابێ.

بۆچوونێکی تریش هەیە سەبارەت بەنەخۆشیەکی ئەژدیهاك کە مامۆستا ئەحمەدی تاجانیش لەکتێبی (شعلە فی درب التأریخ)دا

جێبەجێکردنی ئەم پیلانە، بۆیە تکام هەیە فەرمان بفەرمووی (ئەسفەندیاری ساکۆهی) دانیشتوی شارۆچکەی (سیاهکۆ) ئامادەبێت، هەروەها (ئەرمائل و کەرمائل) کە هەردووکیان میدین و زۆر دڵسۆزی تۆن و چەندجار بیستوومەتەوە وتویانە هەموو گەلی میدی بەقوربانی ساتێك ژیانی پاشا دەکەین و فەرمان بفەرمووی ببنە چێشتلێنەری تایبەتی تۆی خاوەنشکۆ.

ئەژدیهاك قسەی کچەکەی بەگوێداچوو لەدوای (ئەسفەندیاری) نارد، کاتێ هات (نۆش ئافەرین) پێی‌وت پێویستە کاتی نیوەشەو لەکات و شوێنێکی دیاریکراو ئامادەبیت و هەرکاتێ من بەدوومدا ناردی زۆر بەنهێنی دێیت بۆ ژووری تایبەتی باوکم، لەکاتی دیاریکراودا (ئەسفەندیار) بەپێی بەرنامەکەی بۆی دانابوو هاتە ژووری تایبەتی پاشا، لەژووری پاشادا (ئەژدیهاك و کچەکەی و بەهرامی توسی وەزیری و ئەسفەندیار) ئامادەبوون و دانیشتن بۆ داڕشتنی پیلانێك بۆ لەناوبردنی لاوانی میدی و (ئەرمائل و کەرمائل)یشی کردە چێشتلێنەری تایبەتی خۆی.

کەس نایدرکێنی و زۆر بەوردی کارەکە ئەنجامبدە و هەر بەیانی بەبێ دواکەوتن دەڕۆی بۆ وڵاتی هیندستان.

ئەنجا ڕوویکردە (بەهرامی توسی) و وتی: تۆش زۆر بەوردی و بەنهێنی لەماوەیەکی کەمدا ژمارەی گەنجانی میدی دەکەی لەئەسفەهان و دەوروبەری و ژمارەکەی بۆلای من بهێنەوە، ئاگاداری خۆتبە و نەهێڵی کەس بەم نهێنی‌یە بزانێ تۆش ئەی باوکی مەزنم خۆت وا نیشانبدە تاکو شەش مانگی تر هەر نەخۆشی و ئازارت وردە وردە زۆر دەبێ و کاتێ کە هاتنەوەی (ئەسفەندیار) نزیك کەوتەوە بەتەواوی خۆت نەخۆشبکە.

بەمجۆرە (نوش ئافەرین) پیلانەکەی دارشت و لەهەمان کاتدا دەستیکرد بەڕێزگرتنی گەلی میدی و بایەخی زۆری پێدەدان، تاکو هاتنەوەی (ئەسفەندیار) ئەنجا دوای هاتنەوەی چۆنیان پیلانەکە دارشتبوو وایان جێبەجێکرد بەمەبەستی قڕکردنی لاوانی کورد.
مامۆستا تاجانی دەڵێ: بەڵگەی ڕوون بۆ دانانی ئەم پیلانە لەدژی گەلی مید و بەتایبەتی لاوەکانیان ئەوەیە لەئەسفەهان و دەوروبەری زۆر نەتەوەی تر ئەژیان وەکو (فارس و ئازەری و ئوردی و تورانی)، بەڵام تەنیا لاوانی کورد سەردەبڕدران و مێشکیان دەکرایە دەرمانی دەردی زوحاك. مامۆستا باڵەکی دەڵێ: لەسەر فەرمانی ئەژدیهاك هەموو ڕۆژێك دوو گەنجی کورد دەگیران و سەردەبڕدران و مێشکیان دەدرایە دەستی (ئەرمائل و کەرمائل) ئەوانیش دەیاندایە بەناو (حەکیمی هیندی) و ئەویش دەیکردە دەرمان و لەسەر برینی سەرشانی زوحاك دایدەنا.

کاوەی ئاسنگەر

شەریفی خەسرەوی لەکتێبی (ناودارانی گەلی میدی)دا دەڵێت: کاوە خەڵکی (سیستان) بوو، یەکێك بوو لەسەرکردەکانی سوپای ئەسکەندەری ماکدۆنی، بەلاّم لەدوای گەڕانەوەی ئەسکەندەر بۆ وڵاتی (یۆنان) کاوە لەوڵاتی میدی مایەوە. بەلاّم زۆر لەمێژوونوسان دەڵێن: کاوە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی دەوڵەتی (جەمشید)، کاوە لەئەسفەهان مایەوە لەدوای کوژرانی (جەمشید) دەستیکرد بەپیشەسازی ئاسنگەری.

دەڵێن کاوە هەژدە کوڕی هەبووە، حەڤدەیان سەربڕدراون و مێشکیان کراوەتە دەرمانی دەردی زوحاك و تەنها کوڕێکی ماوە بەناوی (ژەنگار)، کاوە پیاوێکی وردبین و بیرکەرەوە بوو، لەکارەساتدا خۆڕاگر بوو، زۆری تالاّوی ئازار چەشتبوو بەهۆی لەدەستدانی کوڕەکانی. باوکی کاوە (چوبینە) و دایکی ناوی (پەریسا) بوو، لەگەڵ جەمشیدی میدی یەك پشت بوون، کاوە خواناس و بڕوای بەپێغەمبەر (مهاباد) هەبوو بەدەستووری ئەو خواپەرستی دەکرد، دەستێکی ڕەنگینی هەبوو لەدروستکردنی ڕم و شیر و سەرەتیری ئاسن، هەروەها زرێی ئاسنی دروستدەکرد بۆ لەبەرکردن لەشەڕدا. کاوە وشەیەکی کۆنی میدیە واتە (خۆری ڕووناك)، کاوە زۆر حەزی لەڕاو کردووە ئەسپێکی هەبووە بەناوی (بروسکە).

فەرەیدون و باخەوانی دۆستی باوکی

فەرەیدون کوڕی ئابتین بوو، دایکی ناوی فرانك بوو، هەندێ مێژوونوس دەڵێن دایکی ناوی (ژاڵە) بوو، فەرەیدون و کاوە لەگەڵ جەمشید یەك پشت بوون، باوکی فەرەیدون سەربڕابوو بەمەبەستی دەرمانی ئەژدیهاك. ئەژدیهاك کاربەدەست و سیخوڕەکانی ڕاسپارد بگەڕێن بەدوای ئەو منداڵەی کە ناوی فەرەیدونە و بیکوژن، بەهەزاران منداڵ کوژران بەناوی فەرەیدون، دایکی فەرەیدون کە بەمەی زانی بەشەو فەرەیدونی کردە پشتی بردیە لای باخەوانێك کە دۆستی باوکی فەرەیدون بوو و سەربردەکەی بۆ گێڕایەوە و بۆ بەیانی دایکی فەرەیدون مانگایەکی هەبوو ئەویشی برد بۆلای باخەوانەکە و بەشیری مانگاکە فەرەیدونی بەخێوکرد.

بەمجۆرە فەرەیدون ماوەی سێ ساڵ مایەوە، هەر لەوماوەیەدا کاربەدەستانی ئەژدیهاك هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵی فرانك بۆ دۆزینەوەی فەرەیدون و سەربڕینی، بەهۆی ئەو ژن و پیاوانەی کە لەکۆشکی زوحاکدا کاریان هەبوو پەیوەندیان بەم گەنجە میدییانەوە هەبوو کە لەئەشکەوتی چیای دەماوەند ژیانیان بەسەردەبرد و ڕزگاریان بووبوو لەدەستی زوحاك و هەموو هەواڵێکی زوحاکیان پێڕادەگەیاندن. هەواڵی ئەوە هات کە جەلادەکانی زوحاك نیازیان وایە بچن بۆلای باخەوانەکە بەمەبەستی دۆزینەوەی فەرەیدون.

کرایە دەرمانی دەردی زوحاك، تۆش لەنەتەوەی میدی و خاك و ولاّتمان لەلایەن زوحاکەوە داگیرکراوە. فەرەیدون کە ئەمەی بیست وتی دایەگیان هەر ئێستا دەچم لەناو کۆشکەکەیدا دەیکوژم و تۆڵەی باوکم و ئەو گەنجانەی لێدەکەمەوە.

دایکی وتی: کورم تۆ هیچ پیلانێکت بۆ ئەم کارە دانەناوە و لەگەڵ کەس قسەت نەکردووە بۆ ئەم مەبەستە، ئەی نازانی زوحاکیش سوپا و دەست و پێوەندی گەلێك زۆرە، بۆ ئەو کارەی تۆ دەتەوێ بیکەیت ئەبێت بەرنامەیەکت هەبێ و پەیوەندی بەئەو هەزاران گەنجە میدییانەوە بکەی کە لەدەستی زوحاك ڕزگاریان بووە و ئێستا لەشاخ و ئەشکەوتەکاندا ژیان دەبەنەسەر و چاوەڕوانی هەلێك دەکەن بۆ لەناوبردنی زوحاك. فەرەیدون بەئامۆژگاریەکانی دایکی هوشیار بووەوە، ئەنجا پەیوەندیکرد بەئەو گەنجانەی کە لەشاخ بوون و دوای ماوەیەکی کەم لەیەك هێزدا ڕێکیخستن و ڕۆژانەش گەنجی تر دەهاتنە ناو ئەم هێزە و پەیوەندی لەنێوان شاخ و شاردا دروستکرد.

زوحاك کە بەمەی زانی ئارامی نەما و هەموو کاتێك لەپەژارەدا دەژیا و ڕۆژێك دارودەستەکەی کۆکردەوە و وتی ڕاوێژتان چی‌یە بۆ کپکردنەوەی یاخیبووەکان و ڕای خەڵك. دارودەستەکەی دوای وتوێژێکی زۆر وتیان: وا باشە لەمەودوا نەرمی بەکاربێنی و لەگەڵ خەڵك باش بی و دڵی خەڵك بۆلای خۆت ڕاکێشی و بەرژەوەندی گشتی ڕەچاوبکەی. زوحاك بەڵێنیدا چیتر زۆرداری نەکات و بڕیاریدا لەڕۆژی جەژنی نەورۆز پارە و دیاری

دەربارەی گەنجە میدییەکانی شاخیش وتی: خۆتان ئاگادارن کۆمەڵێك یاخیبوون و دەستیانداوەتە شاخ و بەهاندانی چەند کەسێك دەیانەوێت ئاسایشی وڵات تێکبدەن و کوشتن و وێرانکاری لەوڵاتدا بڵاوبکەنەوە، بۆیە دەبێ ئێوە و هەموو خەڵکی ئێران لەدژی ئەوانە بوەستن و دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆرشی گەورە بپارێزن و نەهێڵن سەریان بەرزبکەنەوە و لەناویانببەن و بیانکوژن لەپێناوی پاراستنی گەل و وڵات.

هەر لەو ڕۆژانەدا کاوە و فەرەیدون پەیوەندیان لەنێوان شاخ و شاردا توندتر کرد و شەوانە چەند کەسێك بەنهێنی لەشاخەوە دادەبەزینە ناو شار بۆ وەرگرتنی هەواڵ و دەنگوباسی کۆشکی زوحاك و ناوشار. دەستەواژەی نهێنی لەوکاتەدا لەنێوان خەڵکانی لایەنگری خۆیان ئەمە بوو: (هەتەرێ و مەتەرێ سەری ئاوەڵانم شتێکمان بۆ باوێ دەرێ)، ئەوانەی دادەبەزین بۆ ناو شار و دەچوونە ئەو ماڵەی پەیوەندیان پێوە هەیە لەدەلاقەی ماڵەکەوە ئەم دەستەواژەیەیان دەوت و ماڵەکەش هەر هەواڵێکی نوێ هەبوایە پێیان دەوتن و چی پێویست بوایە بۆیان دەکردن و دەگەڕانەوە شاخ، ئەوەی سەرپەرشتی ئەو شتانەی دەکرد کاوە بوو.

لەڕۆژی دیاریکراودا کاوە و فەرەیدون خۆیان و گەنجە ئازادیخوازەکان دەوری کۆشك و تەلاری زوحاکیاندا و خەڵکێکی زۆر لەلایەنگرانیان لەدەوریان کۆبوونەوە و هەستیان دەکرد شتێك ڕوودەدا، ئەو ئێشکچیانەی لەدەوری کۆشکی زوحاك بوون لەم

دۆزەخ، زوحاك فەرمانیدا کە (ژەنگار)ی کوڕی کاوە هەر ئێستا ڕزگاربکەن.

کاوە بەدەنگێکی گەورە وتی: بڕیاری لێبوردنی تاوانبارانت داوە کە دز و پیاوکوژن، بەڵام بڕیاری لێبوردنی بێتاوانان نادەی کە گەنجی میدین و لەبەندیخانە چاوەڕێی سەربڕینن.. ئێوەش ئەی کاربەدەستان و زانایان و کاهینانی حەوت هەرێمی زوحاکی زۆردار، تاوانێکی گەورە دەکەن پشتگیری ستەم و زۆرداری دەکەن، چونکە ئاڤێستا دەفەرموێت: (یارمەتیدەری زۆرداران دەبێتە سەگی دۆزەخ لەدنیای دووەمدا).

کاوە هاتە دەرێ و ڕوویکردە جەماوەر و وتی: ئەی کۆمەڵی زۆرلێکراوان.. ئەی گەلی قارەمانی میدی، هەمووتان دەزانن زوحاک دۆزەخێکی بۆ هەر حەوت هەرێمی ئێران داخستووە و کوشتن و تالان و وێرانکاری بلاوبۆتەوە، ئێستاش هەلمان دەستکەوتووە. ڕۆژی ڕووخانی کۆشکی زۆرداری زوحاکە، هەمووتان یەکگرن و لەمەیدانی خەباتا یەك دەنگ بن بۆ لەناوبردنی ئەم دوژمنە، ئێمە هەر ئێستا دەمانەوێت بڕۆین بۆلای فەرەیدون، داواتان لێدەکەم ئێوەش لەگەڵمان بن و دوامانکەون.

بەمجۆرە کاوە و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و زۆربەی هەرەزۆری ئامادەبووان دوایکەوتن و ڕووبەڕووی بارەگای فەرەیدون دەڕۆیشتن و فەرەیدونیش خۆی و هێزەکەی بەرەوڕووی کاوە دەهاتن و لەدەشت هەردوو هێزەکە بەیەکگەیشتن و دەستلەملانی یەکتربوون، کاوە ئاڵای بەدەستەوە بوو لەگەڵ فەرەیدون یەکتریان

(ئەرنەواز و شەهرنەواز) کە زوحاك بەزۆرداری کردبوونیە ژنی خۆی هاتنە لای فەرەیدون و بەخێرهاتنی فەرەیدونیان کرد و دڵخۆشی خۆیان دەربڕی، فەرەیدون زۆر ڕێزی گرتن و بەڵێنی پێدان کە زوحاك بەزووترین کات لەناوبەرێ و دەوڵەتەکەی بڕوخێنێ.

(کەلندرو) کە وەزیری زوحاك بوو و یەکەم خۆشەویستی بوو، ئەمینداری هەموو خەزێنەی دارایی و نهێنیەکانی زوحاك بوو، هاتە لای فەرەیدون و هەموو کلیل و نهێنیەکانی دایە فەرەیدون، بەلاّم هەواڵ هات کە زوحاك لەهیندستانەوە سوپایەکی زۆری هێناوە، هەر لەوشەوەدا (کەلندرو) هەلاّت و خۆی گەیاندە زوحاك و هەموو هەواڵێکی پێڕاگەیاند، بەلاّم زوحاك بڕوای پێنەکرد و وتی: ئەمانە لەکۆشکی من میوانن و تۆ لەترساندا خەڵەفاوی لاتوایە فەرەیدونە. (کەلندرو) وتی میوانی چی گەورەم فەرەیدون لەسەر تەختی تۆ دانیشتووە و هەردوو ژنەکانتی لەملاوئەولای خۆی داناوە و گورزێکی وەکو سەری گاجووتی بەدەستەوەیە، جەماوەر لێی کۆبۆتەوە.

زوحاك کە ئەمەی بیست دەستیکرد بەلێدانی (کەلندرو)، سوپای هیندستانیش کە زانیان کار لەکار ترازاوە گەڕانەوە، زوحاك ڕۆیی و چەند کەسێك لەداروەستەکەی خۆی ڕوویکردە ناو شار و خەڵك لەمبەر و لەوبەر دایانە بەر بەردودار. بەلاّم فەرەیدون لەکۆشك هاتە دەرەوە و فەرمانیدا زوحاك بگرن و بیبەنە

ڕۆژگـاری دەوڵـەتی پێشـدادی سـەردەمێکی زێڕیـن بـوو. فەرەیدون نمونەی شای لێهاتوو بوو، دەیان ساڵ حوکمڕانی کرد، فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو (سلم، تور، ئیرەج)، ولاّتی کردە سێ بەشی سەرەکی، بەشی ڕۆژئاوای (سلم)ی کردە حوکمڕان و بەشی ڕۆژهـەلاّتی کەوتـە دەسـتی (تـور) و بەشـی ناوەڕاسـتی درا بە(ئیرەج)ی برا بچوکیان، بەلاّم (سلم و تور) بەحوکمڕانی (ئیرەج) ڕازی نـەبوون و لەهـەلێکدا کوشتیان و سـەرەکەیان نـاردەوە بـۆ فەرەیدون.

ئەنجا (منوچهر)ی کوڕی (ئیرەج) لەتۆڵەی باوکی (سلم و تور)ی کوشـت و لـەجێگای فـەرەیدون بـوو بەپاشـا. (سـامی کـوڕی نـەریمان)ی کـردە وەزیـری خـۆی مشـورخۆری ولاّت. لـەدوای (منوچهر) نەوزەری کوڕی بوو بەپاشا کە بەدەستی (ئەفراسیاب) کوژرا بەکوشتنی (نەوزەری) کۆتایی بەدەولەتی پێشدادی کوردی هات، ئەنجا دەوڵەتی (کەیانی) هاتە سـەر حوکـم و (٧٤٢) سـاڵ حوکمڕانی کـرد، کـە زۆر مێژوونـوس بـەکوردیان دادەنێـن ئـەنجا دەوڵەتی مادی دووەم هاتە سەر حوکم و پەنجا ساڵ حوکمڕانی کرد تاکو هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام.

سەردەمی ئیسلام و نەورۆز

لەسەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب) نەورۆز قەدەغەکرا بەهەموو جۆرێك، بەڵام لەسەردەمی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) ماوەدرا کە لەڕۆژی نەورۆزدا شیرینی و حەڵوا دابەش بکرێت بەسەر خەڵکدا بەناوی نەورۆز. دوای هاتنە سەر حوکمی دەوڵەتی ئەمەوی و لەسەردەمی (معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان)دا لەجەژنی نەورۆز و میهرەگان باجوخەراج و دیاری لەجوتیاران و خەڵك وەردەگیرا بۆ بەهێزکردنی سوپای عەرەب، هەروەها ڕێگایدا هەندێ نەریتی سادەی جەژنی نەورۆز جێبەجێ بکرێت.

لەدوای (معاویە) زۆربەی خەلیفەکانی دوای ئەو ئەو باجوخەراجەیان لەجەژنی نەورۆز و میهرەگان وەردەگرت لەخەڵك. لەسەردەمی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) جەژنی نەورۆز بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەدرا جێبەجێ بکرێت و وتی لەسەردەمی پێغەمبەر و جێنشینەکانی یەکەم و دووەم قەدەغەکراوە لەبەرئەوە ئەبێ قەدەغە بکرێت. لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا جەژنی نەورۆز گرنگی پێدرا بەتایبەتی لەسەردەمی (مأمون رشید) و لەو سەردەمەدا لەجەژنی نەورۆز خەڵك یادی دەکردەوە و شاعیران و نوسەران ئاهەنگی نەورۆزیان دەگێڕا، هەروەها ڕۆژژمێریان گۆڕی و ڕۆژی نوێبوونەوەی سەری ساڵیان کردە ڕۆژی نەورۆز.

هەمزەی ئەسفەهانی دەڵێت: پێش هاتنە سەر حوکمی دەوڵەتی عەباسی باجی نەورۆز بەمێژووی کۆچی وەردەگیرا، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا کرایە ڕۆژی نەورۆز. لەسەردەمی

فەرهەنگی ئاڤێستا

پیتی -أ-

ئاهوڕاموزدە: خوای گەورە و خێرخواز.

ئەهریمەن: شەیتان.

ئاتەر: ئاگر.

ئاڤ: ئاو.

ئاهەنگ: ئاهەنگ.

ئاخستن: جوتکردن و ڕێکخستن.

ئاتریات: هێشکچی ئاگر.

ئاری: ویستن، خۆزگە.

ئارهی: مار.

ئاژانە: ڕەچەڵەك.

ئافریفتە: مەدحکردن، ڕەزامەندی.

ئافەنت: ئاوەدانی.

ئاکوەرە: لەوەڕگە.

ئازیا: ئاشی دانەوێڵە هاڕین.

ئاکچووریەم: چوارەم.

ئاگاز: ئاگادار.

ئایرا: نەژادی ئاری.

ئایزما: تاقیکردنەوە.

ئەنا: ئەنجا.

ئەزامە: ئازا.

ئەنەگرە: بارەگای خوا، زۆر، ڕووناك.

ئەڤدی: ئەویدی.

ئەفوخڤەرانە: نێوچاوان، ئاوەڕۆ.

ئەکە: زمانشڕ، بەدگۆ.

ئۆرڤەرا: شینبوون، ڕووان.

ئوشترە: حوشتر.

ئەیفا: یەك.

ئەبشام: ئەوان.

ئەس بیانهە: هەمبانە.

ئەیزمە: داری سوتاندن.

ئاپۆ: مام، ڕێبەر.

ئاواز: خوای شمشاڵ و زوڕنا و دووزەلە.

ئازەر: ئەستێرەی گەلاوێژ.

ئەردەلان: شێر.

پیتی -ب-

بەگە: خوای خوایان.

بەوری: دەرگای خوا، قاپی خوا.

بەردەهی: یاریدەدان.

بەر: بردن.

بەخت: بەش.

بەخت و داڵە: خاوەن بەخت، خاوەن بەش.

بێخور: دەهەزار.

دەڤەر: دەروازە.

دەڤە: دوو، ژمارە (٢).

دەرەفشە: ئالآ.

دوک دەگەر: کیژ کچ.

دراجە: درێژ.

دوزەهرە: درا.

دوش: دژ.

دوشی مندە: دوژمن.

دوجکە: زوشك، زیشك.

دومە: دەنگ.

پیتی -ه-

هاڤەن: ئاون.

هاڤیشڤەتە: قوتابی ئایینی زەردەشت.

هێربزان: ناوی کاهینی نهێنیەکانی ئایینی زەردەشت.

هامینە: هاوین.

هەتیاتی: حەفتا، ژمارە (٧٠).

هەرەز: برۆ ئازادبە.

هەنجەنی: پارچە پارچە.

هەیتیێ: کەژ، وەرز.

هەڤەر: ڕۆژ.

هێزو: زمان.

هەزەنرە: هەزار، ژمارە (١٠٠٠).

خشڤەش دەسە: شازدە، ژمارە (١٦).

خشەب: شەو.

خشەڤشتی: شەست، ژمارە (٦٠).

خشماکە: ئێوە.

پیتی -ت-

تڤەنت: هێز.

تەمە: تەم.

تەشە: تەشتی گەورە.

تەنو: بەدەن، لەش.

تەوڕنە: تەڕ.

تورە: ئازا.

تێخمە: پتەو.

تێکهرە: چوست و چالاك.

تەنەسوورە: کاهینی سوتاندنی مردووی زەردەشتیەکان.

پیتی -پ-

پادهە: پێ.

پەڕوو: دوو، ژمارە (٢).

پەڕەدەهاتە: دادوەری.

پەرتشی: پشت.

پەزدو: ئەسپێ.

پەزۆ: مەڕ.

کەتە: جێگەی پیرۆزی زەردەشتیان.

کەرە: کردن.

کەرەنە: تەنیشت.

کەرش: ڕاکێشان.

کەرشوەر: وڵات.

کەرەنا: کێرد.

کەفە: بەڵغەم.

کەشە: سەرشان.

کەڕناوس: کەڕ.

کەمەرا: پشتێن.

کەینا: کچ.

کەوفە: گردۆڵکە.

پیتی -گ-

گاتە: سروودی خوایی.

گاتو: جێگە.

گام: کات.

گام شووشە: جام، سەهۆڵ.

گەرەهە: گەروو.

گەرێز: گلەییکردن.

گەڤە: گاجووت، گا.

گەیویی: شاخ، کێو.

گەوسپەنتە: مێگەلی مەڕ.

مەوەنگ: مانگ.

مینۆ: خۆشی.

مەیشە: کاوڕ.

موشتی: مەست.

میزدە: کرێ.

موبزان: ناوە بۆ ئەو مامۆستایەی ئاڤێستا بەخەڵك دەڵێت.

پیتی -ن-

نەمەنە: ناو.

نەمرە: ناسك.

نیەرا: نیاز، مەرام.

نەیوبیڤە: ئازایەتی.

نەیزە: نێزە.

نەیمە: نیوە.

نیژاتی: نەژاد.

نیگا: ئاوڕدانەوە، تەماشاکردن.

نوو: ئێستا، هەنووکە.

نۆڤید: موژدە.

پیتی -س-

سووگینە: سووند، سوێند.

سەتە: سەد، ژمارە (١٠٠).

سەتەمین: سەدەمین.

پیتی -ف-

فەخشۆبەرە: خواپێداو.

فەرشە: چۆمەڵان.

فەهیە: باش.

فشەرمە: شەرم.

فشۆیەتی: سەپان، شوان.

فرەلە: زۆر، پان.

فەریشتە: بەخت.

فەهیشتە: بەهەشت.

پیتی -ڤ-

ڤەج: ئاخاوتن.

ڤەدئۆیە: مارەکردنی ژن.

ڤەرگە: گورگ.

ڤەزەگە: بۆق.

ڤەسترە: کراسی درێژ.

ڤەفرە: بەفر.

ڤیچیرە: فەتوای شەرعی.

ڤیمنە: گومان.

ڤیسە: ژەهر.

ڤیسش: ماڵ.

ڤینەد: دیتن، بینین.

ڤیوە: مێرد.

سەرچاوەکان

یەکەم/ بەزمانی عەرەبی

١-قورئانی پیرۆز.
٢-فەرموودەکانی پێغەمبەر.
٣-تەورات.
٤-مبحث عن منطقة بيتواته، مامۆستا مەلا فەتحوڵڵا هەرتەلی.
٥-تهذيب التأريخ، مامۆستا مەلا عەبدولقادری باڵەکی.
٦-الشعب الآري، مامۆستا مەلا بایەزیدی دیاربەکری.
٧-دين الاكراد، مامۆستا مەلا قەسیمی بانەیی.
٨-شعلة في درب التأريخ، مامۆستا ئەحمەدی تاجانی.
٩-تفسير الخازن، محمد الصوفي.
١٠-الاكراد و الوثنية، عبيدالله الحيدري.
١١-فجر الاسلام، محمد أمين مصري.
١٢-إثبات الوطنية، أبوكلام آزاد.
١٣-التحفة، الشيخ إبن الحجر الهيتي.
١٤-مروج الذهب، مسعودی.
١٥-فتح العراق، واقدی.
١٦-دبستان المذاهب، أبوكلام آزاد.
١٧-الاكراد، مامۆستا مەلا عەلی قەرەحەسەنی.
١٨-تأريخ العالم، محمد قاسم محمد.
١٩-تأريخ بنی إسرائيل.
٢٠-نخبة الأزهرية.
٢١-نزهة المجالس.
٢٢-تاريخ إبن الأثير.
٢٣-تأريخ إحسان نوري.
٢٤-علي بن أبی طالب.
٢٥-افلاطون اليوناني.
٢٦-ارسطو اليوناني.
٢٧-بلينوس اليوناني.
٢٨-تأريخ الألمان.
٢٩-تأريخ البلجيكا.
٣٠-مستر هولد.

دانراوەکانی نووسەر

-شەوی ڕووناک: میعراجنامەی پێغەمبەر، لەساڵی ١٩٥٢ لەچاپخانەی تەرەقی لەکەرکوک چاپکراوە، تا ئێستا (١٨) جار چاپکراوەتەوە.

-گوڵشەن: فەرهەنگی کوردی-فارسی-عەرەبی، مەکتەبی شانۆ لەسلێمانی ساڵی (١٩٥٠) چاپیکردووە.

-شەوێك لەگەڵ خەیام: فەلسەفەی لاهوتە بەهۆنراوە، لەساڵی (١٩٧١)، لەچاپخانەی ئەسعەد لەبەغدا چاپکراوە.

-کەڵەمێردی خۆشناو: لەساڵی (١٩٨٣) لەچاپخانەی سەرکەوتن لەسلێمانی چاپکراوە.

وەرگێڕدراوەکانی نووسەر

-شەڕی کێوی ئوحد: لەزمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە بۆ کوردی بەهۆنراوە، لەساڵی (١٩٥٠) لەچاپخانەی تەرەقی لەکەرکوک چاپکراوە.

-یوسف و زولەیخا: لەزمانی فارسی کراوە بەکوردی لەساڵی (١٩٥٤) لەچاپخانەی تەرەقی لەکەرکوک چاپکراوە.

-خەونامەی کوردی: لەعەرەبییەوە کراوە بەکوردی، لەساڵی (١٩٦٤) مەکتەبی شانۆ لەسلێمانی چاپیکردووە، تا ئێستا (٣) جار چاپکراوە.

-چیرۆکی شێخی سەنعان: لەفارسییەوە کراوە بەکوردی بەهۆنراوە، لەچاپخانەی تەرەقی لەکەرکوک چاپکراوە لەساڵی (١٩٥٦).

چاپنەکراوەکان

-فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی.

-سورمەخان بەهۆنراوە.

-کورد چۆن ئەگات بەئازادی.

-زانایانی کورد لەهۆزی حەیدەرییەکان.

-کۆکردنەوەی ژنی لێهاتووی کورد بەناوی (باغی ئاوات).

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

عەبدولسەلام محەمەد حەیدەری

ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی بیتواتەی خۆشناوەتی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.

سەرەتای خوێندنی لەلای مەلا محەمەدی باوکی بووە.

ساڵی ١٩٤٤ چۆتە ئێران لەلای مامۆستا مەلا ساڵح پادینی بڕوانامەی خوێندنی وەرگرتووە.

هەر لەهەمان ساڵدا بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك).

لە دروست بوونی کۆماری مهاباددا نووسەری پرسگەی پێشەوا (قازی محەمەد) بووە.

ساڵی ١٩٤٧ چۆتە یەکێتی سۆڤێت.

ساڵی ١٩٤٨ گەڕاوەتەوە نیشتمان.

خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەی بڵاوکراوەیە.

جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری بەباشی دەزانێت.

ئێستا لە گوندی دواوەی خۆشناوەتی ژیان بەسەر دەبات.



ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك